پوختەی نوێژ

پێشکەشە

به هەموو ئەو فێرخوازە بەڕێزانەی

کە شەیدای فێربوون وزانینی

زانستی شەرعین.

بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللّٰهِ مِنْ شُرُورِ أنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أعْمَالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أنْ لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله وَأَشهَدُ أنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا * يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا

أمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كِتابُ اللهِ، وَخَيرَ الهَدِي هَدْيُ مُحَمَّدٍ صَلَى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَمَ

وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ.

باسی یەکەم
گرنگی نوێژو
حوکمی نوێژنەکەر

بابەتی یەکەم
گرنگی نوێژ (أهمية الصَّلاة)

نوێژ: نوێژ زاراوەیەکی کوردیە کە بەرامبەر (الصَّلاَةَ) ی عەرەبی دانراوە. (الصَّلاَةَ) لە زمانەوانی عارەبیدا بە مانای دوعا بۆ کردن و نزاو پاڕانەوەیە، خوای گەورە بەو مانایە دەفەرموێ: (وَصَلِّ عَلَيْهِمْ إِنَّ صَلاتَكَ سَكَنٌ لَّهُمْ) التوبة /١٠٣ واتە: دوعایان بۆ بکەو بۆیان بپاڕێرەوە چونکە دوعاو پاڕانەوەکەی تۆ سوکناییان دەدات..

نوێژ لە هەردوو زمانەکەدا لە رووی شەرعییەوە: بریتیە لە پەرستنی خوای گەورە بە چەند مەرجێك و بە چەند گوفتارو رەفتارێك کە بە تەکبیرەی ئیحرام[١] دەست پێ دەکەن و بە سەلام دانەوە کۆتاییان پێ دێت، ئەمە لەگەڵ نییەت هێناندا دەبن..

پلەو پایەی نوێژ: نوێژ لە دوای شایەتمان (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه و أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً رَسولُ اللّٰهِ) گەورەترین و گرنگترین سیمای ئیسلامەتیە، یەکێکە لە روکنەکانی ئیسلام، پایەی هەرە سەرەکی ئیسلامە، ئەوی جێبەجێی ناکات ئەو پایە سەرەکیەی بەسەر خۆیدا رماندووە! ئیبنو عومەر خوا لێیان رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (بُنِيَ الإِسْلاَمُ عَلَى خَمْسٍ شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه وَأَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلاَةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ وَالْحَجِّ وَصَوْمِ رَمَضَانَ)[٢] واتە: ئیسلام لەسەر پێنج پایە دامەزراوە: شایەتیدان کە تەنها الله خوایەو شایانی پەرستنە، وە شایەتی دان کە محمد صَلَّى

---

[١] تەکبیرەی ئیحرام: واتە: ووتنی الله اکبر لە سەرەتای دەسپێکردنی نوێژەکە..
[٢] بوخاری (٨)، موسلیم (١٦).

اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نێرراوی خوای گەورەیە، هەروەها نوێژکردن و زەکات دان و ڕۆژوو گرتن و حەج کردن ..

هەروەها ئیسلام زۆر دژی نوێژنەکەر وەستاوەتەوە، تەنانەت پێغەمبەری بەبەزەیی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی نوێژنەکەر فەرموویەتی: (إِنَّ بَيْنَ الرَّجُلِ وَبَيْنَ الشِّرْكِ والكُفْرِ تَرْكُ الصَّلاةِ)[٣] واتە: لە نێوان کابراو شیرك و کوفردا هەر وەل کردنی نوێژەکان هەیە.. هەر کەسێك نوێژەکانی وازلێهێنا ئەوە چۆتە ڕیزی موشریکان و کافران.. بۆیە لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێ: (العَهْدُ الذي بَينَنَا و بَينَهُمْ الصَّلاةُ، فَمَنْ تَرَكَهَا فَقَدْ كَفَرَ).[٤] واتە: ئەو پەیمانەی نێوان ئێمەو ئەوان نوێژە، هەر کەسێك نوێژی واز لێ هێنا ئەوە کافرە. وەنوێژ کۆڵەکەی دینە، بەو نەبێت دینەکە ڕاناگیرێت.

عبداللەی کوڕی شەقیق کە یەکێکە لە پێشەوایانی تابعین و قوتابیانی یاوەرانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: یاوەران هیچ شتێکیان وەکو وازلێهێنانی نوێژ بە کوفر نەدەزانی..[٥]

نوێژ یەکەمین فەرمانێکە کە خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا موسوڵمانی لەسەر موحاسەبە دەکات.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (أَوَّلُ مَا يُحَاسَبُ بِهِ الْعَبْدُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ الصَلَاةُ، فَإِنْ صَلَحَتْ فَقَدْ أَفْلَحَ وَنَجَحَ، وَإِنْ فَسَدَتْ فَقَدْ خَابَ وَخَسِرَ).[٦] واتە: یەکەم شت لە ڕۆژی قیامەتدا عەبدی لەسەر موحاسەبە دەکرێت نوێژە، ئەگەر نوێژەکانی باش بوون، ئەوە هەموو کارو کردەوەکانی تریشی باش دەبن، ئەگەر نوێژەکانی خراپ بوون، ئەوە داماوو هەناسەساردەو زیانی لێ کەوتووە..

---

[٣] موسلیم (٩٨٧)، ئەبو داوود (١٦٥٨) نەسائی (٢٣١/١).

[٤] ترمذي (٢٦٢١)، نەسائی (٢٣١)، ئیبنوماجة (١٠٧٩)..

[٥] ترمذي گێڕاوێتیەوە (٢٦٢٢).

[٦] ترمذي (السنن ٤١٣)، نەسائی (السنن ٤٦٦). شێخی ئەلبانی لە صحيح سنن الترمذي (٤١٣) بە سەحیحی داناوە.

- نوێژ هەندێك سیفەت و ئیمتیازی تایبەتی هەیە کە لە خواپەرستیەکانی تردا نین.. وەکو:

أ- نوێژ خوای گەورە خۆی لە شەوی میعراجدا لەسەر پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ئوممەتەکەی فەرزی کردووە.

ب - نوێژ لە هەموو فەرزێکی تر زیاتر لە قورئاندا باس کراوە.

ج- نوێژ یەکەمین خواپەرستی بوو کە لەسەر موسوڵمانان فەرز کرا.

د- نوێژ فەرزێکە دەبێت لە شەوو ڕۆژێکدا پێنج جار بکرێت، هیچ خواپەرستیەکی تر وا نیە..

* * *

نوێژ دوو بەشە: نوێژی فەرزو نوێژی سووننەت

- یەکەم: نوێژی فەرز: ئەو نوێژەیە ئەگەر موسوڵمانێك بە ئەنقەست نەیکرد ئەوە لەسەری تاوانبار دەبێت، چونکە سەرپێچی فەرمانی خوای گەورەی تێدا کردووە.. ئەمیش دوو جۆرە:

* نوێژی فەرزی عەین: ئەو نوێژەیە کە لەسەرتاك تاکی موسوڵمانی باڵغ وژیر فەرزە، نێرینە بێت یا مێیینە، سەربەست بێت یا کۆیلە.. کەس بۆی نیە لە بری کەسی تر بیکات.. وەکو پێنج نوێژ فەرزەکە.

* نوێژی فەرزی کیفایە: ئەو نوێژەیە کە ئەگەر هەندێك موسوڵمان کردیان فەرزێتیەکەی لەسەر موسوڵمانانی تر لا دەچێت، وەکو نوێژی جەنازە (نوێژی سەر مردوو).

- دووەم: نوێژی سووننەت: ئەو نوێژەیە کە ئەوی وازی لێ هێناوەو نەیکردووە گوناحبار نەبووە پێی، وەکو سووننەتی راتبەی پێش و پاشی نوێژە فەرزەکان یان نوێژی وتر.. بەڵام باشتروایە بکرێن نەك نەکرێن.. باسی ئەمانە دواتر بە تەفسیل دەکرێت إن شاء الله..

* * *

بابەتی دووەم
حوکمی نوێژنەکەر

نوێژنەکەر دوو حاڵەتی هەیە، یان لەبەرئەوە وازی لە نوێژەکانی هێناوە چونکە باوەڕی بە فەرزێتی نوێژ نیەو نکووڵی لێ دەکات، یان باوەڕی بە فەرزێتی نوێژ هەیە بەڵام لەبەرتەمبەڵی نایانکات..

ئەو کەسەی لەبەر نکووڵی لە فەرزێتی نوێژ، نوێژ ناکات: ئەمە تەماشای حاڵی دەکرێت: ئەگەر لە ناو موسوڵماناندا گەورە بووبوو ئەوە بە کۆڕای زانایان و شەرعناسان کافرەو لە دین هەڵگەڕاوەیە. مەگەر نەوموسوڵمان بێت یان لە شوێنێك دوور لە موسوڵمانان گەورە بووبێت کە دەشیا پەی بەو حوکمە شەرعیە نەبردبێت و بۆی روون نەبووبێتەوە کە نوێژکردن فەرزە، ئەوە بە مورتەدد دانانرێت، بەڵکو دەبێت بۆی روون بکرێتەوەو بۆی بسەلمێنرێت کە نوێژ فەرزەو نکوڵی لێکردنی پاشگەزبوونەوەیە لە دین، پاش ئەوە ئەگەر نکووڵی لێکردەوەو ووتی کە بە فەرزی نازانێت ئیتر حوکمی مورتەدد دەیگرێتەوە.

ئەو کەسەی لەبەر تەمبەڵی نوێژ ناکات: زانایان لەوەدا راکۆکن کە هەر کەس نوێژە فەرزەکانی نەکردو بە بێ هەبوونی هەنجەتی شەرعی وەلی کردن (وازی لێهێنان)، گوناحی گەورەی خستۆتە گەردنی خۆی، چونکە یەکێك لە هەرە گەورەترین تاوانی ئەنجامداوە کە نەکردنی نوێژە کە لە تاوانی قەتڵ و دزی و زیناو شەراب خواردنەوە خراپترە! شایانی سزای سەختی خوایەو ئەگەر هەر وا بەردەوام بێت، دەکەوێتە بەر غەزەبی خوا..[٧] <u>بۆیە من پێم وایە: ئەو کەسەی لەبەر تەمبەڵی و سستی و مەشغەڵەتی دنیایی نوێژەکانی ناکات هەر موسوڵمان دەمێنێت بە مەرجێك باوەڕی بە فەرزێتی نوێژەکان مابێت.. والله اعلم.</u>

---

[٧] ابن القيم الجوزية: الصلاة وحكم تاركها (ل٦)..

حوکمی دنیایی نوێژنەکەر

نوێژنەکەر فاسقەو لە دین و ئوممەت نەچۆتە دەرەوە، نوێژنەکەر وەکو هەر تاوانبارێکی ترە، وەکو ئەوەیە کە قەتڵی کردووە، یان زینای کردووە، یان دزی کردووە، سزای خۆی وەردەگرێت و پێی پاك دەبێتەوە.. حوکمی ئیسلامەتیەکەشی هەر دەمێنێت.. ئەم شەرعناسە بەڕێزانە لە ناو خۆیاندا لەسەر جۆری سزاو چۆنیەتی راپەڕاندنی حوکمی نوێژنەکەر راجوێن: هەندێکیان پێیان وایە بە پێی سزا دەکوژرێت و هەندێکی تر لایان وایە تەمێ دەکرێت، وەیان زیندانی دەکرێت تا تۆبە دەکات.

* * *

نوێژ لەسەر کێ فەرزە؟

نوێژ لەسەر هەموو کەسێکی ژیری باڵغ فەرزە، نێرینە بێت یان مێیینە، سەربەست بێت یان کۆیلە..

١- ژیریی: مەرجە، نوێژ لەسەر شێت فەرز نیە، پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (رُفِعَ الْقَلَمُ عَنْ ثَلَاثٍ: عَنْ النَّائِمِ حَتَّى يَسْتَيْقِظَ وَعَنْ الصَّبِيِّ حَتَّى يَحْتَلِمَ وَعَنْ الْمَجْنُونِ حَتَّى يَعْقِلَ).[٨] واتە: حوکمی شەرع سێ پۆلە خەڵکی نایانگرێتەوە: خەوتوو تا وەخەبەر دێت، منداڵ تا باڵغ دەبێت (نیشانەکەی ئەوەیە کە جەنابەت دەبێت)، شێتیش تا ژیر دەبێتەوە. هەر کەسێك بەهۆی شتێکی تایبەتەوە هۆشی نەما، وەکو: بورانەوەی نەخۆشیەك، یان خواردنەوەی دەرمانێك کە بێ هۆشی کردووە، ئەگەر هۆشی هاتەوەو نوێژی چووبوون دەبێت بیانگێڕێتەوە..

[٨] ئەبو داوود (٤٣٩٨)، نەسائی (٤٥٦/٦)، ئیبن ماجة (٢٠٤١) غەیری ئەمانیش، هەموو بە سەحیحیان ناساندووە..

ئەوی شەرابی خواردۆتەوەو سەرخۆش بووە، بێ گومان نوێژی لەسەر نیە، چونکە ئەمیان ئایەتی قورئان دەیگرێتەوە کە دەفەرموێ: (وَلاَ تَقْرَبُواْ الصَّلاَةَ وَأَنتُمْ سُكَارَى حَتَّىَ تَعْلَمُواْ مَا تَقُولُونَ) النساء/٤٣ واتە: توخنی نوێژ مەکەونەوە لەوکاتانەدا کە سەرخۆشن، تا بزانن چی دەڵێن.. بەڵام کە بەریداو هۆشی هاتەوە دەبێت نوێژەکانی بکاتەوە.. هەروەها ئەوکەسەی بە هۆی خەوتن یان بیرچوونەوەوە نوێژەکەی دەچێت، دەبێت کە هەستا یان کە بیری کەوتەوە دەسبەجێ بیکات. چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (اذَا نَسِيَ أحَدُكُمْ صَلَاةً أو نَامَ عَنْها فَلْيُصَلِّهَا إذَا ذَكَرَهَا)[٩] (وَإِذَا اسْتَيْقَظَ). واتە: هەر کەسێکتان نوێژێکی بیرچوو، یان لە کاتیدا خەوی لێ کەوت، با ئەو کاتەی بیری دەکەوێتەوە بیکات، خەوتووش ئەوکاتەی کە خەبەری دەبێتەوە.

٢- باڵغ بوون: ئەمیشیان بە رای هەموو شەرعناسان مەرجە، بۆیە نوێژ لەسەر منداڵ فەرز نابێت تا گەورە (باڵغ) دەبێت . چونکە فەرموودەکەی پێشتر هێنامانەوە بە راشکاوی دەفەرموێت: (وَعَنْ الصَّبِيِّ حَتَّى يَحْتَلِمَ). لەسەر منداڵ فەرز نیە تا نەگاتە قۆناغی شەیتانی بوون..

شەرعناسان دەفەرموون: نوێژ لەسەر کافری ئەسڵی فەرز نیە..[١٠]

[٩] موسلیم (٦٨٤) زیادەکەش سەحیحیە لە عبدالرزاق: المصنف (٥٠٩) وەرگیراوە..
[١٠] الخطيب الشربيني: مغني المحتاج (١٣٠/١)، البهوتي: كشاف القناع (٢٢٢/١) .

چەند نوێژ فەرزە؟

لە شەوو رۆژێکدا پێنج نوێژ فەرزن: نیوەڕۆ، عەسر، شێوان، خەوتنان، سپێدەی بەیانی..

بەڵگەی فەرزێتی ئەم نوێژانە وا لە قورئان و فەرموودەو کۆڕا (ئیجماع) ی شەرعناساندا.. فەرزێتی ئەم نوێژانە بەڵگەنەوویستی ئیسلامەتین، بۆیە هەر کەسێك نکووڵییان لێ بکات یان بە فەرز یان نەزانێت پێی کافردەبێت:[11]

تەڵحەی کوڕی عوبەیدوالله خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.... فَإِذَا هُوَ يَسْأَلُ عَنْ الْإِسْلَامِ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خَمْسُ صَلَوَاتٍ فِي الْيَوْمِ وَاللَّيْلَةِ فَقَالَ هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهَا قَالَ لَا إِلَّا أَنْ تَطَوَّعَ)[12] واتە: ئەعرابیەك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و لە ئیسلامەتی پرسی پێغەمبەری خوا فەرمووی: لە شەووڕۆژێکدا پێنج نوێژن، پرسی: هی ترم لەسەرە؟! فەرمووی: نا مەگەر خۆت زیاتری بکەیت.. هەروەها ئەنەسی کوڕی مالیك خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (فُرِضَتْ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَيْلَةَ أُسْرِيَ بِهِ الصَّلَوَاتُ خَمْسِينَ ثُمَّ نُقِصَتْ حَتَّى جُعِلَتْ خَمْسًا ثُمَّ نُودِيَ يَا مُحَمَّدُ إِنَّهُ لَا يُبَدَّلُ الْقَوْلُ لَدَيَّ وَإِنَّ لَكَ بِهَذِهِ الْخَمْسِ خَمْسِينَ)[13] واتە: شەوی ئیسرا نوێژەکان لەسەرپێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە فەرز کران، پەنجا نوێژبوون، پاشان کەم کرانەوە بۆ پێنج، ئینجا لە لای خوای گەورەوە قاسیدێك[14] هاواری کرد: هۆ موحەممەد، قسەی لای من گۆڕانی بەسەردا نایات، تۆش بە کردنی ئەم پێنج نوێژە پاداشتی پەنجا نوێژت هەیە..

نوێژی فەرز چەند رکاتە؟

---

[11] **البدائع (٩١/١)، الفواكه الدواني (١٩٢/١)، مغني المحتاج (١٢١/١)، المغني (٣٧٠/١).**

[12] **بوخاری (٤٦)، موسلیم (١٦٢).**

[13] **بوخاري (٣٤٩)، موسلیم (١٦٢).**

[14] **ئەوی هاواری شتێك دەکات .**

ئیبنول مونزیر دەفەرموێ: ئەهلی زانست و شەرعناسیی رایان لەسەر ئەوە جەمە کە نوێژی نیوەڕۆ چوار رکاتەو بە ئەسپایی (دەنگی نزم) قورئانی تێدا دەخوێندرێت، دوو دانیشتنی تێدایە، هەردوو رکات دانیشتنێکی بۆ تەحیات خوێندن تێدایە.. ژمارەی رکاتەکانی نوێژی عەسریش چوار رکاتەو وەکو نوێژی نیوەڕۆ دەکرێن، نابێت دەنگیان تێدا بەرز کرێتەوە، لەمیشدا دوو دانیشتن هەیە، هەردوو رکات دانیشتنێکی بۆ تەحیات خوێندن تێدایە.. ژمارەی رکاتی فەرزی نوێژی شێوان (مەغریب) سێ رکاتە: دوو رکاتی یەکەم بەدەنگی بەرز قورئانیان تێدا دەخوێندرێت، سێیەمیان بە بێ دەنگ، لە دوو رکاتی یەکەمدا دانیشتنێکی تێدایەو لە رکاتی کۆتاییشدا دانیشتنێك.. ژمارەی رکاتەکانی نوێژی خەوتنان (عیشا) چواررکاتەو، دەبێت قورئان خوێندن لە دوو رکاتی یەکەمدا بە دەنگیان بەرز بێت، لە دوانەکەی تریاندا بێ دەنگ دەخوێندرێت، لەمیشدا دوو دانیشتن هەیە، هەردوو رکات دانیشتنێکی بۆ تەحیات خوێندن تێدایە.. ژمارەی رکاتی فەرزی بەیانی (سپێدە: فەجر) دوو رکاتە: لە هەردوو رکاتەکەدا قورئان بەدەنگی بەرز دەخوێندرێت، دانیشتنێکی بۆ تەحیات خوێندن تێدایە.. ئەمە لەسەر نیشتەجێ فەرزە، ئەمما گەشتیار، ئەوە لە هەر نوێژێکدا دوو رکاتی لەسەر فەرز دەمێنێت . جگە لە نوێژی شێوان . کە وەکو موسوڵمانی نیشتەجێ دەبێت هەر سێ رکاتەکەی بکات..[١٥]

* * *

[١٥] ابن المنذر: الاوسط (٣١٨/٢).

(خاوەن نوێژە هەڵەکە)

فەرموودەی (المُسِئُ صَلاتَهُ) واتە: خاوەن نوێژەهەڵەکە بەناوبانگە، بە درێژایی باسی نوێژ پێوویستمان بە پشت پێ بەستن و بیرخستنەوەی دەبێت، بۆیە باشتروایە ئەم ریوایەتەمان لەبەردەستدا بێت، تا کە پێویستمان بوو ئاماژە بە ژمارەی پەڕاوێزەکەی بکەین..

(أَنَّ رَجُلاً دَخَلَ الْمَسْجِدَ يُصَلِّي، وَرَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي نَاحِيَةِ الْمَسْجِدِ، فَجَاءَ فَسَلَّمَ عَلَيهِ، فَقَالَ لَهُ: وَعَلَيْكَ السَّلامُ، ارْجِعْ فَصَلِّ فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ،فَرَجَعَ فَصَلَّى، ثُمَّ سَلَّمَ، فَقَالَ: وَعَلَيْكَ السَّلامُ، ارْجِعْ فَصَلِّ فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ فَقَالَ فِي الثَّالِثَةِ: فَعَلِّمْنِي، قال: إِذَا قُمْتَ الَى الصَّلاةِ فَأَسْبِغْ الوُضُوءَ، ثُمَّ اسْتَقْبِلْ الْقِبْلَةَ، فَكَبِّرْواقْرَأْ مَا تَيَسَّرَ مَعَكَ مِنْ الْقُرْآنِ، ثُمَّ ارْكَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ رَاكِعَاً ثُمَّ ارْفَعْ رَأْسَكَ حَتَّى تَعْتَدِلَ قَائِمَاً، ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِدَاً، ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَسْتَوِيَ وَتَطْمَئِنَّ جَالِسَاً، ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِدَاً ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَسْتَوِيَ قَائِمَاً ثُمَّ افْعَلْ ذَلِكَ فِي صَلاتِكَ كُلِّهَا).[١٦]

واتە: کابرایەك هاتە مزگەوتەوەو نوێژی دابەست، پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە کەناری مزگەوتەکەدا بوو،دوای تەواوبوونی نوێژەکەی هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و سەلامی لێ کرد،پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: وە علیك السلام، بگەڕێرەوە نوێژەکەت بکە، چونکە تۆ نوێژت نەکرد.. ئەویش گەڕایەوەو نوێژەکەی کردەوە، پاشان هاتەوە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و سەلامی لێ کردەوە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەوە: وە علیك السلام،بگەڕێرەوە نوێژەکەت بکە،چونکە تۆ نوێژت نەکرد .. لە سێیەمین جاردا کابرا فەرمووی: دەی سا فێرم کە،پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: کە هەستایت بۆ نوێژ،دەسنوێژت بە چاکی بگرە،پاشان روو بکەرە قیبلەو تەکبیرەی ئیحرام

[١٦] بوخاری (١١/٣١، ٤٦٧)، موسلیم (٢/١٠) ئیبنوماجة (١/٣٢٧)، بەیهیقی (٢/١٥، ٣٧٢).

بکەو نوێژ دابەستە، پاشان لەو قورئانەی لەبەرتە چەندت بۆ ئاسان بوو بیخوێنە، پاشان بچۆرە رکووع و بمێنەرەوە تا جەستەت دەسرەوێت و ئۆقرە دەگریت، پاشان هەستەرەوە سەر پێیان و رێك و راست راوەستە تا جەستەت دەسرەوێت و ئۆقرە دەگریت، پاشان بچۆرە سوجدەو بمێنەرەوە تا جەستەت دەسرەوێت و ئۆقرە دەگریت، ئینجا سەرت بەرز کەرەوەو دانیشە، ئاواش بمێنەرەوە تا جەستەت دەسرەوێت و ئۆقرە دەگریت، پاشان بچۆرەوە بۆ سوجدەو بمێنەرەوە تا جەستەت دەسرەوێت و ئۆقرە دەگریت، پاشان هەستەرەوە سەرپێ و راوەستەوە، لە هەموو نوێژەکانتدا ئاوا بکە..

باسی دووەم
مەرجەکانی دروستی نوێژ

مەرج ئەوەیە کە بە نەبوونی (مەرج بۆکراو)یش نابێت، بەڵام هەبوونی مەرج، نابێتە بەڵگەی هەبوون یان نەبوونی مەرج بۆ کراو.. بۆ نموونە: نەبوونی دەسنوێژ دەبێتە هۆی نەبوونی نوێژ، بەڵام هەبوونی دەسنوێژ نابێتە هۆی هەبوونی نوێژ.. چونکە لەوانەیە دەسنوێژەکە بۆ تەواف کردن گیرابێت..

مەرجی یەکەم هاتنی کاتی نوێژەکەیە، پێش باس کردنی ئەم مەرجە پێویستە سەرەتاو کۆتایی کاتەکان روون بکرێنەوە:

مەرجی یەکەم
لە کاتی خۆیدا بێت

باسی یەکەم
کاتی نوێژەکان

مەرجی یەکەم زانینی هاتن و مانی کاتی نوێژەکەیە.. ئەمە مەرجە، چونکە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: (إِنَّ الصَّلاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا) النساء/١٠٣ واتە: نوێژ کردن بە گوێرەی کاتی دیاریکراو لەسەر موسوڵمانان فەرزە.. هەروەها سووننەتی پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سەرەتاو کۆتایی کاتی هەر یەکێك لە پێنج فەرزەکەی نوێژی بۆ موسوڵمانان روون کردۆتەوە.. نوێژیش خواپەرستیەکە کە دەبێت لە کاتێکی دیاری کراودا بکرێت، بە کۆڕای شەرعناسان ناشێت پێش هاتنی کاتەکەی بکرێت، بە بۆچوونی هەندێك لە شەرعناسان نابێت دوای تەواو بوونی کاتەکەی بکرێت.

موسوڵمانان لەسەرئەوە رێکن کە کاتەکانی نوێژی فەرز پێنج کاتی دیاری کراون، بەڵگەی سەرەتاییان ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە تێیدا فەرموویەتی:(إِنَّ الصَّلاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا) النساء/١٠٣ واتە: نوێژ کردن بە گوێرەی کاتی دیاری کراو لەسەر موسوڵمانان فەرزە.. ئەمەش روون کردنەوەی چۆنیەتی دیاری کردنی کاتەکانیان:

یەکەم: نوێژی نیوەڕۆ:

دیارە لە کوردیدا یەعنی نیوەی ڕۆژ، پیرەکانی باشووری کوردستان دەڵێن زەوال، کە عارەبیەو یەعنی لار بوونەوەی خۆر لە ناوەندی ئاسمانەوە بەرەو خۆرئاوابوونی خۆی.. کەوابوو سەرەتای دەسپێکی کاتی نوێژی نیوەڕۆ ئەو ساتەیە کە خۆر لە ناوەندی ئاسمانەوە بەرەو خۆرئاوا بوون چووە..[١٧] نیوەڕۆ یەکەمین نوێژە، لەبەر ئەوەی یەکەمین نوێژ بوو کە جوبرەئیل هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

دەسپێکی کاتی نیوەڕۆ: لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە خۆر لە چەقی ناوەندی ئاسمانەوە بەرەو خۆرئاوابوون لار دەبێتەوە.. ئەمە کۆڕای شەرعناسانی لەسەرە چونکە فەرموودەی پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەسەرە، وەك فەرموودەکەی پێشووی ئەبوبەرزەو فەرموودەکەی عبداللەی کوڕی عەمر خوا لێیان ڕازی بێت کە دەفەرمویٚ: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (وَقْتُ الظُّهْرِ إِذَا زَالَتِ الشَّمْسُ، وَكَانَ ظِلُّ الرَّجُلِ كَطُولِهِ، مَا لَمْ يَحْضُرِ الْعَصْرُ، وَوَقْتُ الْعَصْرِ مَا لَمْ تَصْفَرَّ الشَّمْسُ، وَوَقْتُ صَلَاةِ الْمَغْرِبِ مَا لَمْ يَغِبِ الشَّفَقُ، وَوَقْتُ صَلَاةِ الْعِشَاءِ إِلَى نِصْفِ اللَّيْلِ الأَوْسَطِ، وَوَقْتُ صَلَاةِ الصُّبْحِ مِنْ طُلُوعِ الْفَجْرِ مَا لَمْ تَطْلُعِ الشَّمْسُ، فَإِذَا طَلَعَتِ الشَّمْسُ فَأَمْسِكْ عَنِ الصَّلَاةِ؟ فَإِنَّهَا بَيْنَ قَرْنَيِ الشَّيْطَانِ)[١٨] واتە: کاتی نیوەڕۆ لەو ساتەوەیە کە خۆر لار دەبێتەوە، تا ئەو ساتەی سێبەری کابرا بەقەدەر باڵای خۆی لێ دێت، پێش ئەوەی عەسر دابێت.. کاتی عەسریش تائەو کاتەیە کە خۆر زەرد نەبووە.. کاتی نوێژی شێوان تا پێش دیار نەمانی شەفەقە (زەردایيەکەی کەناری ئاسمان).. کاتی نوێژی خەوتنان (عیشا) تا نیوەی ناوەندی شەوە.. کاتی نوێژی بەیانی لە دەرکەوتنی سپێدەوەیە تا خۆر هەڵدێت، کە خۆر هەڵهات هیچ نوێژێك لەو ساتەدا مەکە چونکە لەو ساتەدا خۆر وا لە نێوان دوو قۆچی شەیتاندا..

---

[١٧] النووي: المجموع (٢٤/٣)، ابن قدامة: المغني (٣٧٢/١).

[١٨] موسلیم (٦١٢).

کۆتایی کاتی نیوەڕۆ: کە سێبەری شتێك بەقەدەر باڵای خۆی دەبێت کۆتایی نوێژی نیوەڕۆو سەرەتای کاتی نوێژی عەسرە، واتە لەو کاتەدا دەشێت بواری چوار رکات نوێژ بۆ هەردوو نوێژەکە حسێب بکرێت.. بۆ نموونە کەسێك نوێژی نیوەڕۆی نەکردووەو گەیشتۆتە ئەو ساتە، دەکرێت پێی بوترێت خێرا نوێژەکەت بکە، کە سەلامی دایەوە دەتوانێت نوێژی عەسرەکەشی بکات..

ئێستا دیاری کردنی کاتی نوێژەکان لە هەموو جیهاندا ئاسان بووە، لە هەموو شارو وڵاتێك دەتوانیت ساتی خۆر هەڵهاتن و ساتی خۆر ئاوا بوون دیاری بکەیت، بۆیە ئاسان دەتوانیت پێش خۆر هەڵهاتن بە سەعات و نیوێك بکەیتە دەسپێکی نوێژی بەیانی و سەعات و نیوێك پاش خۆرئاوابوون بکەیتە نوێژی خەوتنان (عیشا).. بۆ نیوەڕۆش دەتوانیت ناوەندی ساتەوەختی خۆرهەڵهاتن و خۆرئاوابوونەکە دیاری بکەیت و بڵێیت ئەمە نیوەڕۆیە، لەو ساتی نیوەڕۆیەشەوە تا خۆرئاوابوونەکە دەکرێت بکەیت بە دوو بەشی ترەوە (وەك ئەوەیە کە رۆژەکەت کردبێت بە چوار بەشەوە) سەرەتای بەشی دووەمیان (چوارەمین چارەکی رۆژەکە) بکەیتە سەرەتای کاتی نوێژی عەسر..

- سوونەتە ئەگەر هەوا خۆش بوو زوو نوێژی نیوەڕۆ بکرێت، ئەگەر گەرما بوو دوا بخرێت، چونکە سەیدنا جابری کوڕی عبدالله خوا لێیان رازی بێت دەفەرمویَ: (كانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ إذَا اشْتَدَّ الْبَرْدُ بَكَّرَ بِالصَّلَاةِ، وَإِذَا اشْتَدَّ الْحَرُّ أَبْرَدَ بِالصَّلاةِ).[١٩] واتە: ئەو کاتانەی کە دنیا فێنك دەبوو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نوێژی نیوەڕۆکەی زوو دەکرد، ئەو کاتانەش کە گەرم دەبوو نوێژی نیوەڕۆی دواتر دەخست..

دووەم: نوێژی عەسر:

[١٩] بوخاری (٥٣٤)، موسلیم (٦١٥).

ئەو ماوەکاتەیە کە نیوەی دووەمی نێوان نیوەڕۆو خۆرئاوابوونە، کە کۆتا ساتەکانی ڕۆژە، نوێژی عەسریش لەم کاتەدا فەرزە، نوێژەکەش بە ناوی کاتەکەوەیەو پێی دەوترێت: نوێژی عەسر.. نوێژی ناوەند (صلاةُ الوُسْطَى) یشی پێ دەوترێت .

دەسپێکی کاتی عەسر: سەرەتای دەسپێکی کاتی نوێژی عەسر ئەو کاتەیە کە سێبەری هەموو شتێك لەقەدەربالآی خۆی زیاتر بووە..

کۆتایی کاتی عەسر:
- فەرموودە مەوقووفەکەی سەیدنا عبداللەی کوڕی عەمر خوا لێی رازی بێت (وَوَقْتُ الْعَصْرِ مَا لَمْ تَصْفَرَّ الشَّمْسُ)[٢٠] واتە: کاتی عەسریش تا ئەو کاتەیە کە خۆر زەرد نەبووە.. ئەمەش بۆچوونی ئیمامی ئەحمەدو ئەبوسەورو ریوایەتێکی ئیمامی مالیکە.[٢١]
- سەیدنا ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (مَنْ أَدْرَكَ رَكْعَةً مِنْ الْعَصْرِ قَبْلَ أَنْ تَغْرِبَ الشَّمْسُ فَقَدْ أدْرَكَ الْعَصْرَ)[٢٢] واتە: هەر کەسێك پێش خۆر ئاوابوون فریای رکاتێکی نوێژی عەسر بکەوێت، ئەوە بە تەئکید فریای هەموو نوێژی عەسرەکەی کەوتووە.. ئیمامی ئیسحاق و ئەهلی زاهیر دەفەرموون: کۆتا کاتی عەسر پێش خۆرئاوابوونە بە رکاتێك..[٢٣]

لەو فەرموودانەی لەسەر دیاری کردنی کاتەکانی نوێژ گێڕراونەتەوە دەردەکەوێت کە فەرموودەکەی سەیدنا ئیبنو عەمر بۆ جائیزێتی دواخستنی نوێژەو فەرموودەکەی سەیدنا ئەبو هورەیرە بۆ کاتی ناچارییە.. چونکە دواخستنی نوێژی عەسر بۆ درەنگانی کات شتێکی ناپەسەندە.. سەیدنا ئەنەسی کوڕی مالیك خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: گوێم لێبوو کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (تِلْكَ صَلاةُ الْمُنَافِقِ

[٢٠] موسلیم (٦١٢).
[٢١] بداية المجتهد (١/١٢٦)، ابن قدامة: المغني (١/٣٧٦)، ابن المنذر: الأوسط (٢/٣٢١).
[٢٢] بوخاری (٥٧٩)، موسلیم (١٦٣، ٦٠٨).
[٢٣] ابن رشد: بداية المجتهد (١/١٢٦)، الأوسط (٢/٣٣٢).

يَجْلِسُ يَرْقُبُ الشَّمْسَ حَتَّى إِذَا كَانَتْ بَينَ قَرْنَي الشَّيطانِ قَامَ فَنَقَرَهَا أَرْبَعاً لا يَذْكُرِ اللهَ فِيهَا إِلَّا قَليلاً)[٢٤] واتە: ئەوە نوێژی دووڕووە، کە دادەنیشێت و موراقەبەی خۆر دەکات، تا ئەو ساتەی وا ئیتر لە نێوان قۆچەکانی شەیتانەوە دەڕوات و ئاوا دەبێت، ئەوسا هەڵدەستێت خێرا چوار دەنووك لە زەوی دەدات، کەمێك نەبێت زیکری خوا ناکات..

کەوابوو بزانین کە نوێژی عەسر تا خۆر ئاوابوون دەمێنێت کاتی بەڵام نابێت دوا بخرێت، مەگەر بە ناچاری..

باشترە نوێژی عەسر زوو بکرێت: لەبەر ئەو فەرموودەیەی سەیدنا ئەنەس خوا لێی رازی بێت کە دەفەرموێ: (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يُصَلِّي الْعَصْرَ وَالشَّمْسُ مُرْتَفِعَةٌ حَيَّةٌ، فَيَذْهَبُ الذَّاهِبُ إِلَى الْعَوَالِي، فَيَأْتِيهَا وَالشَّمْسُ مُرْتَفِعَةٌ)[٢٥] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نوێژی عەسری دەکردو خۆریش زرپ و زیندوو بوو، کەسێك دەیتوانی بچێت بۆ عەوالی[٢٦] و بێتەوەو هێشتا هەر خۆر بەرز دەمایەوە..

لە رۆژی هەوردا نوێژی عەسر زووتر دەکرێت: چونکە لەوانەیە کاتەکان تێکەڵ ببن یان بە هۆی کەمتەرخەمیەوە هەر پەلەی لێ نەکرێت و ناکرێت تا کاتێك دەزانرێت خۆر زەرد بووە! ئەبول مولەیح دەفەرموێ: لە غەزایەکدا رۆژێکی هەور بوو، لە خزمەت بورەیدەدا بووین، فەرمووی: نوێژی عەسر زوو بکەن، چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (مَنْ تَرَكَ صَلَاةَ الْعَصْرِ فَقَدْ حَبَطَ عَمَلَهُ)[٢٧] واتە: هەر کەسێك نوێژی عەسری دواخست ئەوە کاروکردەوەی پووچەڵ کردۆتەوە..

هاندانی کردنی نوێژی عەسر و هەڕەشەی چواندنی:

---

[٢٤] موسلیم (٦٢٢) ئەبوداوود (٤٠٩)، ترمذي (١٦٠) نەسائی (٢٥٤/١).

[٢٥] بوخاری (٥٥٠)، موسلیم (٦٢١).

[٢٦] عەوالي ناوچەیەکە چوار کیلۆمەتر لە خوارمەدینەوەیە..

[٢٧] بوخاری (٥٥٣)، نەسائی (٨٣/١)، ئەحمەد (٣٤٩/٥). الالبانی: صحيح الجامع (٦١٤٦)

خوای گەورە دەفەرموێ:(حَافِظُواْ عَلَى الصَّلَوَاتِ وَالصَّلاةِ الْوُسْطَى وَقُومُواْ لِلَّهِ قَانِتِينَ) البقرة/٢٣٨واتە: نوێژەکان بپارێزن، نوێژی ناوەندیش هەروەها ملکەچانەش بۆ خوا لێبرێن.. نوێژی ناوەند نوێژی عەسرە، چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە رۆژی غەزای ئەحزابدا فەرمووی: (شَغَلُونَا عَنِ الصَّلاةِ الْوُسْطَى صَلاةِ الْعَصْرِ، حَتَّى غَابَتِ الشَّمْسُ، مَلأَ اللَّهُ بُطُونَهُمْ وَقُبُورَهُمْ نَارًا)[٢٨] واتە: بە خۆخەریك کردنیان نوێژی ناوەند، نوێژی عەسریان بیر بردینەوە تا خۆر ئاوا بوو، خوا دڵ وگۆڕیان پڕکات لە ئاگر..

ئەبو بەسرەی غیفاری خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (صَلَّى بِنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الْعَصْرِ بِالْمُخَمّصِ، فَقَالَ: إِنَّ هَذِهِ الصَّلاةَ عُرِضَتْ عَلَى مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ فَضَيَّعُوهَا، فَمَنْ حَافَظَ عَلَيْهَا كَانَ لَهُ أَجْرُهُ مَرَّتَيْنِ، وَلا صَلاةَ بَعْدَهَا حَتَّى يَطْلُعَ الشَّاهِدُ)[٢٩] واتە: لە خزمەت پێغەمبەردا نوێژی عەسرمان ئەدا کرد لە مەخمەص، پاشان فەرمووی: ئەم نوێژانە خرایە پێش چاوی ئەو قەومانەی پێش ئێوە، فەوتاندیانن، هەر کەسێك ئەم نوێژانە بپارێزێت ئەوە دووقات (دوو بەرابەر) پاداشتی دەبێت، ئەم نوێژە هیچ نوێژێکی تری بەدوادا نایات تا ئەستێرە هەڵدێت..

سەیدنا ئیبنو عومەر خوا لێیان رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (الَّذِي تَفُوتُهُ صَلاةُ الْعَصْرِ فَكَأَنَّمَا وُتِرَ أَهْلُهُ وَمَالُهُ).[٣٠] واتە: ئەو کەسەی نوێژی عەسری دەچێت، وەکو ئەو کەسەیە کە کەسوکارو ماڵ و سامانەکەی فەوتابێت.

هەروەها دەشێت مەبەستەکە لەوە بێت کە هۆشت لێی بێت وەکو کە هۆشت لە ماڵ و منداڵ و سامانەکەتە، وەك ناهێڵیت ئەمانە هیچیان بفەوتێت مەشهێڵە نوێژی عەسرەکەت بفەوتێت.. ئەمەشیان نزیکترە لە بەزەیی خوای میهرەبان و رێنمایی پێغەمبەری پێشەواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.. والله اعلم..

---

[٢٨] بوخاری (٢٩٣١)، موسلیم (٦٢٧).

[٢٩] موسلیم (٨٣٠).

[٣٠] شێخی ئەلبانی لە صحيح الجامعدا (٥٤٩١) دەفەرموێ سەحیحە..

سێیەم: نوێژی شێوان: مەغریب:

لە کوردەواریدا کە بە ئێوارە دەڵێن: شێوان، لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێت کە لە عورفیاندا ئێوارە کاتی خواردنی شێو (چێشت) بوو بێت، لە عەرەبیشدا دیارە کە مەغریب لە غرووبەوە هاتووە کە بریتیە لە کات و شوێنی ئاوابوونی خۆر، کەوابوو کە دەوترێت مەغریب واتە کات و شوێن و نوێژی شێوان..[٣١]

سەرەتای کاتی شێوان: بە پێی کۆڕای شەرعناسان ئەگەرخەپلەی خۆر بە تەواوی ئاوابوو، دیار نەما، ئەوە سەرەتای دەسپێکی کاتی نوێژی شێوانە، ئەمە لە بیابان و دەشت و دەردا دیاردەیەکی ئاشکرایە، بەڵام لە شارەکاندا دەبێت سەیری لوتکەی چیاکانی دەوروبەر بکرێت، ئەگەر نەبوو دەبێ سەیری خودی ئاسمان بکرێت کە لە تەرەفی خۆرهەڵاتەوە دنیا تاریك بووبێت و تاك و تەرا ئەستێرە دەرکەوتبن..[٣٢]

کۆتایی کاتی شێوان: کۆتایی نوێژی شێوان بە دیارنەمانی زەردو سووری کەناری ئاسمانە. سەیدنا زەیدی کوڕی سابیت خوا لێی رازی بێت بە مەروانی کوڕی حەکەمی فەرموو: بۆچی لە نوێژی شێوانادا سورەتە کورتە مام ناوەندیەکان دەخوێنیت؟! خۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (قَدْ كَانَ رَسولُ اللهِ صَلَّى اللهُ علَيه وَسَلَّمَ يَقْرَأُ بِطُولَي الطُّولَيَيْنِ).[٣٣] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ درێژترینی دوو سورەتە درێژەکەی تێدا دەخوێندن، کە دەکاتە سورەتی الاعراف!

جا ئەگەر ئەوەش بزانین کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە نوێژدا قورئانی زۆر لەسەرخۆ دەخوێند، لە کۆتایی ئایەتەکاندا دەوەستا، لەسەرهەرووشەیەك کە زیکربوایە زیکری دەکرد، هەموو پیتەکانی بە راشکاوی دەردەبڕی.. جا ئەگەر خەیاڵ کەین کە

---

[٣١] البهوتي: كشاف القناع (١/٢٥٣).

[٣٢] البدائع (١/١٢٣)، ابن قدامة: المغني . ١/٣٨١)، الشوكاني: نيل الاوطار(٢/٥).

[٣٣] بوخاری (٧٦٤)، نەسائی (٢/١٧٠)، ئەحمەد (٥/١٨٨).

سورەتی ئەعرافی لە نوێژێکی شێواندا خوێندبێت دەبێت چەندی پێ چوو بێت.. گومان لەوەدا نیە کە نزیکەی سەعاتێکی بە کاتی ئێمە خایاندووە.. دەی سا حەتمەن کاتی نوێژی شێوان ئەوەندەی بەدەمەوە هەبووە کە جەنابیان سورەتێکی وا دوورودرێژ بەو لەسەرخۆییەی خۆی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بخوێنێت..

پەلەکردن لە نوێژی شێوان: لەگەڵ هەبوونی کاتی تەواویشدا پێویستە پەلەکردنێك لە نوێژی شێواندا بکرێت، چونکە کاتەکەی هەر چۆنێك بێت لەچاو نوێژی نیوەڕۆو عەسردا یان لە چاو کاتی نوێژی عیشادا کەمە.. بەڵگەش لەسەر ئەوە هەیە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ موسوڵمانانی لەسەرزووکردنی هان دەداو هەڕەشەی دواخستنیشی لێ دەکردن، سەیدنا عوقبەی کوڕی عامر خوا لێی رازی بێت گێڕایەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (لا تَزَالُ أمَّتِي بِخَيرٍ -أو عَلَى الفِطرَةِ- مَا لَمْ يُؤَخِّرُوا المَغْرِبَ حَتَّى تَشْتَبِكَ النُّجُومُ)[٣٤] واتە: ئوممەتەکەم هەرلە خێرو خۆشیدا دەبێت - یان هەر لەسەر سروشتی پاکیاندا دەبن- تا ئەو کاتەی کە نوێژی شێوانیان ئەوەندە دواناخەن تا ئەستێرە تێك دەچرژێن..

چوارەم: نوێژی خەوتنان (عیشا):

کورد پێی دەڵێ: نوێژی خەوتنان، چونکە کۆتا نوێژی شەوورۆژەکەیەو عادەتەن دوای کردنی خەوتوون.. لە عەرەبیشدا پێی دەوترێت عیشا چونکە سەرەتایەکە بۆ تاریکی.. جاری وا هەیە بە نوێژی عیشا دەوترێت (صلاةُ العِشَاء الآخِرَة) واتە نوێژی عیشادواییەنەکە، چونکە هەندێك کەس لەسەرەتادابە نوێژی شێوانیان دەووت: (صلاةُ العِشَاء الأُولى) واتە: نوێژی عیشای یەکەمین، بۆیە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (أَيُّمَا

[٣٤] ئەبو داوود (٤١٤)، ئیبنو ماجة (٦٨٩)، شێخی ئەلبانی رەحمەتی لە صحيح أبي داود (٤٤٤) بە سەحیحی داناوە..

امْرَأَةٍ أَصَابَتْ بَخُورًا فَلَا تَشْهَدْ مَعَنَا الْعِشَاءَ الْآخِرَةَ)[٣٥] واتە: هەر ئافرەتێك بۆنی خۆشی لە خۆیدا با بۆ نوێژی خەوتنان نەیات..

ئەم كات و نوێژە پێشی دەوترێت (العُتْمَة) چونكە لە فەرموودەیەكی پێغەمبەری پێشەوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتووە كە دەفەرموێ: (وَلَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِي الْعَتَمَةِ وَالصُّبْحِ لَأَتَوْهُمَا وَلَوْ حَبْوًا)[٣٦] واتە: ئەگەر دەیانزانی چ خێرێك لە نوێژی خەوتن و سپێدەدا هەیە، ئەگەربە گاگۆڵكێش بوایە، دەهاتنە نوێژی جەماعەتەكەی..

سەرەتای كاتی نوێژی خەوتنان: كاتی دەسپێكی نوێژی خەوتنان (عیشا) بە ئاوابوونی زەردو سورییایەكەی كەناری ئاسمان (شەفەق)ە. جمهور دەفەرموون: دیار نەمانی سورایی كەناری ئاسمانە.

كۆتایی كاتی شێوان: كۆتایی كاتی نوێژی خەوتنان نیوە شەوە: ئەمەش بۆچوونی سوفیانی سەوری و عبداللەی كوڕی موبارەك و ئیسحاق و ئەبو سەورو ئەهلی مەدرەسەی رەئی و قەولی قەدیمی ئیمامی شافیعیە.. ئەوانەی مەدرسەی رەئی دەفەرموون دوای ئەو كاتە كەراهەتی هەیە، رای ئیبنو حەزمیش هەر ئاوایە.. بەڵگەشیان فەرموودەكەی عبداللەی كوڕی عەمرە خوا لێیان رازی بێت، كە پێشتر هێنامانەوەو تێیدا فەرمووی: (وَوَقْتُ صَلَاةِ الْعِشَاءِ إِلَى نِصْفِ اللَّيْلِ الأَوْسَطِ).[٣٧] یان فەرموودەكەی ئەنەس: (أَخَّر النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ صَلاةَ العِشَاء الى نصْفِ الليلِ).[٣٨]

هەرئەمەشە لە نامەكەی سەیدنا عومەری كوڕی خەتتابدا خوا لێی رازی بێت هاتووە كە بۆ سەیدنا ئەبو موسای ئەشعەری نوسی خوا لێی رازی بێت كە تێیدا هاتبوو: (نوێژی

---

[٣٥] موسلیم (٤٤٤)، ئەبوداوود (٤١٧٥)، نەسائی ٥١٢٨).

[٣٦] بوخاری (٦١٥، ٧٢١)، موسلیم (٤٣٧).

[٣٧] پەراوێزی ژمارە (١٨).

[٣٨] بوخاری (٥٧٢).

خەوتنانت لە سێیەکی یەکەمی شەودا بکە، ئەگەر دوات خست، تا نیوەی شەو، زیاتری مەکەو مەچۆ ریزی غافڵانەوە.[٣٩]

خەوتن پێش نوێژی خەوتنان باش نیە: سەیدنا ئەبوبەرزە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَكْرَهُ النَّوْمَ قَبْلَ الْعِشَاءِ وَالْحَدِيثَ بَعْدَهَا).[٤٠] واتە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خەوتنی پێش نوێژی خەوتنانی پێ ناخۆش بوو، هەروەها دانیشتن و شەوارەی دوای نوێژ..

هۆکاری ئەوەش دیارە لەبەر ئەوە بووە کە نەبادا خەویان قورس ببێت و نوێژەکانیان بچێت، یان خەڵکی بە مۆڵەتی بزانن وبخەون و بۆ نوێژی جەماعەتەکەی کۆنەبنەوە..[٤١]

قسەکردن دوای نوێژی خەوتنان پەسەند نیە: چونکە لەوانەیە قسەی زۆرو بێ سوود ئەوەندە بکرێت کە هەم لەسەر گوناحبار بین، هەم شەوگارەکەی پێوە بڕوات! لەوانەیە کەسێك فێرە شەونوێژ بێت وئەو خواپەرستیە چاکەی لەدەست بچێت.. لەوانەیە ئەوەندە دانیشن و بمێننەوە بۆ نوێژی بەیانی خەبەریان نەبێتەوەو نوێژەکەیان بچێت.. یان بۆ کاری سبەینێیان درەنگ هەستن یان تێیدا کەمتەرخەم بن..

پێنجەم: نوێژی سپێدە (بەیانی):

سپێدە: دەرکەوتنەوەی سپیاییەتی کەناری ئاسمانە کە پێش خۆر هەڵهاتن دەردەکەوێت، ووشەیەکە زیاتر لە بادینان بەکار دێت.. لە ناوچەی سۆراندا ووشەی (بەیانی) بۆ بەکار دێت، هەردووکیان بەرامبەر ووشەی (فەجر)ی عەرەبی دانراون.. ووشەی بەیانیم لا گشتگیرترە، چونکە بەیانی سپێدەو نزیك خۆرهەڵهاتنیش دەگرێتەوە، بۆیە سپێدەم بۆ

---

[٣٩] شێخی ئەلبانی لە تمام المنة (ل١٤٢) دا دەفەرموێ: سەحیحە..
[٤٠] بوخاری (٥٦٨)، موسلیم (٢٣٧).
[٤١] الشوکانی: نیل الاوطار(١٨/٢)، الفواکە الدوانی (١٩٧/١)، تبیین الحقائق (٨٤/١).

نوێژی فەجر بەکارهێنا تا زیاتر تایبەتمەندێتی دەرخات.. فەجر کۆتایی شەوە، وەکو کە شەفەق سەرەتایەتی.. فەجر دووە:

یەکەم: سپێدەی یەکەم (الفجر الكاذب): ئەو روناکیە لاکێشەیەیە کە لە ئاسۆوە لە ئەترافی خۆرهەڵاتەوە بۆ ماوەیەکی کەم دەردەکەوێت، چونکە پاش ماوەیەکی کەم دیار نامێنێت و تاریکیەکە دەگەڕێتەوە.. عەرەب پێی دەڵێن کلکی گورگ (ذَنّبُ السَّرْحَان).

دووەم: سپێدەی راست (الفجر الصادق): ئەو هێڵە روناکیەیە کە لە کەناری ئاسمانەوە دەردەکەوێت و تەشەنە دەکات، بەردەوام لە رەونەقدایە تا خۆر هەڵدێت.. لە فەرموودەدا هاتووە: (لا يَمْنَعَنَّكُمْ مِنْ سُحُورِكُمْ أَذَانُ بِلالٍ، وَلا الْفَجْرُ الْمُسْتَطِيلُ، وَلَكِنِ الْفَجْرُ الْمُسْتَطِيرُ فِي الأُفُقِ)[٤٢] واتە: نە بانگی بیلال نە سپێدە لاکێشەکە رێ لە خواردنی پارشێوتان نەگرن (بەردەوام بن بخۆن و بخۆنەوە) تا سپێدەتان لە ئاسۆ لێ دەردەکەوێت. ئەحکامە شەرعیەکان لەسەر ئەم سپێدەیانن، نەك یەکەمینەکەیان.

نوێژی سپێدە وەکو کە لە کوردیدا ناوی تری هەیە وەکو بەیانی، لە عەرەبیشدا ناوی تری هەیە وەکو (الصُّبح و الغَدَاةُ) بۆیە ووتراوە سوبح چونکە سورو سپی تێکەڵ بوون، بۆیە بە دەموچاوی جوانیش دەوترێت (وَجْهٌ صَبُوحٌ).

سەرەتای کاتی سپێدە: هەموو شەرعناسان لەسەر ئەوە رێکن کە سەرەتای کاتی نوێژی سپێدە، دەرکەوتنی سپێدەی راستی (الفجر الصادق)ە ..

کۆتایی کاتی سپێدە: هەموو شەرعناسان لەسەر ئەوە کۆن کە کۆتایی کاتی نوێژی سپێدە هەڵهاتنی خۆرە..

باشتر وایە پەلە لە نوێژی سپێدە بکرێت: جمهوری شەرعناسان مالیك و شافیعی و ئەحمەد و ئیسحاق و ئەبو سەور پێیان وایە کە کردنی نوێژی بەیانی لە تاریك و رونی

[٤٢] موسلیم (١٠٩٤)، ترمذي (٧٠٦)، نەسائی (٢١٧١) ئەبوداوود (٢٣٤٦).

سپێدەدا باشترە وەك لە دواخستنی بۆ روناكبوونەوە.. ئەمە بۆچوونی خەلیفەكانی راشیدین و ئەبو موساو ئیبنو الززوبەیرو ئیبنو مەسعودیشە خوا لێیان رازی بێت..[٤٣] سەیدنا ئەبو بەرزەی ئەسلەمی خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (كَانَ يُصَلِّي الصُّبْحَ، ثُمَّ يَنْصَرِفُ، وَمَا يَعْرِفُ الرَّجُلُ مِنَّا جَلِيسَهُ، وَكَانَ يَقْرَأُ بِالسِّتِّينَ إِلَى الْمِائَةِ).[٤٤] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كە لە نوێژی سپێدان دەبۆوەو تەشریفی دەبردەوە، كەس لە ئێمە - لەبەرتاریكی- هاوڕێكەی تەنیشت خۆی نەدەناسیەوە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عادەتەن لە نێوان شەست بۆ سەد ئایەتی دەخوێند..

* *

بابەتی تركە پەیوەندییان بە كاتەكانی نوێژەوە هەیە

(١)
كات، فەرزی جەخت لێكراوەی نوێژە

- نوێژكردن لە كاتی خۆیدا فەرزە، كاتەكەش بۆ نوێژكردنەكە فەرزێكی نوێژەكەیەو لە هەموو فەرزەكانی تری نوێژزیاترتەئكیدی لێ كراوەتەوە، نابینیت خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ الصَّلاَةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا) النساء/١٠٣ واتە: نوێژ لەسەر موسوڵمانەكان لە كاتی دیاری كراودا فەرز كراوە.. لەبەر ئەمەیە كە ناشێت بە هیچ بەهانەیەك نوێژلە كاتی خۆی دواخرێت، نە بە بەهانەی لەش گرانی و نەبوونی دەسنوێژ، نە بە نەبوونی ئاو، یان نەبوونی پۆشاكی پاك یان شوێنی پاك یان هەربەهانەیەكی تربێت

[٤٣] ابن قدامة: المغني (٥٤٠/١).
[٤٤] بوخاری (٥٤١)، موسلیم (١٠٩٧).

هەر قبووڵ نیەو دەبێت موسوڵمان نوێژەکەی لە کاتی خۆیدا بەو حاڵەتەی تێیدایە بیکات!![٤٥]

- خوای پەروەردگار ئەو نوێژخوێنانەی لە دەیان شوێنی قورئاندا مەتح کردووە کە لە کاتی خۆیدا نوێژەکانیان دەکەن، دەربارەیان لە سورەتی مەعاریجدا دەفەرموێ:(وَالَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلاتِهِمْ يُحَافِظُونَ) المعارج/٣٤ واتە: ئەو کەسانەی کە پارێزگاری نوێژەکانیان دەکەن..بە ئاگا لێبوونی کاتەکانی، وەکو ئیبنو مەسعوود دەفەرموێ.[٤٦]

- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەسفی نوێژەکانی وا کردووە کە لە کاتی خۆیاندا ئەنجام بدرێن (باشترین کردەوەی چاکە)ی موسوڵمانە! سەیدنا ئیبنو مەسعوود خوا لێی رازی بێت لە پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسی: (أَيُّ الْعَمَلِ أَحَبُّ إِلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ ؟ قَالَ : " الصَّلاةُ عَلَى وَقْتِهَا "، قُلْتُ : ثُمَّ أَيُّ ؟ قَالَ: " بِرُّ الْوَالِدَيْنِ "، قُلْتُ : ثُمَّ أَيُّ ؟ قَالَ " :الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ)[٤٧] واتە: پرسیارم لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد کە چ کارو کردەوەیەك لای خوای گەورە خۆشەویسترە؟! فەرمووی: نوێژەکان لە کاتی خۆیاندا، ووتم پاشان چی؟! فەرمووی: چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوکدا، ووتم: پاشان چی؟! فەرمووی: جیهاد لە پێناوی خوادا..

* *

[٤٥] ئیمامی شافعی: الأم (٧٩/١)، النووي: المجموع (١٨٢/١)، ابن تيمية: مجموع الفتاوى (٣٠/٢٢).

[٤٦] تەبەرانی لە المجمع (١٢٩/٧)، ابن المنذر: الأوسط (٣٨٦/٢).

[٤٧] بوخاری (٥٢٧)، موسلیم (٨٥).

(٢)

عوزری دواخستنی نوێژ

ئەسڵ ئەوەیە کە دەبێت نوێژەکان لە کاتەکانی خۆیاندا بکرێن، بەڵام بۆ ئاسانکاریی، شەرع هەندێك هۆی قبووڵ کردووە کە ببنە عوزری شەرعی بۆ دواخستنی نوێژ، لەوانە:

١و٢- خەوتن و بیرچوونەوە: هەرکەسێك پێش نوێژ خەوی لێ کەوت یان بیری چوو بیکات تا کاتی بەسەرچوو، ئەوە خاوەن عوزرە، دەبێ کە خەبەر بۆوە یا بیری کەوتەوە دەسبەجێ نوێژەکەی بکاتەوە.

سەیدنا ئەنەسی کوڕی مالیك خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (مَنْ نَسِيَ صَلَاةً فَلْيُصَلِّ إِذَا ذَكَرَهَا لَا كَفَّارَةَ لَهَا إِلَّا ذَلِكَ)[٤٨] واتە: هەرکەس نوێژێکی بیرچوو با ئەو کاتەی دەکەوێتەوە یادی بیکات، کەفارەتی غەیری ئەوەی نیە..

٣- ناچارکردن: هەرکەسێك ناچاری وەلکردنی نوێژ کراو نەیانهێشت بە ئاماژەش بیکات، ئەوە خاوەن عوزرە،[٤٩] ئەگەر هۆکاری ناچارکردنەکەی لەسەر نەما نوێژەکانی دەکاتەوە.. ئەم جۆرە ناچارکراوە ئەگەربتوانێت نوێژەکەی بەسەرجوڵاندن بکات، دەبێت بیکات..

٤- کۆکردنەوەی نوێژ بۆ ئەو کەسەی مافی هەیە: هەر کەسێك بۆی هەبوو دوو نوێژ کۆکاتەوەو بە دواخستنیان (جەمع و تەئخیر) کردنی، بۆی هەیە نوێژی یەکەم لە کاتی نوێژی دووەمدا بکات.. وەکو کەسێك کە نوێژی نیوەڕۆی هێناوەتە لای عەسرو پێکەوە کردوونی..

---

[٤٨] بوخاری (٥٩٧)، موسلیم (٣١٤).

[٤٩] النووي: المجموع (٦٧/٣)، حاشية الدسوقي (٢٠٠/١)، الاشباه و النظائر(٢٠٨).

٥- ترس و بیم: هەر کەسێك کەوتە ترس و بیمێکی واوە کە دڵ و هۆشی لێ بڕێت، هۆشی لەوە نەبێت نوێژەکەی بکات، خاوەن عوزرە، ئەگەر باری دەروونی تا کاتی نوێژ بەسەر دەچێت نەهاتەوە جێی خۆی، بۆی هەیە دواتر نوێژەکەی بکات، چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە غەزای خەندەقدا نوێژی عەسریان بۆ نەکرا تا خۆر ئاوا بوو..[٥٠]

* *

(٣)

ئەو کەسەی شیاوی نوێژکردن دەبێت

پێش ئەوەی کاتی نوێژ بەسەرچێت، ئەگەر منداڵێك باڵغ بوو، یا شێتێك چاك بۆوە، یا حەیزدارێك یان زەیستانێك پاك بۆوەو غوسڵی دەرکرد، کاتیش بەقەدەر ئەنجامدانی رکاتێك یان کەمێك زیاتری مابوو، نوێژەکەیان لەسەرەو دەبێ زوو فریای خەن..

ئەگەر حەیزدار پێش سپێدەی بەیانی پاك بۆوە دەبێت نوێژی شێوان و خەوتنانی بکات.. پێش خۆرئاوا بوونیش دەبێت نوێژی نیوەڕۆو عەسری بکات، لەبەر ئەوەی بەڵگەی فەرمودەی هەیەو ڕای جمهوری شەرعناسانی لەسەرەو، ئەنجامی توێژینەوەی ئیمامی ئیبن تەیمییەیە وەك لە باسی حەیزدا هێنامانەوە.

* *

[٥٠] وەکو توێژینەوەو راو بۆچوونی زانایان بڕوانە الشوكاني: نيل الاوطار (٢/٣٦) و ابن عثيمين: الشرح الممتع (٢/٢٣).

(٤)
ئەوی بێ عوزر نوێژەکەی ناکات تا کاتەکەی بەسەردەچێت

کەسێك بیری چوو بێت نوێژەکەی بکات دەبێت بیکاتەوە، کەوابوو ئەو کەسەی بە ئەنقەست نوێژەکەی چوواندووە لە پێشترە بیگێڕێتەوە.. ئەو کەسەی نوێژەکەی چوو قەرزارەو دەبێت بیگێڕێتەوە..پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (دَيْنُ اللَّهِ أَحَقُّ أَنْ يُقْضَى)[٥١] واتە: قەرزی خوا لە پێشترە بدرێتەوە.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حەج و ڕۆژووی ناوناوە قەرز . کابرا کە حەجی نەکردبوو، پاش مردنی بۆی دەکرێتەوە، کە ڕۆژووی لەسەر بێت بۆی دەگێڕرێتەوە، هەموو ئەمە لەبەر ئەوەی قەرزی خوایەو لەسەرێتی، جا کابرا کە قەرزی خوای لە نوێژدا لەسەرە، چۆن نابێت بیداتەوە؟! ئەو کەسەی نوێژەکەی چوو قەرزارەو دەبێت بیگێڕێتەوە.. والله اعلم .

* * *

[٥١] بوخاری (١٩٥٣) موسلیم (١١٤٨)، ئەبوداوود (٣٣١٠).

باسی دووەم
نوێژگێڕانەوە

نوێژگێڕانەوە(قەزا کردنەوەی نوێژ): مەبەست لە نوێژگێڕانەوە کردنەوەی ئەو نوێژانەیە کە چوون کە دەبوو لە کاتی رابوردووی خۆیاندا بکرانایە، بەڵام نەکراون. ئەمە نوێژچوون یان نوێژچواندن یان نوێژفەوتاندنی پێ دەڵێن.. کردنەوەی یان گێڕانەوەی لە عەرەبیدا پێی دەوترێت (قَضَاء)ە.

ئەو کەسەی لەبەر تەمبەڵی و مەشغەڵەتی دنیایی و ئیهمال کردن و شتی وا نوێژەکانی لە ماوەی رابوردوودا نەکردووە، مادام نکووڵی لە هیچ شتێکی دینەکە ناکات هەر موسوڵمانە، بۆیە دەبێ نوێژەکانی بگێڕێتەوە..

ئایا دەسبەجێ نوێژەکە دەگێڕرێتەوە یان دەشێت دوای ماوەیەك بێت؟: ئەوی بە هەر هۆیەك نوێژی چوو، دەبێت دەسبەجێ بیکاتەوە. چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی خەوتوو بیرچوو فەرمووی: (اذَا نَسِيَ أحَدُكُمْ صَلَاةً أو نَامَ عَنْها فَلْيُصَلِّهَا إذَا ذَكَرَهَا)[٥٢] (وَإذَا اسْتَيْقَظَ) واتە: هەرکەسێکتان نوێژێکی بیرچوو، یان لە کاتیدا خەوی لێ کەوت، با ئەو کاتەی بیری دەکەوێتەوە بیکات، خەوتووش ئەو کاتەی کە خەبەری دەبێتەوە دەبێ بیکات.بۆیە هەرکەس خەبەری بۆوەو کاتی نوێژەکەی بەسەرچوو بوو، دەبێت دەسبەجێ بیکات ئەگەر رێبەستی شەرعی نەبوو .. والله اعلم.

ئەوی زۆرنوێژقەرزارە: ئەوی نوێژی زۆری لەسەرە، مانگ و دوو مانگ یان ساڵ و دوو ساڵ یان زیاتر، قەرزاری خوای گەورەیەو دەبێت قەرزەکەی بە زووترین کات بداتەوە، باشترین شێوەش ئەوەیە کە تەقدیری بکات کە چەندی لەسەرە پاشان لیستێکیان بۆ بکات و لەگەڵ هەموو نوێژێکی ئێستایدا نوێژێکی چوواوی بگێڕێتەوە.. بەڵگەی گێڕانەوەش هەر

---

[٥٢] موسلیم (٦٨٤) زیادەکەش سەحیحە لە عبدالرزاق: المصنف (٥٠٩) وەرگیراوە..

بۆچوونی جمهوری پێشەوایانە (جگە لە ئیمامی ئەحمەد) کە فەرموویانە دەبێت بیگێڕێتەوە ..

* * *

باسی سێیەم
ئەوکاتانەی نوێژکردن تێیاندا باش نیە

١و٢- دوای نوێژی بەیانی و دوای نوێژی عەسر: فەرموودە لەسەر ئەوە هەیە کە نوێژکردن لەو دوو کاتەدا باش نیە بکرێت.. سەیدنا ئیبنوعەبباس خوا لێی رازی بێت: (شَہِدَ عِنْدِي رِجَالٌ مَرْضِيُّونَ، وَأَرْضَاهُمْ عِنْدِي عُمَرُ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَہى عَنْ الصَّلَاةِ بَعْدَ الصُّبْحِ، حَتَّى تُشْرِقَ الشَّمْسُ، وَبَعْدَ الْعَصْرِ، حَتَّى تَغْرُبَ الشَّمْسُ)[٥٣] واتە: پیاوانێك كە لێیان رازیم لە هەمووشیان زیاتر عومەری كوڕی خەتتاب خوا لێی رازی بێت شایەتیان لا دام كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەرهەڵستی لەوە كردووە كە نوێژ لە دوای فەرزی سپێدەی بەیانیەوە بكرێت، تا ئەو ساتەی خۆر هەڵدێت، هەروەها دوای فەرزی عەسر تا خۆر ئاوا دەبێت ..

٣- ناوەڕاستی نیوەڕۆ کە کە خۆر لە چەقی ئاسماندایە: بەڵگەمان فەرموودەکەی سەیدنا عوقبەی کوڕی عامرە خوا لێی رازی بێت کە دەفەرموێ: (ثَلَاثُ سَاعَاتٍ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَنْہَانَا أَنْ نُصَلِّيَ فِيہِنَّ أَوْ أَنْ نَقْبُرَ فِيہَا مَوْتَانَا، حِينَ تَطْلُعُ الشَّمْسُ بَازِغَةً حَتَّى تَرْتَفِعَ، وَحِينَ يَقُومُ قَائِمُ الظَّہِيرَةِ حَتَّى تَمِيلَ، وَحِينَ تَضَيَّفُ الشَّمْسُ لِلْغُرُوبِ حَتَّى

---

[٥٣] بوخاری (٥٨١)، موسلیم (٨٢٦).

تَغْرُبَ)[٥٤] واتە: لە سێ کاتدا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەرهەڵستی لێ دەکردین کە نوێژیان تێدا بکەین یان مردوومانی تێدا بنێژین: ساتێك خەپلەی خۆر هەڵدەهات تا ئەو کاتەی بڵند دەبۆوە، ساتێك خۆر لە ناوەندی چەقی ئاسماندا دەبوو تا لار دەبۆوە، ساتێك کە خۆر لارو لە ئاوابووندا دەبوو تا ئەوکاتەی تەواو ئاوا دەبوو..

هۆی بەرهەڵستیەکە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هۆی بەرهەڵستی کردنی یاوەرانی لە نوێژکردن لەو دوو سێ ساتەدا روون کردۆتەوە، وەکو سەیدنا عەمری کوڕی عەبسە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (قُلْت يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَخْبِرْنِي عَنْ الصَّلَاةِ، قَالَ: صَلِّ صَلَاةَ الصُّبْحِ، ثُمَّ أَقْصِرْ عَنْ الصَّلَاةِ حِينَ تَطْلُعُ الشَّمْسُ، حَتَّى تَرْتَفِعَ،فَإِنَّهَا تَطْلُعُ حِينَ تَطْلُعُ بَيْنَ قَرْنَيْ شَيْطَانٍ، وَحِينَئِذٍ يَسْجُدُ لَهَا الْكُفَّارُ، ثُمَّ صَلِّ، فَإِنَّ الصَّلَاةَ مَحْضُورَةٌ مَشْهُودَةٌ، حَتَّى يَسْتَقِلَّ الظِّلُّ بِالرُّمْحِ، ثُمَّ أَقْصِرْ عَنْ الصَّلَاةِ، فَإِنَّ حِينَئِذٍ تُسَجَّرُ جَهَنَّمُ فَإِذَا أَقْبَلَ الْفَيْءُ فَصَلِّ، فَإِنَّ الصَّلَاةَ مَشْهُودَةٌ مَحْضُورَةٌ حَتَّى تُصَلِّيَ الْعَصْرَ، ثُمَّ أَقْصِرْ عَنْ الصَّلَاةِ حَتَّى تَغْرُبَ الشَّمْسُ، فَإِنَّهَا تَغْرُبُ بَيْنَ قَرْنَيْ شَيْطَانٍ، وَحِينَئِذٍ يَسْجُدُ لَهَا الْكُفَّارُ)[٥٥] واتە: ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا باسێکی نوێژم بۆ بکە، فەرمووی: نوێژی سپێدەی بەیانیەکەت بکە، پاشان واز لە نوێژکردن بهێنە تا ئەو ساتەی خۆر هەڵدێت و بەرز دەبێتەوە، ئەو ساتەی هەڵدێت لە نێوانی دوو قۆچی شەیتانەوە هەڵدێت، کافرەکان لەو ساتەدا سوجدە بۆ خۆر دەبەن، پاشان نوێژی خۆت بکە، کە فریشتە ئامادەی دەبن، تا ئەو ساتەی خۆر وەك رم لە ئاستی سەرتە، پاشان واز لە نوێژ بهێنە چونکە لەو ساتەدا دۆزەخ کڵپە دەستێنێت، کاتێك سێبەر هات (بەرەو خۆرئاوابوون چوو) نوێژەکەت بکە کە فریشتە ئامادەی دەبن، پاشان نوێژی تر مەکە تا خۆر ئاوا دەبێت، کە ئاوابوو لە نێوان دوو قۆچی شەیتانەوە ئاوا دەبێت، ئەوکاتەش کافرەکان سوجدە بۆ خۆر دەبەن..

ئەو نوێژانەی کردنیان لەوکاتانەشدا جائیزە:

---

[٥٤] موسلیم (٨٣١).

[٥٥] موسلیم (٨٣٢).

١- نوێژی هەینی: تا ئەو ساتەی خەتیب بۆ ووتاری هەینی دەچێتە سەر مینبەر موسوڵمان بۆی هەیە چەند بخوازێت نوێژ بکات، بەلام کە خەتیب هەستا بۆ سەر مینبەر بچێت ئیتر نوێژکردن باش نیە.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (لَا يَغْتَسِلُ رَجُلٌ يَوْمَ الْجُمُعَةِ وَيَتَطَهَّرُ مَا اسْتَطَاعَ مِنْ طُهْرٍ وَيَدَّهِنُ مِنْ دُهْنِهِ أَوْ يَمَسُّ مِنْ طِيبِ بَيْتِهِ ثُمَّ يَخْرُجُ فَلَا يُفَرِّقُ بَيْنَ اثْنَيْنِ ثُمَّ يُصَلِّي مَا كُتِبَ لَهُ ثُمَّ يُنْصِتُ إِذَا تَكَلَّمَ الْإِمَامُ إِلَّا غُفِرَ لَهُ مَا بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْجُمُعَةِ الْأُخْرَى)[٥٦] واتە: هەر پیاوێك غوسڵی هەینی دەرکردو خۆی پاك و پوخت رێك خست، ئەوەندەی توانی رۆن و بۆنی خۆشی هەر لە ماڵی خۆیەوە لە خۆیدا، پاشان چووە مزگەوت و نەچووە درزی نێوان خەڵکی (خەڵکی ئیزعاج نەکرد بە شان وپاڵ) پاشان ئەوەندەی توانی نوێژی کردو ئینجا بێ دەنگ بۆ گوێ گرتن لە ئیمامەکە دانیشت، ئەوە حەتمەن خوای گەورە لە گوناحی ئەم هەینیە بۆ هەینیەکەی تری خۆشبووە ..

٢- دوو رکاتی تەوافی کەعبە: ئەگەر کردنی دوو رکات نوێژەکەی تەوافی ماڵی خوا کەوتە ئەو ساتانەی بەرهەڵستیەوە، ئیشکالی نیەو دەتوانرێت بکرێت، بەڵگەش بۆ ئەوە زۆرە، لەوانە:

- فەرموودەی سەیدنا جوبەیری کوڕی موتعیم خوا لێی رازی بێت کە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (يَا بَنِي عَبْدِ مَنَافٍ لا تَمْنَعُوا أَحَدًا طَافَ بِهَذَا الْبَيْتِ أَيَّةَ سَاعَةٍ شَاءَ مِنْ لَيْلٍ أَوْ نَهَارٍ)[٥٧] واتە: ئەی بەنی عەبدومەناف، لە هیچ کاتێکی شەو یان رۆژدا رێ لە کەس نەگرن کە دەیەوێت تەوافی کەعبە بکات ..

- سەیدنا ئیبنوعەبباس و سەیدنا حەسەن و حوسەین و هەندێك لە شەرعناسانی سەلەف ئەو دوو رکاتەیان لە قرچەی نیوەڕۆدا کردووە .

---

[٥٦] بوخاری (٨٨٣).

[٥٧] ترمذي (٨٦٩)، نەسائی (٢٩٢٤ . ٢٨٤/١). ئەلبانی لە صحيح جامع الترمذي (٧٩٠٠) دا دەفەرموێ: سەحیحە..

٣- گێڕانەوەی نوێژەکان لە کاتی بەرهەڵستی لێکراودا: گێڕانەوەی نوێژی فەرز لە هەموو کاتێکی شەووڕۆژدا جائیزە، هەروەها نوێژی سووننەتیش.

٤- نوێژی جەنازە لە کاتی بەرهەڵستی لێکراودا: نوێژی جەنازە لەو سێ ساتەدا جائیز نیە، عوقبەی کوڕی عامر راشکاوانە دەفەرموێ: (ثَلَاثُ سَاعَاتٍ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَنْهَانَا أَنْ نُصَلِّيَ فِيهِنَّ أَوْ أَنْ نَقْبُرَ فِيهَا مَوْتَانَا:حِينَ تَطْلُعُ الشَّمْسُ بَازِغَةً حَتَّى تَرْتَفِعَ، وَحِينَ يَقُومُ قَائِمُ الظَّهِيرَةِ حَتَّى تَمِيلَ، وَحِينَ تَضَيَّفُ الشَّمْسُ لِلْغُرُوبِ حَتَّى تَغْرُبَ)[٥٨] واتە: لە سێ کاتدا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەرهەڵستی لێ دەکردین کە نوێژیان تێدا بکەین یان مردووەمانی تێدا بنێژین: ساتێك خەپلەی خۆر هەڵدەهات تا ئەو کاتەی بڵند دەبۆوە، ساتێك خۆر لە ناوەندی چەقی ئاسماندا دەبوو تا لار دەبۆوە، ساتێك کە خۆر لارو لە ئاوابووندا دەبوو تا ئەوکاتەی تەواو ئاوا دەبوو ..

٥- ئەو نوێژانەی هۆی تایبەتیان هەیە: وەکو دوو رکاتی تەحییەتول مەسجید (تَحِيَّةُ الْمَسْجِد) و دووڕکاتی دەسنوێژو نوێژی خۆرگیران و هاوشێوەیان، ئەم نوێژانە جائیزن هەروەك کردنی دووڕکات نوێژەکەی تەوافی کەعبە.

* *

[٥٨] موسلیم (٨٣١).

باسی چوارەم
بانگ و قامەت

پێناسەی بانگ دان: هاوارکردنە لە کەسێك لە دوورەوە، لە عەرەبیدا: ئاگادارکردنەوەیە، وەك خوای گەورە دەفەرموێ: (وَأَذِّن فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ) الحج/٢٧ واتە: خەڵكی لە حەج ئاگاداربكەرەوە ..

لە رووی زاراوەییەوە لە کوردی وعەرەبیدا بریتیە لە: بانگهێشت کردنی موسوڵمانان بۆ مزگەوت بە چەند رستەو دەستەواژەیەکی تایبەت بۆ نوێژ کردن بە کۆمەڵ .. هەروەها بۆ راگەیاندنی هاتنی کاتی نوێژەکانە ..

پێناسەی قامەت: زاراوەیەکە هەر لە ئیقامەتی عەرەبیەوە وەرگیراوە کە لە کرداری رابوردووی (أقَامَ)ە وە هاتووە، واتە: راستی کردەوە، چەندین مانای تریشی هەیە وەك: جێگیر بوو، دەرکەوت، بانگی کرد ..

لە رووی زاراوەییەوە بریتیە لە خواپەرستیەك کە بە ووتنی چەند دەستەواژەو رستەیەکی تایبەت ئەنجام دەدرێت ..

* *

بانگدان

پلەوپایەوگەورەیی بانگدان:

١- سەیدنا ئەبو سەعیدی خودری خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە بە ئیبنو ئەبی سەعسەی فەرموو: (إِنِّي أَرَاكَ تُحِبُّ الْغَنَمَ وَالْبَادِيَةَ فَإِذَا كُنْتَ فِي غَنَمِكَ أَوْ بَادِيَتِكَ فَأَذَّنْتَ بِالصَّلَاةِ فَارْفَعْ صَوْتَكَ بِالنِّدَاءِ فَإِنَّهُ لَا يَسْمَعُ مَدَى صَوْتِ الْمُؤَذِّنِ جِنٌّ وَلَا إِنْسٌ وَلَا شَيْءٌ إِلَّا شَهِدَ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ قَالَ أَبُو سَعِيدٍ سَمِعْتُهُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)[٥٩] واتە: دەبینم حەزت لە مەڕو ماڵات و دەشت نشینییە، دەی مادام وایە هەرکاتێك لای مەڕەکانت بوویت، یان لە دەشت بوویت و بانگت دا، دەنگ زیاتر بەرز کەرەوە چونکە هەتا جن و مرۆڤی زیاتر بانگەکەت ببیستن، لە رۆژی قیامەتدا پاداشتی زیاترت پێ دەبڕێت.. ئەبو سەعید فەرمووی: خۆم لە پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بیستووە کە وای فەرمووە..

٢- لە سەیدنا معاویەی کوڕی ئەبو سوفیانەوە خوا لێیان رازی بێت هاتووە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (الْمُؤَذِّنُونَ أَطْوَلُ النَّاسِ أَعْنَاقًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ)[٦٠] واتە: بانگدەرەکان لە رۆژی قیامەتدا لە هەموو کەس گەردن بەرزترن ..

٣- لە سەیدنا عوقبەی کوڕی عامرەوە خوا لێی رازی بێت هاتووە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (يَعْجِبُ رَبُّكَ مِنْ رَاعِي غَنَمٍ فِي رَأسِ شَظِيَّةِ جَبَلٍ يُؤَذِّنُ بِالصَّلاةِ وَيُصَلِّي، فَيقُولُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ : أُنْظُرُوا إِلَى عَبْدِي هَذا يُؤَذِّنُ وَيُقِيمُ الصَّلاةَ يَخَافُ مِنِّي، قَدْ غَفَرْتُ لِعَبْدِي وَأَدْخَلْتُهُ الْجَنَّةَ)[٦١] واتە: خوای پەروەردگارتان سەری لەو شوانی مەڕە سوڕ

---

[٥٩] بوخاری (٦٠٩)، موسلیم (١٢/٢).

[٦٠] موسلیم (٣٨٧)، ئیمامی ئەحمەد (٩٥/٤)، ئیبنوماجة (٧٢٥).

[٦١] نەسائی (٢٠/٢)، ئەحمەد (٩٥/٤). ئەلبانی لە سلسلة الاحاديث الصحيحة (٤١) دەفەرموێ سەحیحە.

دەمێنێت کە بە تیرە شاخێکەوەیەو بانگ دەدات و نوێژەکەی دەکات، خوای گەورە دەفەرموێ: سەیری ئەو بەندەی من کەن کە ترسی منی لەدڵدایەو نوێژدەکات، دەی وا من لەو بەندەیەم خۆش بووم و خستمە بەهەشتەوە..

٤- بانگدان باشترە لە ئیمامەت کردنی نوێژ: زۆرینەی شەرعناسان فەرموویانە لەبەر ئەو هەموو فەزڵەی کە باسی بانگدەر دەکات، بانگدان باشترە لە ئیمامەتی نوێژکردن، چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوعای بۆ بانگدەرەکان بە لێخۆشبوونی خوای گەورە کردووە، بەڵام بۆ پێشەوایان داوای هیدایەتی بۆ کردوون.. لێخۆشبوونیش گەورەترە لە رێنمایی و هیدایەتدان، چونکە مسۆگەرترە.. بەڵام کە نابینیت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و خولەفایانی راشیدین بانگیان دابێت لەبەر ئەوەیە کە ئەوان خەلیفە بوون، کە پلەو ئاستی پێشەوایەتی مەزنەو مەشغەڵەتی زیاتری دەوێت کە ناپەرژێتە سەر رێك و پێك راگرتنی کاتەکانی بانگدان.. ئەمەش بۆچوونی ئیمامی شافیعی و قەولی پەسەندکراوی ئیمامی ئەحمەدو مەزهەبی مالیکیەو ئیبنو تەیمییەش بە پەسندتری ناساندووە..[٦٢]

کەی یەکەمین جاربانگ درا؟ بۆیەکەمین جارکە بانگ درا لە مەدینە بوو لە ساڵی یەکەمی کۆچیدا بوو، چونکە فەرموودەی سەحیحی سەیدنا ئیبنو عومەری خوا لێیان رازی بێت لەسەرە کە دەیگێڕێتەوە: (كَانَ الْمُسْلِمُونَ حِينَ قَدِمُوا الْمَدِينَةَ يَجْتَمِعُونَ فَيَتَحَيَّنُونَ الصَّلَوَاتِ وَلَيْسَ يُنَادِي بِهَا أَحَدٌ فَتَكَلَّمُوا يَوْمًا فِي ذَلِكَ فَقَالَ بَعْضُهُمْ اتَّخِذُوا نَاقُوسًا مِثْلَ نَاقُوسِ النَّصَارَى وَقَالَ بَعْضُهُمْ قَرْنًا مِثْلَ قَرْنِ الْيَهُودِ فَقَالَ عُمَرُ أَوَلَا تَبْعَثُونَ رَجُلًا يُنَادِي بِالصَّلَاةِ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَا بِلَالُ قُمْ فَنَادِ بِالصَّلَاةِ)[٦٣] واتە: موسوڵمانان کە هاتنە مەدینە، بۆ نوێژ کۆدەبوونەوە بێ ئەوەی بانگی بۆ بدرێت، رۆژێك لەناو خۆیاندا باسیان کرد، یەکێك فەرمووی: زەنگێك پەیدا کەن وەکو زەنگی

---

[٦٢] المجموع (٣/٧٤)، المغني (١/٤٠٢)، مواهب الجليل (١/٤٢٢)، ابن تيمية: الاختيارات (ل ٣٦)
[٦٣] بوخاری (٦٠٤)، موسلیم (٣٧٧).

مەسیحیەکان و لە کاتی نوێژەکاندا لێی دەن، یەکێکی تر فەرمووی، قۆچێك وەك ئەوەی جولەکە بهێنن و قوولەی تێدا بکەن.. عومەری کوڕی خەتتاب فەرمووی: بۆچی کابرایەك نانێرن و هاوار لەو خەڵکە بکات کە کاتی نوێژە، پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: دەی سا بیلال تۆ بڕۆ بانگ بدە..

حوکمی بانگدان: ئوممەتی ئیسلام لەسەر ئەوە کۆن کە بانگدان جائیزە، چونکە لە زەمانی پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تا ئەمڕۆ موسوڵمانان بێ جیاوازی راوبۆچوون کاریان پێ کردووە .. بەڵام فەرزی کیفایەیە، ئەگەر کەسێك لە شوێنێکدا بانگی دا فەرزێتیەکەی لەسەر ئەوانی دیکە دەکەوێت، ئەگەر کەس بێ عوزر بانگی نەدا هەموویان پێی گوناحبار دەبن.

ئەو مزگەوتانەی نوێژیان بە کۆمەڵ تێدا دەکرێت بانگدان و قامەت کردنیان بۆ نوێژی کۆمەڵ تێدا فەرزە.. بەڵام بە تەنها نا.. ئەگەر کەسێك بە نەزانی یان بە هۆی بیرچوونەوەوە یان بە هەر هۆیەکی تر، بێ بانگ و قامەت لەو مزگەوتە یان لە هەر شوێنێکی تر بێ بانگدان و قامەت کردن نوێژی کرد گوناحبار نابێت لەسەریان و نوێژەکەی دروستە .

* *

چەند بابەتێکی تری بانگدان

١- حوکمی بانگدان لە سەفەردا:

رای پەسەندتر ئەوەیە کە بانگدان بۆ نوێژی کۆمەڵ فەرزە، ئەگەر کۆمەڵێك کەس لە سەفەردابوون و وویستیان نوێژەکەیان بکەن دەبێت بانگی بۆ بدەن و قامەتیش بکەن، چونکە بەڵگەکان بە گشتی ئەوە دەسەلمێنن کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە سەفەرو نیشتەجێیی، لە شارو دەرەوەی، کە بە کۆمەڵ نوێژی کردبێت، فەرمانی بە بانگدان و قامەت کردن بۆ نوێژ کردووە.. بەڵام ئەگەر کۆمەڵە کەسێك کە لە سەفەردابوون و نوێژیان چووبوو وویستیان لە ئاوەدانیەك بیگێڕنەوە کە بانگی لێدرابێت، دەتوانن بە بێ بانگ و قامەت بیکەن و نوێژکەیان بگێڕنەوە..[٦٤]

٢- حوکمی بانگدان بۆ نوێژ گێڕانەوە:

ئەگەر کۆمەڵێك کەس لەوانەی نوێژیان زۆر چووە بیانەوێت بە کۆمەڵ بیگێڕنەوە، ئایا پێویستە بانگی بۆ بدەن و قامەتی بۆ بکەنەوە؟! وا نازانم بانگ و قامەت بۆ نوێژگێڕانەوە فەرز بن .. والله اعلم.

٣- حوکمی بانگ و قامەت بۆ ئافرەتان: ژنان هەر خۆیان بوون دەتوانن بانگ بدەن و قامەت بکەن و یەکێکیشیان ببێتە پێشنوێژی نوێژی کۆمەڵیان و لە ناوەڕاستی ریزەکەدا ئەوەستێت.. چونکە بانگ و قامەت زیکری خوایەو سەربەخۆیەو ناشێت بە بێ بەڵگەی بەهێز رێی لێ بگیرێت.. بەڵام دیارە پێشەوایانی شەرع لەسەر ئەوە رێکن کە ئافرەت بانگ بۆ پیاوان نادات و پێش نوێژیشیان بۆ ناکات ..

٤- بانگی تاك و بانگی جەماعەتی دووەمی مزگەوت: هەر کەس بە تەنها لە شوێنێك نوێژ بکات دەبێ بزانێت داخۆ لەو شوێنە بانگ دەدرێت، ئەگەر بانگی لێ دەدرا، ئەوە بانگەکەی ئەوان بۆ ئەمیش دەبێت و پێویست ناکات بانگ بداتەوە.

---

[٦٤] ابن عثيمين: الشرح الممتع (٤١/٢).

٥- بانگ بۆ دوو نوێژی کۆکراوە: ئەگەر دوو نوێژ لە کاتی یەکێکیاندا کۆکرایەوە، بۆ نموونە کەسێك نیوەڕۆو عەسری لە کێوی عەرەفات کۆکردەوە، یان شێوان و خەوتنانی لە موزدەلیفە کۆکردەوە، یان لە هەر سەفەرێکی تر.. ئەمە هەر بانگێك بۆ هەردوو نوێژە کۆکراوەکانی دەدات، بەڵام بۆ هەر نوێژێك قامەتی خۆیان بۆ دەکات، واتە یەك بانگ و دوو قامەت.. چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە حەجدا وای کردووە.

٦- ئەو نوێژانەی بانگیان بۆ دەدرێت:

شەرعناسان لەسەر ئەوە کۆن کە بانگ بۆ نوێژە فەرزەکان دەدرێت، بۆ نوێژی تر نادرێت وەك نوێژی جەنازەو جەژنەکان و وترو ئەوانە.. چونکە وەکو ووترا: بانگ بۆ ئاگادار کردنەوەی موسوڵمانانە کە کاتی نوێژەکەتان هات.. نوێژە فەرزەکان پەیوەستن بە کاتی دیاری کراوەوە بۆیە بانگ هەر بۆ ئەوان دەدرێت، نوێژە سووننەتەکانیش هەر سەر بە نوێژە فەرزەکانن، بۆیە بانگی نوێژە فەرزەکان بۆ ئەمانیشن..

ئەمما نوێژی جەنازە لە راستیدا نوێژ نیە، چونکە نە قیرائەتی تێدایە نە رکوع و سوجدە ..

* *

مەرجەکانی بانگ

١- هاتنی کاتی: مەرجی بانگدان ئەوەیە کە کاتەکەی بووبێت، بانگدان پێش هاتنی کاتی نوێژەکە دروست نیە، مەگەر سپێدەی بەیانی کە دواتر ان شاء اللە باسی دەکەین بۆچی وایە .. بانگدان لە سەرەتای دەسپێکی کاتەکەدا باشترە وەك لە دواخستنی، تا خەڵکەکە لە هاتنی کاتی فەرزەکەیان ئاگادار ببنەوەو خۆی بۆ ئامادەکەن ..

بانگی سپێدەی بەیانی: دەشێت پێش دەرکەوتنی سپێدەی راست (الفجر الصادق) بانگی بەیانی بدرێت، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (إِنَّ بِلالا يُؤَذِّنُ بِلَيْلٍ فَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يُنَادِيَ ابْنُ أُمِّ مَكْتُومٍ)[٦٥] واتە: بیلال کە بانگ دەدات هێشتا شەوی ماوە، ئێوە هەر بخۆن و بخۆنەوە تا ئەو ساتەی ئیبنو ئوم مەکتووم بانگ دەفەرموێ.. سەیدنا ئیبنو عومەر خوا لێیان رازی بێت دەفەرموێ: ئیبنو ئوم مەکتوومیش کوێر بوو تا پێیان دەووت سپێدە هات بانگی نەدەدا.. کەوابوو ئەمە بانگی یەکەم بوو، بۆ ئەوە دەدرا تا خەوتووەکان وەخەبەر بێن و ئەوی خەریکی شەونوێژێتی کەمێك بحەوێتەوە، یان دەسنوێژی نوێ بکاتەوە، یان ئەوی دەیویست بەڕۆژوو بێت پارشێوی تێدا دەکرد..

٢- نیەتی بانگدان:

لەبەر ئەوەی بانگدانیش خواپەرستیەو سەربەخۆیە، نیەتی تایبەتی خۆی دەوێت، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (إِنَّمَا الاعمالُ بالنِّيَّاتِ)[٦٦] واتە: هەموو کارێك پەیوەستی نیازەکەیەتی.

هەروەها بانگدان پێویستە بە عەرەبی بێت.

٣- بانگ نابێ وا بدرێت کە لەفزەکانی بگۆڕرێت:

وەکو درێژکردنەوەی مەددی هەمزەی تەکبیرەی ئیحرام (وەك ئەوەی بووترێت: ءااااااالله اکبر) چونکە ئەمە دەبێتە پرسیار: ئایا خوا گەورەیە؟ یان (الله ئەکباااااااااااار) ئەکبار سیفەتێکە بۆ خوای گەورە ناشێت.. یان مەددی خۆیەتی بەڵام لە سنوری ئاسایی زیاتر درێژ بکرێتەوە .. ئەگەر ووشەکە گۆڕا بانگەکە بەتاڵ دەبێتەوە، ئەگەر ماناشی نەگۆڕا هەر کەراهەتی هەیە.

---

[٦٥] بوخاری (٦١٧)، موسلیم (١٠٩٢).

[٦٦] بوخاری (٥٤) موسلیم (١٩٠٧).

٤- ریز بەندی ووشەکانی بانگ: دەبێت بانگدەر بانگ بە ریزبەندی ووشەو رستەکانی خۆی بڵێت کە لە سووننەتدا هاتوون، بێ زیادو کەم، بێ پاش و پێش کردن، ئەگەر هەر یەك لەمانەی کرد بانگەکەی بەتاڵەو دەبێ لە سەرەتاوە دەست پێبکاتەوە.

٥- نابێ فاسڵ بکەوێتە نێوان ووشەو رستەی بانگەوە:
واتە ووشەو رستەکانی بانگ یەك بە دوای یەکداو یەکسەری دەڵێت بێ ئەوەی فاسڵی قسەیەك یان کردەوەیەك بخاتە نێوانیانەوە،، مەگەر بپژمێت، یان بۆ ماوەیەکی کەم یان چەند جارێك بکۆکێت، ئەمیان بە پێی بۆچوونی جمهوری شەرعناسان جائیزە..
٦- بانگدەر هەوڵ دەدات زۆرترین کەس گوێیان لە بانگەکەی بێت:
بەوەی دەنگی زۆر بەرز کاتەوە، یان بڵندگۆ بەکار بهێنێت .. تا مەبەستی بانگدانەکە کە ئاگادارکردنەوەی خەڵکیە بێتە دی، بەڵام ئەگەرکابرا بانگی بۆ خۆی دەدا، مەرج نیە دەنگی بەرز کاتەوە مەگەر ئەوەندەی کە ئەوانەی تریش - کە دەیانەوێت نوێژەکەی لەگەڵدا بکەن - گوێیان لێ بێت.

٧- ئایا بانگدان بە رادیۆو تەسجیل و مۆبایل دەبێت لە بڵندگۆوە لێدرێت؟!
نەء، نابێت، چونکە بانگدان خواپەرستیەکی سەربەخۆیەو پێویستە موسوڵمانان جێبەجێی بکەن، ئەگەر کەسیان بانگیان نەدا هەموویان گوناحبار دەبن.. نە بانگدانی تەسجیل کراو جائیزە نە ئیقتیدا بە نوێژی رادیۆو تەلەفزیۆن و تەسجیلکراو..

* *

سیفەتی بانگدەر

پێویستە ئەو کەسەی بانگ دەدات نیەتی پاك بێت و لەبەر خاتری خوای گەورە بانگ بدات، نەك بۆ پارەو ناوبانگ، یان بۆ ئەوەی بڵێن دەنگی خۆشە! ئەسڵیش ئەوەیە کە نابێت پارە لەسەر بانگدان وەربگیرێت، ئەگەر کابرای بانگدەر سەرچاوەی بژێوی نەبوو، بەرپرسانی حکومەت معاشیان بۆ دیاری کرد، بۆی هەیە وەریگرێت، چونکە موسوڵمانان پێویستیان بە دەنگ و بانگی ئەو هەیە ..

هەروەها پێویستە دەستپاك و ئەمیندار بێت، پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: (وَالْمُؤَذِّنُ مُؤْتَمَنٌ)[٦٧] واتە: بانگدەر کەسێکی ئەمیندارو دەستپاکە، چونکە لە لایەکەوە کاتی نوێژی خەڵکی پێ سپێرراوە، لە لایەکی ترەوە بانگدەر شەوو رۆژ چۆتە سەر منارە کە بەرزترین تەلاری گەڕەکەکە بووە..ئیمامی ئیبنوتەیمییە دەفەرموێ: بانگی فاسق بەتاڵە چونکە پێچەوانەی ئاڕاستەی پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ئەمەش لای حەنبەلیەکان بۆچوونێکی قبووڵە..[٦٨] هەروەها باشترە ئەو کەسەی بانگ ئەدات دەنگی بڵندو خۆشتر بێت لە هەموان. وە پێویستە شارەزای کاتەکانی بانگ و گۆڕانەکانیان بێت کە ساڵ دوازدە مانگە بەسەریاندا دێت، بۆ ئەوەی هەموو بانگێك لە دەسپێکی خۆیدا بدات و خۆی وخەڵکیش نەخاتە هەڵەوە..

* *

---

[٦٧] ئەبو داوود (٥١٧)، ترمذي (٢٠٧)، ئەحمەد (٢٨٤/٢) ئەلبانی دەفەرموێ سەحیحە (الارواء ٢٣١/١)

[٦٨] ابن عابدين (٢٦٣/١)، مغنی المحتاج (١٣٨/١)، مواهب الجليل (٤٣٦/١)، المغني (٤١٣/١)، الاختيارات (ل ٣٧).

سیفەتی بانگ

بانگ لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە سێ شێوە گێڕراوەتەوە، لێرەدا ئەم شێوەیە وەرئەگرین:

پازدە رستەیی (چوارتەکبیر(ووتنی الله اکبر)، ئینجا هەررستەیەك دوو جارجگە لە لا الە الا اللەی کۆتایی کە یەك جارە). ئەمەش لە فەرموودەکەی سەیدنا عبداللەی کوڕی زەیدەوە خوا لێی رازی بێت هاتووە: (لَمَّا أَمَرَرسولُ اللهَ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِالنَّاقُوسِ يُعْمَلُ ليُضْرَبَ بِهِ للنَّاسِ لِجَمْعِ الصَّلَاةِ طافَ بِي وَأنَا نَائِمٌ رَجُلٌ يَحْمِلُ ناقُوسَاً فِي يَدِهِ فَقُلْتُ: يا عَبْدَ اللهِ أتبيعُ النَّاقوسَ؟ قالَ: ومَا تَصْنَعُ بِهِ؟ فَقُلْتُ: نَدْعُو بِهِ إلى الصَّلاةِ. قالَ: أَفَلَا أدُلُّكَ على مَا هوَ خَيرٌ مِنْ ذلكَ؟ فَقُلْتُ لَهُ: بَلَى، قَالَ: فَقَالَ: تَقُولُ:

اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أكبرُ اللهُ أكبرُ اللهُ أكبرُ

أشْهَدُ أنْ لا إلهَ إلا اللهُ أشهدُ أنْ لا إله إلا اللهُ

أشهدُ أنَّ محمَّداً رَسولُ اللهِ أشهدُ أنَّ محمَّداً رسولُ اللهِ

حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ حيَّ عَلَى الصَّلاةِ

حَيَّ علَى الفَلاحِ حَيَّ علَى الفَلاحِ

اللهُ أكبرُ اللهُ أكبرُ

لا إله إلا اللهُ

قَالَ: ثُمَّ اسْتَأخَرَعَنِّي غَيرَبَعيدٍ، ثُمَّ قالَ: وَتَقولُ إذَا أقَمْتَ الصَّلاةَ:

اللهُ أكبرُ اللهُ أكبرُ

أشهدُ أنْ لا إله إلا اللهُ أشهدُ أنَّ محمَّداً رسولُ اللهِ

حَيَّ على الصَّلاةِ، حيَّ علَى الفَلاحِ

قَدْ قَامَتِ الصَّلاةُ قَدْ قَامَتِ الصَّلاةُ

اللهُ أكبرُ اللهُ أكبرُ

لا إله إلا اللهُ

فَلَمَّا أصْبَحَتْ أتَيتُ رَسولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَأخْبَرْتُهُ بِمَا رَأيتُ فَقَالَ: إنَّهَا لَرُؤْيَا حَقٌ إنْ شَاءَ اللهُ فَقُمْ مَعَ بِلَال فَألْقِ عَلَيهِ مَا رَأيتَ فَلْيُؤَذِّنْ بِهِ فَإنَّهُ أنْدَى صَوتَاً مِنْكَ، فَقُمْتُ مَعَ بِلالٍ فَجَعَلْتُ أَلْقِيهِ عَلَيهِ وَيُؤَذِّنُ بِهِ قَالَ: فَسَمِعَ ذلِكَ عُمَرُ بْنُ الخَطَّابِ وَهوَ فِي بَيتِهِ

فَخَرَجَ يَجُرُّ رِدَاءَهُ وَيقُولُ والذي بَعَثَكَ بالحَقِّ يَا رسولَ اللهِ لَقَدْ رَأيتُ مِثْلَ مَا رَأى فَقَالَ رسولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: فَللهِ الحَمْدُ)[٦٩]

کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە نابەدڵی (لە ریوایاتی تردا وا هاتووە) رازی بوو زەنگی نەسارا بۆ کۆکردنەوەی موسوڵمانان بۆ نوێژ لێبدرێت، پاش ماوەیەك عبداللەی کوڕی زەید ئەم خەوەی بینی کە دەفەرموێ: لە خەونمدا کابرایەکم بینی دوو زەنگی پێیەو دەگەڕێ، ووتم: زەنگ دەفرۆشیت؟! ووتی: بۆچیتە؟! ووتم: خەڵکی بۆ نوێژ پێ کۆدەکەمەوە، ووتی: ئەدی بۆچی شتێکی باشترت فێر نەکەم؟! ووتم: بۆچی نا؟! ووتی: بڵێ: خوا گەورەیە خوا گەورەیە خوا گەورەیە خوا گەورەیە، شایەتی دەدەم کە هیچ خوایەك نیە شایانی پەرستن بێت جگە لە الله هیچ خوایەك نیە شایانی پەرستن بێت جگە لە الله، شایەتی دەدەم کە محمد نێرراوی خوایە شایەتی دەدەم کە محمد نێرراوی خوایە، وەرن بۆ نوێژ وەرن بۆ نوێژ، وەرن بۆ سەرفرازی وەرن بۆ سەرفرازی، خوا گەورەیە خوا گەورەیە، هیچ خوایەك نیە شایانی پەرستن بێت جگە لە الله .. کە قامەتیشت کرد بڵێ: خوا گەورەیە خوا گەورەیە، شایەتی دەدەم کە هیچ خوایەك شایانی پەرستن نیە جگە لە الله، شایەتی دەدەم کە محمد نێرراوی خوایە، وەرن بۆ نوێژ وەرن بۆ سەرفرازی، نوێژ دابەسترا نوێژ دابەسترا، خوا گەورەیە خوا گەورەیە، هیچ خوایەك نیە شایانی پەرستن بێت جگە لە الله .. بۆ بەیانی هاتمە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و خەونەکەم بۆ گێڕایەوە، فەرمووی: ئەگەر خوا حەزکات ئەم خەونە حەقە، دەی سا لەگەڵ بیلالدا بڕۆو ئەوەی پێ بڵێ کە بینیت تا بیکاتە بانگ و خەڵکەکەی پێ بانگ بکات، ئەو دەنگی لە دەنگی تۆ خۆشترو بڵندترە .. منیش بیلالم فێر کردو لەگەڵیدا چووم، ئەویش کردیە بانگ و دای، کە

---

[٦٩] شێخی ئەلبانی بە حەسەنی داناوە لە: ارواء الغليل (٢٦٤/٢) و تمام المنة (١٤٥).

عومەری کوڕی خەتتاب لەماڵەکەی خۆیەوە بیستی، بە هەڵەداوان هاتە دەرەوە، عەباکەی بەری بە دوای خۆیدا رادەکێشا، بە پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموو: بەو خوایەی جەنابتی بە حەقەوە بە نێرراوی خۆی ناردووە، منیش وەکو ئەمەم لە خەونمدا بینی، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: دەی سوپاس بۆ خوا..

زیادەکەی بانگی بەیانی: (الصَّلاةُ خَيرٌ من النَّومِ)

شەرعناسان بەم زیادەیە دەفەرموون (التثويب: تەسویب) کە بریتیە لە دوو جار ووتنی (الصَّلاةُ خَيرٌ مِن النَّوم) لە نوێژی بەیانیدا دوای حەیعەلەکان..[٧٠] تەسویب لای جمهوری شەرعناسان سووننەتە، بەڵگەیان فەرموودەکەی ئەبومەحزورە (یان ئەبومەخزورە)یە کە تێیدا هاتووە: (فَإِنْ كانَ صَلاةَ الصُّبْحِ قُلْتَ: الصَّلاةُ خَيرٌ مِنْ النَّومِ، الصَّلاةُ خيرٌ من النَّوم، اللهَ اكبرُ اللهُ اكبرُ، لا اله الا الله)[٧١] واتە: لە بانگی بەیانیدا بڵێ: نوێژ باشترە لە خەوتن، نوێژ باشترە لە خەوتن .. لە ریوایەتێکی تریدا دەفەرموێ: (فِي الأولَى مِنْ الصُّبْحِ) واتە لە بانگی یەکەمی سپێدەدا بیڵێ.

ئەوە سەلمێنراوە کە تەنها لە بانگی یەکەمی سەیدنا بیلالدا خوا لێی رازی بێت تەسویب ووتراوە، نەك لە بانگی دووەمی سەیدنا ئیبنو مەکتوومدا خوا لێی رازی بێت، کە لە سەرەتای دەسپێکی سپێدەی راستەقینەدا داوێتی .. بەڵگە لەسەر ئەمە: سەیدنا ئیبنو

---

[٧٠] واتە کە دوو جار دەوترێت (حي على الصلاة)،دوو جاریش (حي على الفلاح).. لە عەرەبیدا بە (بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) دەوترێت بەسمەلەو بە (الحمد لله) دەوترێت حەمدەلەو بە (لا حول ولا قوه الا بالله) دەووترێت: حەوقەلە.. وە هەروەها..

[٧١] شێخی ئەلبانیش بە سەحیحی داناوە لە تەخریجی فەرموودەکانی: (مشكاة المصابيح (٦٤٥).

عومەر خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ (الصَّلاةُ خيرٌ من النَّوم) لە دوای (حَيَّ عَلَى الفَلَاح) دەوترا ..[٧٢]

کەواتە سوننەتە لە بانگی یەکەمی بەیانیدا تەسویب بکرێت و لە بانگی دووەمدا نەوترێت، بەڵام لەم سەردەمەدا وازمان لەو سوننەتە هێناوەو بیدعەیەک کراوەتە رێباز کە لەبانگی دووەمدا دەوترێت بەداخەوە.

به حساباتی زەمان دەشێت کە بانگی یەکەمت بیست بۆ سی دەقیقە پێش بانگی دووەم بدرێت و لەوێدا بووترێت (الصَّلاةُ خيرٌ من النَّوم).

* *

چی لە بانگداندا باشە بکرێت؟

١- هەبوونی دەسنوێژ: لەبەر ئەوەی بانگدان خواپەرستیە، خواپەرستیش بە شێوەیەکی گشتی باشتر وایە بە دەسنوێژەوە بکرێت، بەڵام ئەگەر بێ دەسنوێژ بانگیدا بە بۆچوونی هەموو شەرعناسان هیچ ئیشکالێکی نیەو بانگەکەی دروستەو خێری خۆی دەسکەوتووە..

٢- بانگدان بە پێوە: شەرعناسان لەوەدا راجوێ نین کە سوونەت وایە کە بانگ بە پێوە بدرێت، مەگەر کەسێك نەتوانێت، چ بە هۆی نەتوانینی خۆی یان سەختی جێگاکەی یان بە هۆی ترەوە ..

٣- رووکردنە قیبلە: شەرعناسان هەموو پێیان وایە کە رووکردنە قیبلە لە کاتی بانگداندا سوونەتە..[٧٣]

---

[٧٢] بەیهیقی (٤٢٣/١)، الطحاوي: شرح معاني الآثار (٨٢/١) ئیمامی ئیبنو حەجەر لە فەتحدا دەفەرموێ: إسناده حسن..

[٧٣] الأوسط (٢٨/٣).

ئیبنو زەید خوا لێی رازی بێت کە دەفەرموێ: (إنَّ الْمَلَكَ الذي رَآهُ يُؤَذِّنُ، اسْتَقْبَلَ القِبْلَةَ)[٧٤] واتە: ئەو فریشتەیەی کە بینی بانگی دەدا رووی لە قیبلە کردبوو ..

٤- بانگدەر لە کاتی بانگداندا پەنجەی شایەتمانی دەکاتە گوێچکەیەوە: ئەمەش لە سەیدنا بیلالەوە سەلمێنراوە، سەیدنا ئەبو جوحەیفە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە بیلالم بینی بانگی دەدا، سەرنجی دەمیم دا لای بەملاولایدا دەکرد، دوو پەنجەشی لە هەردوو گوێچکەیدا بوون ..[٧٥]

٥- بانگدەر لە کاتی ووتنی حەیعەلەکاندا رووی بۆ لای راست وچەپی دەسوڕێنێت: ریوایەتی تری فەرموودەی ئەبوجوحەیفە هەیە کە دەفەرموێ: (رَأَيْتُ بِلالاً خَرَجَ إِلَى الأبْطَحِ فَأَذَّنَ فَلَمَّا بَلَغَ حَيَّ عَلَى الصَّلاةِ حَيَّ عَلَى الفَلاحِ لَوَّى عُنُقَهُ يَمِينًا وَشِمَالاً وَلَمْ يَسْتَدِرْ)[٧٦] واتە: بیلالم بینی کە لە ئەبتەح[٧٧] بانگی دەدا، کە گەیشتە حەیعەلەکان ملی بە لای راست وچەپدا سوڕاند، بەڵام لەشی نەدەسوڕاند..

٦- بانگدەر دەتوانێت دوو دوو تەکبیرەکان پێکەوە بڵێت: واتە: دەتوانێت هەر دوو تەکبیرە بە نەفەسێك بڵێت، نەك هەر تەکبیرەو بە جیا، یان هەر چوار تەکبیرەکە بە نەفەسێك.

* *

چی باشە بۆ وەڵامدەرەوەی بانگ؟

١- وەڵامدانەوەی بە دەنگی نزم: کاتێك موسوڵمان گوێی لە بانگ دەبێت پێویستە بە دەنگێکی نزم لە دوایەوە بیڵێتەوە.

---

[٧٤] شێخی ئەلبانی رەحمەتی لە ارواء الغليل (١/٢٥٠ ژمارە ٢٣٢) بە سەحیحی داناوە..
[٧٥] ترمذي (١٩٧)، ئەحمەد (٤/٣٠٨)، ئیبنوماجة (٧١١) ئەلبانی دەفەرموێ: سەحیحە (الارواء ٢٣٠).
[٧٦] ئەبو داوود (٥٢٠) ئەسڵەکەشی لای بوخاری (٦٣٤) و لای موسلیم (٥٠٣).
[٧٧] ئەبتەح ناوچەیەك بووە لە خواری مەککەوە.

٢- دوعا بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوای تەواو بوونی بانگ: دوعاکەش ئەمەیە: (اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ وَالصَّلَاةِ الْقَائِمَةِ آتِ مُحَمَّدًا الْوَسِيلَةَ وَالْفَضِيلَةَ وَابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذِي وَعَدْته).[٧٨] واتە: هانا خوایە، خاوەنی ئەم بانگەوازە تەواوو نوێژە پیادە کراوە، ئەوەسیلەوگەورەییە بە محمد ببەخشە، خوایە ئەو پلەو پایە رێزدارەی بەڵێنت پێیداوە، بۆی بهێنە دی..

٣- رازی بوون بە خواو بە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و بە دینەکەی: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: هەرکەسێك کە گوێی لە بانگ دەبێت و دەڵێ: منیش شایەتی دەدەم کە هیچ خوایەك نیە شایانی پەرستن بێت جگە لە الله، کە تاك و تەنهایەو شەریکی نیە، شایەتی دەدەم کە محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەندەو نێرراوی خوایە، رازیم بە پەروەردگارێتی خوا، بە ئیسلام کە بەرنامەیە و بە محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە پێغەمبەرە، لە گوناحەکانی دەبوررێت..[٧٩]

٤- دوعاکردن لە نێوان بانگ و قامەتدا: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: (الدُّعَاءُ لا يُرَدُّ بَينَ الأذَانِ وَالإقَامَةِ (فَادْعُوا).[٨٠] واتە: دوعای نێوان بانگ و قامەت رەت ناکرێتەوە.. دەی سا دوعای تێدا بکەن..

٥- دوعاکردن لە دوای تەواوبوونی بانگ: سەیدنا عبداللهی کوڕی عەمر خوا لێیان رازی بێت دەگێڕێتەوە: کە کابرایەك عەرزی پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد: (يَا رَسولَ اللهِ، إنَّ المؤذِّنينَ يُفَضِّلُونَنَا، فَقَالَ رَسولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَليهِ وَسَلَّمَ: قُلْ كَمَا يَقُولُونَ، فَإذَا انْتَهَيْتَ فَسَلْ تُعْطَهْ)[٨١] واتە: ئەی پێغەمبەری خوا بانگدەران لە ئێمە باشترن

---

[٧٨] بوخاری (٥٧٩). ئەلبانی: صحيح الجامع (٦٤٢٣).

[٧٩] سەحیحەووا لە موسلیم (٣٨٦)، ئەبوداوود (٥٢٥)، ترمذي (٢١٠)، نەسائی (٢/٢٦).

[٨٠] شێخی ئەلبانی رەحمەتی بە سەحیحی ناساندووە: مشكاة المصابيح (٦٧١)،صحيح أبي داود (٥٣٤)،ارواء الغليل (٢٤٤).

[٨١] شێخی ئەلبانی بە سەحیحی داناوە: صحيح أبي داود (٥٢٤).

(پاداشتیان زۆرترە) پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: وەکو ئەوان بڵێرەوە، کە تەواو بوویت داواکەو وەڵامت بدرێتەوە..

نابێت کە بانگ درا مزگەوت
جێ بهێڵێت مەگەر عوزری هەبێت

کە لە مزگەوتێکدا بانگ دەدرێت، موسوڵمان بۆی نییە بڕوات و نوێژی جەماعەتەکە نەکات، مەگەر عوزری هەبێت.. عوزر وەکو دەسنوێژگرتنەوە، غوسڵ دەرکردن بۆ یەکێك کە بیری چووبێت، یان کەسێك دەسنوێژی گرانە، یان دەرشێتەوە یان شتێکی تری لەو حاڵەتانەی بەسەردێت.. یان پێشنوێژی لە مزگەوتێکی تر دەکات.

* *

هەندێك هەڵەی بانگدەران

هەڵەی بانگدەران:

١- لەراندنەوەو درێژکردنەوەی پیتەکانی مەدد زیاتر لە سنوری خۆیان.

٢- زیاد کردنی ووشەی (سیدنا) بۆ پێش ناوی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە شایەتمانەکەدا..

٣- تەسبیحات کردنی پێش بانگ و سەڵاو شیعر خوێندنەوە دوای بانگ.

٤- سەڵاواتدان لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پاش بانگ.

٥- فاتیحە دادانی دوای بانگ.

٦- پابەند نەبوون بە شێوەو چۆنیەتی شەرعی بانگەکەوە.

٧- وازهێنان لە بانگی یەکەمی بەیانی و زیادکردنی تەسویب (ووتنی الصَّلاةُ خيرٌ مِنْ النَّوم) بۆ بانگی دووەم.

دووەم: هەڵەی گوێگرانی بانگ:

١- پابەند نەبوون بەو گوفتارو ڕەفتارانەی دەربارەی بانگ باس کران، یان ئیهمال کردن و گویَ پێنەدانیان.

٢- ووتنی (لَبَّيْكَ) لەگەڵ بیستنی بانگەکەدا.

٣- ماچ کردنی نینۆکە گەورە لە کاتی ووتنی شایەتمانەکەو هێنانیان بەسەرچاوەکاندا!

٤- زیاد کردنی (والدَّرَجَةَ الرَّفيعَةَ العَالِيَةَ) بۆ دوعای وەسیلەکەی دوای بانگدان کە سەنەدی ساغ نەبۆتەوە کە لەو دوعایەدا بێت، ئەمما (إنَّكَ لا تُخْلِفُ المِيعَاد) ڕیوایەتی بەیهیقیەو شەرعناسانێکی کۆن وەك نەوەوی و نویَ وەکو شێخ ئیبن باز بە سەحیحیان ناساندووەو کاریان پیَ کردووە.

٥- سوێند خواردن بە بانگ و بە هەقی بانگەکە !!

سێیەم: هەڵەی کاتی قامەت کردن:

١- وەڵام نەدانەوەی گوێگرانی.

٢- ووتنی: (أقَامَهَا اللهُ وَ أدامَهَا مَا دامَتْ السَّمَاواتُ والارضُ) کە زۆرینەی مەلای کورد دەیڵێن، زیادەیەو ناسەلمێنرێت، موناقەشەی فەرموودەوانان و شەرعناسان لەسەر (أقَامَهَا اللهُ وَ أدامَهَا)کەیەتی کە دەرهەق ئەویش فەرموویانە زەعیفە و نابێتە بەڵگەی چەسپاندنی خواپەرستی ..

٣- ووتنی دوعای وەسیلە (اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ وَالصَّلَاةِ الْقَائِمَةِ..)لە دوای قامەت کردن! هەنجەتیشیان ئەوەیە کە مادام بە قامەت ووتراوە بانگ! ئەمانیش بە ڕەوایان زانیووە کە لە پاش قامەت ئەم دوعایە بیڵێنەوە .. ئەمە بەڵگەی لەسەر نیەو بیدعەیە ..

٤- هەندێك بیدعەوانی تر پێش نوێژ دابەستن دوعایەك دەكەن و دەڵێن: (أَللهُمَّ أحْسِنْ وُقوفَنَا بَينَ يَدَيكَ) واتە: خوایە راوەستانمان لەبەردەستتدا چاك كەیت .. هەندێكی تریان زیادەی تریش دەڵێن: (يَومَ الْعَرْضِ عَلَيكَ) واتە: لەو رۆژەدا كە هەموو نیشان جەنابت دەدرێنەوە..

زۆرینەی شەرعناسان و توێژەرەوەو فەرموودەوانانی كۆن و نوێ لەسەر ئەوەن كە هیچ دوعایەك لە نێوان قامەت و نوێژ دابەستن (تەكبیرەی ئیحرام)دا نەسەلمێنراوە، نە دوعای وەسیلەو نە ئەم دوعایەو نە دوعای تر..[٨٢]

* * *

[٨٢] فتاوى اللجنة الدائمة (٨٩/٦، ٩٠).

قامەت کردن

پێناسەی: پێشتر ووتمان قامەت ئاگادارکردنەوەی ئەو موسوڵمانانەیە کە ئامادەی نوێژکردنن، ئەمەش بە لەفزی دیاری کراوە کە دەبێت بە شێوەیەکی تایبەتیش بوترێت.

سیفەتی قامەت: قامەت یازدە رستەیە:

(اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ
أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ
أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ
حَيَّ عَلَى الصَّلَاةُ
حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ
قَدْ قَامَتْ الصَّلَاةُ، قَدْ قَامَتْ الصَّلَاةُ
اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ
لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ)[٨٣]

ئەمە ریوایەتی سەیدنا عبداللهی کوڕی زەیدە، کە سەیدنا بیلالی فێر کردو ئەویش بەردەوام لە خزمەت پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرمووەوە ..

پەسەندترە، ئەو کەسەی بانگ دەدات هەر دەبێ ئەویش قامەت بکات چونکە لە سەردەمانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سەیدنا بیلالی حەبەشی بانگی دەداو هەرئەویش قامەتەکەی دەکرد ..

بیسەران قامەت لە دوای ئیقامەوانەوە دەڵێنەوە؟!: بەڵێ وەکو ئەو دەڵێنەوە، چونکە فەرموودەکەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (إِذَا سَمِعْتُمْ النِّدَاءَ فَقُولُوا مِثْلَ مَا يَقُولُ الْمُؤَذِّنُ)[٨٤] واتە: ئەگەرگوێتان لە بانگ بوو، هەروەکو ئەوەی بانگدەر دەیڵێت بیڵێنەوە .. قامەت کردنیش بانگە. بەڵام کاتێک دەگاتە (قَدْ قَامَتْ الصَّلَاةُ) وەکو

---

[٨٣] بوخاری (٦٠٥)، موسلیم (٣٧٨).

[٨٤] بوخاری (٦١١)، موسلیم (٣٨٣)..

بانگدەرەکە دەیڵێتەوە، واتە کە دەڵێ: (قَدْ قَامَتْ الصَّلَاةُ، قَدْ قَامَتْ الصَّلَاةُ) هەر دەبێت وەکو ئەو بڵێتەوە، نەك لە خۆمانەوە بێ هەبوونی بەڵگە بڵێین: (أقَامَهَا اللهُ وَأدامَهَا) چونکە وەکو شێخی ئەلبانی رەحمەتی دەفەرموێ: ریوایەتێکی لاوازەو خواپەرستی پێ ناچەسپێنرێت..[٨٥]

کەی قامەت دەکرێت؟: ئەسڵ ئەوەیە کە بانگدەر ئەو کاتە قامەت دەکات کە پێشنوێژ (ئیمام)ە کەیان بینی وا بۆ ئیمامەتیەکەی هات .. سەیدنا جابری کوڕی سەمورە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (ثُمَّ لا يُقِيمُ حَتَّى يَخْرُجَ اليهِ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ، فَإذَا خَرَجَ أقَامَ حِينَ يَرَاهُ)[٨٦] واتە: پاشان قامەتی نەدەکرد تا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەشریفی دەهێنا، هەرکە دەیبینی وا تەشریفی هێنا قامەتی دەکرد.

کەی خەڵکەکە هەڵدەستن بۆ نوێژ؟: ئەگەر پێشنوێژەکەیان لەلا نەبوو، باشتر وایە چاوەڕوانی بکەن، کەی لێیانەوە دەرکەوت ئینجا قامەت بکەن، کاتێك پێشنوێژ دێتە جێ نوێژی خۆی و بانگدەردەست دەکات بە قامەت کردن، باشتروایە خەڵکەکەش بۆ نوێژەکە هەستن.

* * *

[٨٥] ارواء الغليل (٢٤١)

[٨٦] موسلیم (٦٠٦)، ئەبو داوود (٥٣٧)، ترمذي (٢٠٢)، ئەحمەد ٩١/٥).

مەرجی دووەم
لەش پاکی و هەبوونی دەسنوێژ

لەش پاکی و هەبوونی دەسنوێژ لەو مەرجانەی نوێژ کە نەبوونیان . لەگەڵ نەبوونی عوزردا . نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە:

لەش پاکی و هەبوونی دەسنوێژ مەرجە بۆ نوێژ چونکە: خوای پەروەردگار دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فَاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ) المائدة/٦ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر بۆ نوێژ هەستان با دەموچاوو دەستان تا ئانیشك شتبێت و مەسحی سەرتان کردبێت و پێیەکانیشتان تا قولەپێ شتبێت.. هەروەها دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقْرَبُواْ الصَّلاَةَ وَأَنتُمْ سُكَارَى حَتَّىَ تَعْلَمُواْ مَا تَقُولُونَ وَلاَ جُنُبًا إِلاَّ عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىَ تَغْتَسِلُواْ) النساء/٤٣ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، لەو کاتانەدا کە سەرخۆشن توخنی نوێژ نەکەونەوە، تا بزانن چی دەڵێن، لەو کاتانەش کە لەشگرانن (لە جەنابەتدان) تا خۆتان دەشۆن، مەگەررێبواربن. لە فەرمودەشدا هاتووە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت: (لا يَقْبَلُ اللهُ صَلاةَ أحَدِكُمْ إذَا أحْدَثَ حَتَّى يَتَوَضَّأَ).[٨٧] واتە: خوای گەورە نوێژی ئەو کەسە قبووڵ ناکات کە دەسنوێژی دەشکێت تا دەسنوێژی بۆ نەگرێتەوە.. هەروەها فەرمووده مەرفووعەکەی لای ئیبنو عومەر خوا لێیان رازی بێت کە دەفەرموێ: (لا تُقْبَلُ الصَّلاةُ بِغَيرِ طُهُورٍ).[٨٨] واتە نوێژی بێ دەست نوێژ قبووڵ نابێت .

ئەم بەڵگانە راشکاوانە پاکژی دەکەنە مەرجی قبووڵ بوونی نوێژ، مەگەر کەسێك عوزری هەبێت، وەك ئەوانەی تووشی میزەچرکێ بوون، یان بەردەوام بایان لێ دەبێتەوە، یان وەکو ئەو ئافرەتانەی خوێنی داوێنیان بەردەوامە، ئەمانە نوێژەکانیان دەکەن ئەگەرچی بە زاهیر

[٨٧] متفق عليه بوخاری (١٣٥)، موسليم (٢٢٥).
[٨٨] موسليم (٢٢٤)، ترمذي (١)، ئيبنوماجة (٢٧٢)..

دەسنوێژیشیان بەوەی بەسەریاندا دێت شکابێت.. هەروەها ئەو کەسەی کە نە ئاوی دەسکەوتووە دەسنوێژی پێ بگرێت، نە صەعیدیشی لایە تەیەمومی پێ بکات (فاقد الطهورين) وەکو ئەوانەی لە زینداننو رێی دەسنوێژو تەیەمومیان نیە، ئەمانە هەر بەو حاڵەی کە تێیدان نوێژەکەیان دەکەن..

پاکی بەدەن و پۆشاك و شوێن پێویستە: مەرجە بەدەن لە هەموو شتێك پاك بکرێتەوە کە شەرع بە پیسی ناساندبێت.. چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانیدا زەکەر لە مەزی بشۆرێتەوە (يَغْسِلُ ذَكَرَهُ وَيَتَوَضَّأْ)[٨٩] واتە: زەکەری دەشواتەوەو دەسنوێژ دەگرێت.. مانای وایە نابێت پیسی بە هیچ شوێنێکی بەدەنەوە بێت. هەروەها پۆشاکیش دەبێت پاك بێت، یان پاك کرابێتەوە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ) المدثر/٤ واتە پۆشاکەکانت پاکژ کەرەوە.. هەروەها کە جوبرەئیلی بەرێز سەلامی خوای لێ بێت هەواڵی دایە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە نەعلەکانی پیساییان پێوەیە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەردوو جووتە نەعلەکەی لە پێ دانا [٩٠] ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نابێت پیسایی بە شتێکەوە هەبێت کە نوێژی پێوە دەکرێت، دەبێت ئەوکاتەی کە پێی دەزانرێت -لە نوێژیشدا بێ- دەبێ خێرا لادرێت ..
شوێنیش واتە ئەو جێگەیەی نوێژەکەی لێ دەکرێت دەبێت پاك بێت، ئەمەش مەرجی قبووڵ بوونی نوێژە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَعَهِدْنَا إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْعَاكِفِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ) البقرة/١٢٥ واتە: فەرمانی ئەوەمان بە ئیبراهیم و ئیسماعیل سپارد کە بە هەردوکتان ماڵەکەی من (کەعبە) بۆ ئەو کەسانەی دێن تەوافی دەکەن ولێی دەمێننەوە وخەڵوەت دەکێشن و رکوع و سوجدەی لێ دەبەن، پاك کەنەوە.. پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی بە یاوەران دا کە شوێن میزی کابرای ئەعرابی پاك کەنەوە کە لە مزگەوتەکەدا میزی کرد: سەیدنا ئەنەس خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (أَنَّ أَعْرَابِيًّا بَالَ فِي الْمَسْجِدِ فَقَامَ إِلَيْهِ بَعْضُ الْقَوْمِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى

---

[٨٩] بوخاری (٢٦٩)، موسلیم (٣٠٣)، نەسائی (١٥٢)، ئەحمەد (١٢٥/١)
[٩٠] الألباني: ارواء الغليل (٢٨٤).

اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دَعُوهُ، لا تُزْرِمُوهُ . قَالَ: فَلَمَّا فَرَغَ دَعَا بِدَلْوٍ مِنْ مَاءٍ فَصَبَّهُ عَلَيْهِ)[٩١] واتە: ئەعرابیەك هاتە ناو مزگەوت و میزی کرد، کۆمەڵە کەسێك پەلاماریان دا نەیهێڵن بەڵام پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: لێی گەڕێن، مەیشڵەژێنن (تا میزکردنەکەی پێ نەبڕن) کە تەواو بوو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی دا دۆلکەیەك ئاویان هێناو کردی بە شوێن میزەکەیدا.

پیسی بە بەدەنەوە یان بە پۆشاکەوە یان بە شوێنی نوێژەکەوە بە بێ هەبوونی عوزر بۆ لانەبردنی، دەبێتە هۆی دروست نەبوونی نوێژەکە. بەڵام ئەگەر کەسێك پیسی پێوە بوو نوێژی پێوە کرد، دوایی زانی، نوێژەکەی دروستەو نایکاتەوە، لەبەر ئەوەی سەیدنا ئەبو سەعیدی خودری خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا بە نەعلەکانیەوە نوێژی کرد، یاوەرانیش لە دوایەوە بە نەعەلەکانیانەوە نوێژیان دابەست، لە نوێژەکەدا پێغەمبەری خوا نەعلەکانی دانا، یاوەرانیش لە دوایەوە نەعلەکانیان دانا، کە سەلامی (کۆتایی نوێژی) دایەوە پێی فەرموون: بۆچی نەعلەکانتان لە پێ کردەوە؟! فەرموویان: دیمان جەنابت نەعلەکانت دانا، ئێمەش دامانن، فەرمووی: جوبرەئیل هات و هەواڵی دامێ کە نەعلەکان پیسییان پێوە بوو .. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نوێژی ئەو کاتەی نەیزانیووە بۆی حسێبە، چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نوێژەکەی لە سەرەتایەوە دەست پێ نەکردەوە، بەڵکو لەو ساتەوەی کە زانی بەردەوام بووە تا تەواوی کرد ..[٩٢]

ئەو شوێنانەی نابێت نوێژیان تێدا بکرێت:

---

[٩١] متفق علیه: بوخاری (٦٠٢٥)، موسلیم (٢٨٤).

[٩٢] الألبانی: ارواء الغلیل (٢٨٤).

١- مۆڵگای حوشتر: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (لا تُصلُّوا فِي مَبَارِكِ الإبِلِ فَإِنَّهَا مِنْ الشَّيَاطِينِ)[٩٣] واتە: نوێژلە مۆڵگای حوشتردا مەکەن، چونکە شوێنی شەیتانەکانە..

٢- گۆڕستان: سەیدنا ئەبومەرسەد خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (لا تَجْلِسُوا عَلَى الْقُبُورِ وَلا تُصَلُّوا إِلَيهَا)[٩٤] واتە: لەسەر گۆڕ دامەنیشن و نوێژیشی لاوە مەکەن ..

- عائیشە خان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (لَعَنَ اللهُ اليهودَ وَالنَّصَارَى اتَّخَذُوا قُبُورَ أنْبِيائِهِمْ مَسَاجِدَ)[٩٥] واتە: نەفرینی خوا لە جولەکەکان، گۆڕی پێغەمبەرانی خۆیان کردە جێی خواپەرستی.

جیاوازیش نیە لە نێوانی گۆڕستانی موسوڵمانان و گۆڕستانی کافراندا.. ڕێگرتن لە نوێژ هەردووکیان دەگرێتەوە.. ئەم ڕێگرتنە لە نوێژکردن لەسەر گۆڕو گۆڕستان، رێ لە نوێژی جەنازە ناگرێت کە لەوێ لەسەر مردوو بکرێت، مردووەکە نێژرا بێت یان هێشتا لە دارەمەیتەکەیدا بێت..

٣- گەرماو (حەمام): پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت:(الأرْضُ كُلُّهَا مَسْجِدٌ إلَّا الْمَقْبَرَة و الحَمَّام)[٩٦] واتە: هەموو شوێنێکی سەر زەوی جێی نوێژە جگە لە گۆڕستان و گەرماو. ئەو شوێنەی خۆی لێ دەشۆرێت، نەك ئاودەست (تەوالێت)..

* * *

[٩٣] ئەبو داوود (٤٩٣)، ئیبنوماجة (٧٦٩)، ئەحمەد (٥٥/٥). سەحیحە: صحيح فقه السنة (٢٩٥/١).

[٩٤] موسلیم (٩٧٢).

[٩٥] بوخاری (٤٣٥)، موسلیم (٥٢٩).

[٩٦] ئیبنوماجة (٧٤٥)، ئیمامی ئەحمەد (١٢١٠٤). شێخی ئەلبانی رەحمەتی لە إرواء الغليل (٣٢٠/١) دا.

مەرجی سێیەم
داپۆشینی عەورەت بە گوێرەی توانا

زۆرینەی زۆری شەرعناسان لەوەدا راکۆن کە عەورەت داپۆشین بۆ هەموو خاوەن توانایەك، مەرجە بۆ دروستی نوێژ، چونکە: خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا بَنِي آدَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ) النساء/٣١ واتە: ئەی نەوەی ئادەم، لە هەموو مزگەوتێکدا جوانی و رازاوەییتان پێوە دیار بێت.. هەندێك لە موفەسسیران دەفەرموون: یەعنی: ئەی موسوڵمانینە، کاتێك دەتانەوێت نوێژ بکەن خۆتان داپۆشن.. چونکە لە سەردەمی جاهیلییەتی پێش ئیسلامدا عەرەبەکان بە رووتی تەوافیان بە دەوری کەعبەدا دەکرد! ئەم ئایەتەش وەکو ریوایەتی سەحیحی موسلیم دەفەرموێ: بۆ رێگرتن لەو خووە ناپەسەندە هاتە خوارەوە.. هەروەها سەیدنا سەلەمەی کوڕی ئەکوەع خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (قُلْتُ يَا رَسُولَ اللهِ، إنَّا نَكُونُ فِي الصَّيدِ، أَفَيُصَلِّي أحَدُنَا فِي القَمِيصِ الْوَاحِدِ؟ قَالَ: نَعَمْ، وَلْيَزْرُرْهُ وَلَو لَمْ يَجِدْ إلا أنْ يَخُلْهُ بِشَوكَةٍ).[٩٧] واتە: عەرزی پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد: ئێمە جاری وا هەیە لە راوکردنین ئایا جائیزە بە یەك پۆشاکەوە نوێژ بکەین؟ فەرمووی: بەڵێ مادام هیچی تری دەسناکەوێت، کەلێنەکەی داخات با بە دڕکێکیش بێت.. لە فەرمودەیەکی تردا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: (لا يَقْبَلُ اللهُ صَلاةَ حَائِضٍ إلا بِخِمَارٍ).[٩٨] واتە: خوا نوێژی ئافرەتی باڵغ قبووڵ ناکات ئەگەر سەرپۆشی پێوە نەبێت..

ئیبنوعەبدولبیرو ئیبنوتەیمییە کۆڕای شەرعناسان نەقڵ دەکەن کە هەر کەسێك بە رووتی نوێژ بکات، لە کاتێکدا توانای خۆداپۆشینی هەبێت، نوێژەکەی قبووڵ نیە..

---

[٩٧] ئەلبانی لە توێژینەوەی فەرموودەکانی مشكاة المصابيح (٧٦٠) دا بە حەسەنی ناساندووە..

[٩٨] ئەبوداوود (٦٤١)، ترمذي (٣٧٧) ئەلبانی بە حەسەنی ناساندووە لە الارواء (٢١٥/١)

هەرچەندە هەندێك لە مالیکیەکان و شەوکانی داپۆشینی عەورەت ناکەنە مەرجی قبووڵبوونی نوێژ.[٩٩]

داپۆشینی عەورەت لە نوێژدا کە وەستانە لە خزمەت خوای کردگارو پەروەردگارو بەدەسەڵات و مەزندا، سیمایەکی ئەدەبی بەرزو رەفتاری خواناسانەیە کە لەگەڵ گەورەیی و ناوەرۆکی نوێژدا دەگونجێت..[١٠٠]

<u>ئەو شوێنانەی عەورەتن و دەبێت لە نوێژدا داپۆشرێن:</u>

- دەفەی شانی پیاو: لە نوێژدا دادەپۆشرێت، چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەرهەڵستی لێکردووە: (لَا يُصَلِّيَنَّ أَحَدُكُمْ فِي الثَّوْبِ الْوَاحِدِ لَيْسَ عَلَى عَاتِقِهِ مِنْهُ شَيْءٌ).[١٠١] واتە: کەستان بە یەك پۆشاکەوە نوێژ نەکات کە هیچی بەسەر شانیەوە نەبێت.. بەڵام لە دەرەوەی نوێژدا کابرا دەتوانێت لای پیاوان شانی رووت کات! یان ئافرەت کە لە نوێژدا سەرپۆش دەپۆشێت، بەڵام لە دەرەوەی نوێژەکەدا لەبەر دەم مەحرەمانی خۆیدا قژی رووت دەکات.

پێچەوانەی ئەمیش هەردوو دەست و پێیەکانە، کە بە پێی بۆچوونی پەسەندتر ئافرەت نابێت بۆ پیاوی بێگانەیان دەرخات، بەڵام لە نوێژدا بە پێی بۆچوونی جمهوری پێشەوایانی شەرع فەرز نین لەسەری..

ئەو شوێنانەی لەش کە دەبێت پیاو لە نوێژیدا دایانپۆشێت:

---

[٩٩] مجموع الفتاوى (١١٧/٢٢)، فتح الباري (٥٥٥/١)، بداية المجتهد (١٥٦/١)، السيل الجرار (١٥٨/١).

[١٠٠] البدائع (١١٦/١)، الدسوقي (٢١١/١)، مغنى المحتاج (١٨٤/١)، كشاف القناع (٢٦٣/١).

[١٠١] بوخاری (٣٥٩)، موسلیم (٥١٦).

- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەیهێشتووە بە رووتی تەوافی کەعبە بکرێت: (لَا يَحُجُّ بَعْدَ الْعَامِ مُشْرِكٌ وَلَا يَطُوفُ بِالْبَيْتِ عُرْيَانٌ).[١٠٢] واتە: لەم ساڵەوە موشریك نابێ بێتە حەج و کەسیش بۆی نیە تەواف بە رووتی بکات... بە تەئکید نوێژ کردن هەر نابێت بە رووتی بکرێت.

- دەربارەی نوێژکردن بە یەك پۆشاکەوە فەرمووی: (فَإِنْ كَانَ وَاسِعاً فَالْتَحِفْ بِهِ، وَإِنْ كَانَ ضَيِّقاً فَاتَّزِرْ بِهِ).[١٠٣] واتە: ئەگەر پانو پۆڕو واڵابوو بیدە بەسەر خۆتدا، ئەگەر کورت و تەسك بوو وەك پەشتەماڵ لە خۆی پێچە. کەوابوو ئەوەندەی کە پەشتەماڵەکە دایپۆشیووە لە نوێژدا فەرزە دابپۆشرێت..

- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە فەرموودەیەکدا عەورەتی نوێژ دیاری دەکات، دەفەرموێ: (مَا بَيْنَ السُّرَّةِ و الرُّكْبَةِ عَوْرَةٌ).[١٠٤] واتە: نێوان ناوك و ئەژنۆ عەورەتە..

کەوابوو دەبێت پیاوان لە کاتی نوێژ کردنیاندا لە شانیانەوە تا خوار ئەژنۆیان داپۆشن، مەگەر کەسێك پۆشاکەکەی بەش نەکات، ئەو کاتە وەکو پەشتەماڵ لە ناوکیەوە تا خوار ئەژنۆی پێ دادەپۆشێت..

سیفەتی پۆشاکی نوێژ:

- مەرجە پۆشاکی نوێژ تەنك نەبێت، تەنك ئەوەیە کە رەنگی پێستی لێوە دەرکەوێت کە سپیە یان ئەسمەرە..

[١٠٢] بوخاری (١٥٤٣).
[١٠٣] بوخاری (٣٦١)، موسلیم (٣٠١٠).
[١٠٤] ئەبو داوود (٤٩٥) وئەوانی تر، ئەلبانی بە حەسەنی داناوە: ارواء الغليل (٢٢٦/١)

- مەرجە ئەگەر پۆشاكی نوێژ ئەستوور بوو، تەسك نەبێت، نەبادا شكڵی بەدەن یان هەندێك شوێنی بەدەن نیشان داتەوە، وەكو تراكسووتی ژێرەوە كە شكڵی عەوەرت نیشان دەداتەوە..

- مەرجە جۆری قوماشی پۆشاكی نوێژ نەرمەلیقە نەبێت (وەكو حەریرو مەلمەل) نەبادا بە لەشەوە بنوسێت..

نوێژ بە پۆشاكێكەوە كە ئەم مەرجانەی تێدا نەبێت دروستە بەڵام شتێكی مەكرووهە..

ئەو شوێنانەی لەش كە دەبێت ئافرەت لە نوێژیدا دایانپۆشێت:

١- ئەگەر ئافرەت بە ئامادەیی پیاوانی نامەحرەم نوێژی دەكرد، بە رای جمهوری پێشەوایانی شەرع دەبێت هەموو گیانی جگە لە دەست و دەم و چاوی داپۆشێت..

٢- ئەگەر ئافرەت لەو كاتەی پیاوانی نامەحرەمی لایە نوێژی كردو هەموو لەشی جگە لە دەست و دەموچاوی دانەپۆشیبوو، یان شوێنێكی لەشی لەوانەی پێویستە داپپۆشێت دەركەوت، بە ڕای شەرعناسان نوێژەكەی دروستە بەڵام گوناحبار دەبێت.. چونكە بەڵگەی بەتاڵ بوونەوەی نوێژكەی لەبەردەستدا نیە..

٣- ئەگەر ئافرەتێك تەنها بوو نوێژی دابەست، یان مێردو مەحرەمانی خۆی لە لا بوو لكی سەرپۆشەكەی كرایەوە یان شل بۆوەو قژی دەركەوت یان شوێنێكی تری، پێویستە زوو داپپۆشێتەوە، ئەگەر داینەپۆشیەوەو نوێژەكەی تەواو كرد، نوێژەكەی بەتاڵەو دەبێ بیكاتەوە.. چونكە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: (لا يَقْبَلُ اللهُ صَلاةَ حَائِضٍ إلا بِخِمَارٍ).[١٠٥] واتە: خوا نوێژی ئافرەتی باڵغ قبووڵ ناكات ئەگەر سەرپۆشی پێوە نەبێت..

[١٠٥] ئەبوداوود (٦٤١)، ترمذي (٣٧٧) ئەلبانی بە حەسەنی ناساندووە لە ارواء الغليل (٢١٥/١).

داپۆشینی پێی ئافرەت لە نوێژدا فەرز نیە: ئیمامی شافیعی دەفەرموێ: هەموو شوێنێکی ئافرەت لە نوێژدا عەورەتە جگە لە دەست و دەموچاوو پشتی پێی..[١٠٦]

- ئافرەت مادام کەوتۆتە حەیزەوەو باڵغ بووە باشتر وایە لە نوێژدا بە دوو یان سێ پارچە پۆشاك خۆی داپۆشێت: سەرپۆشێکی گەورە کە نێوان شانەکانی داپۆشێت، کراسێکی تری ئاودامان کە لە شانیەوە تا پێیەکانی بگرێتەوە، ئەگەر نا تەنوورەیەکی درێژ کە لە خوار سنگیەوە گرتبێتیەوە تا قولە پێی بەو مەرجەی سەرپۆشەکەی بەسەر تەنوورەکەدا بێتەوە (وەك ئەوەی درێژ بێت تا سەر ناوکی).. وەك ئەو جلە نوێژەی ئێستا لە ناو ئافرەتی موسوڵماندا باوە کە دوو پارچەیەو ئاسان و حازر بە دەستە، سەرپۆشێکی درێژە تا پشتێنەو تەنورەیەکیش لە سەروو پشتێنەوەیە تا سەر پێیەکانی.. ئیمامی شافیعی دەیفەرموو: شەرعناسان بە گشتی لەسەر ئەوەن کە دەبێت ئافرەت لە نوێژیدا لانی کەم سەرپۆش و جبە بپۆشێت، لەوانیش زیاتر بپۆشێت باشترە..

هەر کەس لە نوێژدا عەورەتی دەرکەوێت، نوێژەکەی بەتاڵ دەبێتەوە: جمهوری شەرعناسان لەسەر ئەوەن کە هەر کەسێك لە ناکاوو بێ ئاگایانەش لە نوێژدا عەورەتی دەرکەوێت، ئەگەر دەسبەجێ داینەپۆشێتەوە نوێژەکەی بەتاڵ دەبێتەوە..

نوێژ بە رووت و قووتی: جمهوری شەرعناسان لەسەر ئەوە کۆن کە هەر کەسێك پۆشاکی دەست نەکەوێت نوێژەکەی پێوە بکات، نوێژەکەی لەسەر لاناچێت.. بۆ نوێژەکەی سەرپشکە کە بە پێوە بیکات، یان بە دانیشتنانەوە.. هەردوو لاشیان پێیان پەسەندترە کە لە جیاتی رکوع و سجود بە سەری ئاماژە بکات چونکە وا مەستوورترە. ئەمەش زیاتر لەگەڵ هەڵوێستە خواپەرستیەکەدا دەگونجێت. دواتریش پۆشاکی دەسکەوت نوێژەکەی ناگێڕێتەوە.. ئەمەش پەسەندترە.. والله اعلم.

[١٠٦] الأم (١/٧٧).

خۆ جوان کردن و خۆ رازاندنەوە بۆ نوێژ کردن: نوێژ بە یەك پارچە پۆشاکەوە جائیزە بکرێت، بەڵام باشتر وایە موسوڵمان ئەگەر هەیبێت زیاتر لە یەك پۆشاك بپۆشێت، سوونەتە جوانپۆش بێ و باش خۆی برازێنێتەوە بە تایبەتی کە بۆ مزگەوت و جومعەو جەماعەت دەچێت. چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ) النساء/٣١ واتە: ئەی نەوەی ئادەم، لە هەموو مزگەوتێکدا جوان بپۆشن و رازاوەییتان پێوە دیار بێت.. سەیدنا ئیبنوعومەر خوا لێی رازی بێت دەیفەرموو: (إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ فَلْيَلْبِسْ ثَوبَيهِ، فَإِنَّ اللهَ أَحَقُّ مَنْ تُزَيّنْ لَهُ..).[١٠٧] واتە: هەرکەسێکتان نوێژی کرد با هەردوو پارچە پۆشاکەکەی بپۆشێت، خوای گەورە شایانترە خۆی بۆ برازێننەوە..

نوێژ بە پۆشاکی زەوت کراوو لەسەر زەوی زەوت کراو: شەرعناسان لە حوکمی ئەمەو هاوشێوەکانیدا دوو بۆچوونن:

- نوێژ بە پۆشاکی زەوتکراو، یان لەسەر خاکی زەوتکراو جائیز نیە: ئەمە رای ئیمامی ئەحمەدو ئیبنوحەزمەو ئیبنوتەیمییە بە پەسەندتری زانیووە.[١٠٨] بەڵگەشیان ئەوەیە کە پۆشاك بەشێکە لە ئەنجامدانی نوێژەکەو لێی نابێتەوە بۆیە مەرجە کە بپۆشرێت و حەڵاڵ بێت، پۆشاك وەکو قاپێکی زێرین نیە کە کابرا دەسنوێژی تێدا گرتبێت و نوێژی کردبێت، چونکە قاپەکە بەشێك نیە لە نوێژەکە پۆشاکەکە بەشێکە لێی..

- نوێژ بە پۆشاکی زەوت کراو، یان لەسەر خاکی زەوت کراو جائیزەو قبووڵە ئەگەرچی بە کردەوە ناڕەواکەی گوناحبار بووە.. خودی زەوت کردن حەرامە نەك نوێژکردن بە پۆشاکی زەوت کراوەوە، یان نوێژکردن لەسەرزەوی زەوت کراو.

نوێژ بە نەعل و پێڵاوەوە: جائیزە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە پێڵاوەوە پێشنوێژی بۆ یاوەرانی دەکرد، جوبرەئیلی بەڕێز سەلامی خوای لێ بێت هەواڵی دایە کە

[١٠٧] بەیهیقی (٢٣٦/٢)، المجموع (٥٤/٢)
[١٠٨] الانصاف (١٩٤/١)، المحلى (٣٣/٤)، مجموع الفتاوى (٨٩/٢١).

نەعلەکانی پیساییان پێوەیە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەردوو جووتە نەعلەکەی لە پێ دانا.[١٠٩]

نوێژ بە پێڵاوەوە یەکێکە لە جیاوازی نێوان جولەکەو موسوڵمان: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: (خَالِفُوا الْيَهُودَ فَإِنَّهُمْ لَا يُصَلُّونَ فِي نِعَالِهِمْ وَلَا خِفَافِهِمْ).[١١٠] واتە: پێچەوانەی جولەکە بکەن، ئەوان نوێژ بە نەعل و خوففەوە ناکەن..

* * *

مەرجی چوارەم
رووکردنە قیبلە

بە کۆڕای شەرعناسان ئەمیش مەرجی نوێژە، هەرچەندە وەکو شێخی ئەلبانی دەفەرموێ: ئەمە شتێکی بنبڕە، ئەوەندەی فەرموودە لەسەر گێڕراوەتەوە، کە هی ئەوە نەماوە توێژینەوە لەسەر بەڵگەکانی بکرێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باشترە هەندێك بەڵگە بهێنینەوە:

١- خوای گەورە دەفەرموێ: (قَدْ نَرَى تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاء فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسجِدِ الْحَرَامِ) البقرة/١٤٤ واتە: دەبینین وا چاو لە ئاسمان دەبڕیت (چاوەڕوانیت رووت بکەینەوە کەعبە) رووت دەکەینەوە قیبلەیەك کە پێی رازیت و دڵت پێوەیەتی، دەیسا روو بکەرە مزگەوتی حەرام،کەعبەکەی خوای گەورە ..

[١٠٩] الألباني: ارواء الغليل(٢٨٤).

[١١٠] شێخی ئەلبانی لە أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (ل ٥٤) دا بە سەحیحی ناساندووە..

٢- سەیدنا ئیبنو عومەر خوا لێیان رازی بێت فەرمووی: (قَالَ بَيْنَمَا النَّاسُ بِقُبَاءَ فِي صَلَاةِ الصُّبْحِ جَاءَهُمْ آتٍ فَقَالَ إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَدْ أُنْزِلَ عَلَيْهِ اللَّيْلَةَ قُرْآنٌ وَقَدْ أُمِرَ أَنْ يَسْتَقْبِلَ الْقِبْلَةَ فَاسْتَقْبِلُوهَا وَكَانَتْ وُجُوهُهُمْ إِلَى الشَّامِ فَاسْتَدَارُوا إِلَى الْكَعْبَةِ).[١١١] واتە: لەو کاتەی خەڵکی لە مزگەوتی قیبا لە نوێژی سپێدەدا بوون، کابرایەك هات و پێی ووتن: ئەمشەو وەحی بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دابەزیووەو فەرمانی پێکردووە کە لەمەودوا روو بکەنە کەعبە، - خەڵکەکە کە روویان لە شام بوو - یەکسەر هەر لە نوێژەکەدا روویان بەرەو کەعبە وەرگێڕا ..

٣- فەرموودەی کابرای خاوەن نوێژهەڵە کە نوێژەکەی بە ناتەواوی کردو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێی دەفەرموو: نوێژەکەت نەکردووە! کە بە فەرموودەی خاوەن نوێژهەڵە (المسئ صلاته)[١١٢] بەناوبانگە کە فەرمانی پێ دەکات روو بکاتە قیبلە: (إِذَا قُمْتَ الَى الصَّلاةِ فَأَسْبِغْ الوُضُوءَ، ثُمَّ اسْتَقْبِلْ الْقِبْلَةَ، فَكَبِّرْ).[١١٣] واتە: کە هەستایت بۆ نوێژ، دەسنوێژت بە چاکی بگرە، پاشان روو بکەرە قیبلەو تەکبیرەی ئیحرام بکەو نوێژ دابەستە..

نوێژی سوونەت بە سەر سوارییەوە:

ئەگەر بەسەر سوارییەوە بوو، وویستی نوێژی سوونەت بکات، رووشی لە قیبلە نەبێت قەیدی نیە، چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَکە لە سەفەردا دەبوو زۆر جار سوننەتەکان و وتری بەسواری وولاخەکەیەوە دەکرد، سەیدنا ئیبنو عومەر خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (كَانَ رَسولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ يُسَبِّحُ عَلَى الرَّاحِلَةِ قِبَلَ أيَّ وَجْهٍ تَوَجَّهَ، وَيُوتِرُ عَلَيهَا غَيرَ أنَّه لا يُصَلِّي عَلَيهَا الْمَكْتُوبَةِ).[١١٤] پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ

[١١١] بوخاری (٤٤٩١)، موسلیم (٥٢٦)، نەسائی (٦١/٢).

[١١٢] شێخی ئەلبانی لە الارواء (٢٨٩) دا بە سەحیحی ناساندووە.

[١١٣] بوخاری (٣١/١١، ٤٦٧) و موسلیم (١٠/٢) .

[١١٤] بوخاری (٤٦٠/٢)، موسلیم (١٥٠/٢)، ئەبوداوود (١٩٠/١)، نەسائی (٨٥/١)، بەیهیقی (٤٩١/٢).

وَسَلَّمَ نوێژی سوننەتی (مەبەست لە شەو نوێژە)[115] لەسەر سوارییەکە دەکرد، رووی لە هەر کوێیەك بوایە پێی ئاسایی بوو، نوێژی وتریشی بەسەر سوارییەکەیەوە دەکرد، بەڵام نوێژی فەرزی بەسەرەوە نەدەکرد.. لە ریوایەتێکی تردا دەفەرموێ: (كَانَ يُصَلِّي عَلَى رَاحِلَتِهِ فِي السَّفَرِ حَيْثُمَا تَوَجَّهَتْ بِهِ).[116] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نوێژی لەسەر سوارییەکەی دەکرد، رووی بۆ هەر شوێنێك پێ بکردایە..

ئیبنو بەتتاڵی ئەندەلوسی شاریحی سەحیحی بوخاری دەفەرموێ:[117] شەرعناسان لەسەر ئەوە کۆن کە کەس بۆی نیە بەسەر سوارییەوە بێت و نوێژی فەرز بکات، مەگەر لە گەرمەی جەنگدا بێت کە بۆی هەیە نوێژی ترس بە سوارییەوە بکات..

<u>هەموو جۆری نوێژە سووننەتەکان دەشێت لەسەر سوارییەوە بکرێت .. والله اعلم.</u>

رووکردنە قیبلە دوو جۆرە:

- ئەو کەسەی چاوی لە کەعبەیە: دەبێت بە تەواوی رووی لەوێ بێت، ئەگەر لە ناو حەرەمی کەعبەشدا بوو دەشێت روو بکاتە هەر لایەکی ..

- ئەو کەسەی کەعبە نابینێت و رووی تێکردووە: فەرزە روو بکاتە ئەو ئاست و ئاڕاستەی کە پێی وایە قیبلە لەوێوەیە، بۆیە هەر رووی لەو لایەوە بێت تەواوە.

دانیشتوانی هەموو ناوچەیەك ئاڕاستەی قیبلەی خۆی دیاری کردووە لە کوردستانی باشوور دەوترێت خۆرهەڵات بخەرە دەستی چەپت و روو لە باشوورکە! ئەوانەی دەچنە مزگەوتەوە دەسبەجێ ئاڕاستەی قیبلە بە میحرابەکەدا دەزانن .. لەم سەردەمەشدا

---

[115] الالباني: أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (٦٠/١).

[116] بوخاری (٤٥٩/٢)، ترمذي (١٨٣/٢)، ئەحمەد (٦٦/٢).

[117] أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (٦٦/١).

قیبلەنوما ئاسان ئاڕاستەی قیبلە دەدۆزێتەوە لەویش ئاسانتر دۆزینەوەیەتی بەئینتەرنێت کە لێی بێ خەمیت لارو وێری تێدا ناکات و زۆر بە دیققەتە!

ئەو حاڵەتانەی بێ رووکردنە قیبلە نوێژ دەکرێت: رووکردنە قیبلە مەرجێکی نوێژە، بەڵام ئەم مەرجە لە هەندێك حاڵەتدا دەشێت نەمێنێت، وەك:

١- ئەو کاتەی ناتوانێت روو بکاتە قیبلە: وەکو نەخۆشێك کە نە خۆی دەتوانێت روو بکاتە قیبلە، نە کەسیشی لە لایە تا رووی پێ وەرگێڕێت، یان زیندانەو بەستراوەتەوە، ئەمە خاوەن عوزرەو بۆی هەیە بێ رووکردنە قیبلە نوێژەکەی بکات.. خوای گەورە دەفەرموێ:(لاَ يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا) البقرة/٢٨٦ واتە: خوای گەورە ئەرك بە قەدەر توانا فەرز دەکات ..

٢- ئەوی نەیدەزانی ئاڕاستەی قیبلە لە کوێوەیە: بۆی هەیە رووەو ئەو لایەی کە گومانی زیاتر بۆی دەچێت کە قیبلە لەوێوەیە نوێژەکەی دابەستێت، ئەگەر لە ناو نوێژەکەدا غایلەی کرد کە قیبلە لە ئاڕاستەیەکی ترە دەبێت بۆ ئەو لایەی دووەمی بسوڕێت، چونکە یاوەرانی بەڕێزکە هەواڵیان پێدرا ئاڕاستەی قیبلە لە شامەوە گۆڕاوە بۆکەعبە، دەسبەجێ لە ناو نوێژەکەشدا بوون (فَاسْتَدَارُوا إِلَى الْكَعْبَةِ)[118] یەکسەر هەر لە نوێژەکەدا روویان بەرەو کەعبە وەرگێڕا..

ئەگەر دوای نوێژەکە زانی کە بە هەڵە رووی لە لایەکی تری کردووە، نوێژەکەی تەواوەو پێویست ناکات بیکاتەوە .. چونکە سەیدنا عامری کوڕی رەبیعە خوا لێی رازی بێت فەرمووی: (كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي لَيْلَةٍ مُظْلِمَةٍ فَلَمْ نَدْرِ أَيْنَ الْقِبْلَةَ وَصَلَّى كُلُّ رَجُلٍ عَلَى خَيَالِهِ فَلَمَّا أَصْبَحْنَا ذَكَرْنَا ذَلِكَ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَنَزَلَ:(فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا فَثَمَّ وَجْهُ اللَّهِ).[119] البقرة/١١٥ واتە: شەوێکی تاریك لە خزمەت پێغەمبەری خوادا بووین

---

[118] بوخاری (٤٤٩١)، موسلیم (٥٢٦)، نەسائی (٦١/٢).

[119] ترمذي (٣٤٥)، شێخی ئەلبانی بە حەسەنی ناساندووە: ارواء الغليل (٣٢٣/١).

صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەماندەزانی ئاڕاستەی قیبلە لە کوێوەیە، بۆیە هەر کەسەمان بە لێکدانەوەی خۆی نوێژەکەی کرد، بۆ سبەی ئەمەمان بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گێڕایەوە، لەوێدا ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە کە دەفەرموێ روو لە هەرکوێ کەن رووی خوا لەوێوەیە.

٣- لە ترساندا: کەسێك کە لە ترساندا ناوێرێت روو لە قیبلە بکات، بۆی هەیە روو بکاتە لایەکی تر.. جا ترسەکە لە دوژمن بێت، لە درندە بێت بەرامبەری وەستا بێت، یان لە جێ مەترسی تر.. خوای گەورە دەفەرموێ: (حَافِظُواْ عَلَى الصَّلَوَاتِ وَالصَّلاَةِ الْوُسْطَى وَقُومُواْ لِلَّهِ قَانِتِينَ * فَإنْ خِفْتُمْ فَرِجَالاً أَوْ رُكْبَانًا) البقرة/٢٣٨-٢٣٩ واتە: پارێزگاری نوێژەکانتان بکەن، نوێژی ناوەندیش بپارێزن و بە ملکەچییەوە بۆ نوێژ هەستن. ئەگەر ترستان لەسەر بوو، بە سواری و پیادەیی بیکەن.

- ئەو فەرموودەیەی سەیدنا ئیبنو عومەر خوا لێیان رازی بێت کە دەربارەی نوێژی ترس دەفەرموێ: (إَذا اخْتَلَطُوا فَإنَّمَا هو التَّكْبِيرُ والإشَارَةُ بِالرَّأْسِ)[١٢٠] واتە: کە تێکچرژان (جەنگاوەران لە کاتی جەنگەکەدا) ئیتر هەر تەکبیرکردن و ئاماژە کردنە بەسەر.. هەر لەوەوە: (فَإذا كَانَ خَوفٌ أشَدَّ مِنْ ذلِكَ صَلُّوا عَلَى أقْدَامِهِمْ أو رُكْبَانَاً مُسْتَقْبِلِي القِبْلَةِ أو غَيرَ مُسْتَقْبِلِيهَا)[١٢١] واتە: کاتێك ترسەکە لەو زیاتر بوو، نوێژەکەیان بە پیادەیی و سواریی کرد، رووەو قیبلەو رووەو لای تر..

٤- کاتێك سوارەو لە سەفەردایەو نوێژەکەش سووننەتە: گەشتەوان بۆی هەیە کاتێك نوێژی سووننەت دەکات هەر لەسەر سوارییەکەی بیکات. سواریەکەش جیاوازی نیە کە کەرو ئێسترە، سەیارەو شەمەندەفەرە، یان فرۆکەو کەشتی .. رووکردنە قیبلە لەم حاڵەتەدا بۆ دروستی نوێژەکە مەرج نامێنێت ..

---

[١٢٠] شێخی ئەلبانی رەحمەتی بە سەحیحی داناوە (أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ل ٧٦).

[١٢١] بوخاری (٤٥٣٥)، ئیمامی مالیك (٣٩٦).

سەیدنا ئیبنو عومەر خوا لێیان رازی بێت کە لە سەفەردا بوو، شەو بوو، بەسەر سوارییەکەیەوە بوو بێ ئەوەی گوێ بداتە روو کردنە قیبلە نوێژی دەکرد .. دەیفەرموو: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (يُسَبِّحُ عَلَى الرَّاحِلَةِ قِبَلَ أَيِّ وَجْهٍ تَوَجَّهَ، وَيُوتِرُ عَلَيْهَا غَيْرَ أَنَّهُ لَا يُصَلِّي عَلَيْهَا الْمَكْتُوبَةَ).[١٢٢] واتە: نوێژی لەسەر سوارییەکەی دەکرد بە هەر ئاراستەیەك بوایە، بەڵام پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نوێژی وتری لەسەر دەکرد، لە نوێژە فەرزەکاندا وای نەدەکرد ..

نوێژی سایەق: ئەوکەسەی سەیارە لێ دەخوڕێت و بۆ نوێژەکەی بواری دابەزینی نیە، بۆی هەیە بەدەم سەیارە لێخوڕینەکەوە نوێژەکەی بکات، بێ گومان ناشتوانێت روو بکاتە قیبلەو پاشان بێتەوە سەر سایدی خۆی .. بۆیە بێ ئەوەی روو بکاتە قیبلە نوێژەکەی دادەبەستێت وکردنەوەشی لەسەرنیە .

ئەوکەسەش کە لە تەنیشت سایەقەوەیە یان نەفەرەو لە سەیارەو شەمەندەفەریان لە وەسیلەکانی تری سەفەردایەو ناتوانێت لە کاتی نوێژەکەیدا دابەزێت، هەرلە کورسیەکەی خۆیدا نوێژکەی دەکات . لەم حاڵەتانەشدا نە روو کردنە قیبلە مەرج دەمێنێت نە هەستان ورکوع وسجود چونکە بوارنیە . باسی ئەمە دواتردێت .. ان شاء الله.

* * *

[١٢٢] بوخاری (١٠٩٨)، موسلیم (٧٠٠).

مەرجی پێنجەم
نییەت هێنان

نییەت کە هەندێك کورد پێی دەڵێت نوێت، بریتیە لە نیازو مەبەست و وویستی ئەنجامدانی خواپەرستی، بە ئومێدی پاداشتی خوای گەورە.

نوێژ بە بێ نییەتی خوااویستی نابێت، واتە کردنی لەبەر خاتری خوای گەورە.. نییەت لە هیچ کاتێکدا لەسەر ئەهلی نوێژ لاناچێت، مەگەر کاتی لەدەستدانی ئەقڵ! ئەویش لەبەر ئەوەیە کە هیچ فەرزێکی لەسەر نامێنێت.. کۆڕای شەرعناسان لەسەر ئەوەیە کە نییەتی خوااویستی مەرجێکی نوێژە، چونکە: خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَا أُمِرُوا إِلاَّ لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ) البينة/٥ واتە: فەرمانی ئەوەیان پێدرابوو کە سەرِاستانە دینداریی بۆ خوای گەورە بکەن و تەنها ئەو بپەرستن.. پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (إِنَّمَا الاعمالُ بالنِّيَّاتِ).[١٢٣] واتە: هەموو کارێك پەیوەستە بە نییەتەوە.

<u>پێناسەی نییەت:</u> نوێت یان نییەت ووشەیەکی عەرەبییە:

- لە رووی زمانەوانیەوە: لە (نَوَى الشَّئَ يَنْوِيهِ) ە وە هاتووە کە وەکو ئیبنو مەنزوور دەفەرموێ: بریتیە لە:(الإعتزام و التوجُّه والنهوضُ نَحوَ الشئ).. (ابن منظور: لسان العرب: مادة قصد).. کە هەمووی بە مانای وویست و مەبەست ونیازن.. نییەت کە کۆدەکرێتەوە دەوترێت: نییات..

---

[١٢٣] بوخاری (٥٤) موسلیم (١٩٠٧).

- لە رووی زاراوەییەوە: لەبەر ئەوەی مانای نییەت هەر (قصد) ە، شەرعناسانێکی وەکو ئیمامی نەووی پێناسە زمانەوانیەکەی کردۆتەوە بە پێناسەی زاراوەیی (المجموع ٣٦٧/١)..

قورافی شەرعناسی مالیکی دەفەرموێ: نییەت ئەوویستەیە کە کەسێك لە دڵیدا دایناوەو بە تەمایە بیکات.. (الذخیرە ١٣٤/١) .

ئەوەی راجوێیی تێدا نیە:

١- نییەت لە خواپەرستیەکاندا لە دڵدایەو بە دەم ناوترێت، نە لە نوێژو نە لە خواپەرستی تردا..

٢- ئەگەر بە دەم نیەتێکی هێنا کە بە پێچەوانەی وویستی دڵیەوە بوو، ئەوەی دڵی بۆ حسێبە نەك ئەوەی بە زمانی ووتوێتی، بۆ نموونە: کابرا بە لەفز دەڵێ نیەتم هەیە چوار رکات نوێژی نیوەڕۆ دەکەم بەڵام مەبەستی نوێژی عەسر بوو، وویستی دڵی بۆ حسێبە کە نوێژی عەسرەو دەیکات نەك لەفزەکەی..

٣- ئەگەر بە دەم نیەتی خواپەرستیەکی هێنا بەڵام لە دڵیدا نیازی نەبوو بیکات، ئەوەی دڵی حسێبەو پاداشتی خواپەرستی بۆ نانوسرێت بۆنموونە: بە زاهیری دەڵێ بەرۆژوو دەبم، بەڵام نیازی نیە سبەینێ بەڕۆژوو بێت.. ئەمە نیەتی بۆ ئەو رۆژووە دانەمەزراوە..

٤- نیەت هێنان بە دەم (بە لەفز) بیدعەیەو هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە، هەر کەسێك نییەت بە لەفز بهێنێت و بە دەم بڵێ نیەتم هەیە ئەوەندە رکات نوێژی فڵانی بۆ خوا دەکەم، یان سبەینێ بەڕۆژوو دەبم، پێچەوانەی سوونەتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ و کۆڕای شەرعناسان و چوار پێشەوا بەڕێزەکەی ئەهلی سوونەت رەفتاری کردووە..

٥- نیەت هێنان بەلەفز بە نهێنیش بێت هەر بیدعەیە وناشێت بهێنرێت، ئیمامی ئیبنوتەیمییە دەفەرموێ: هیچ موسوڵمانێك لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەقڵی نەکردووە کە لە پێش نوێژێکیدا بە لەفز نییەتی هێنابێت، نە خۆی نە یاوەرانی بەڕێزی، نە بە نهێنی و نە بە ئاشکرا، نە خۆیان کردوویانەو نە فەرمانیان پێ کردووە.. بۆیە نە لە رووی نەریتەوەو نە لەرووی شەرعەوە ئەوە ناسەلمێت کە بووترێت نیەت بە لەفز هێنراوە بەڵام بە ئێمە نەگەیشتووە!! گومان لەوەدا نیە ئەگەر بە لەفز بهێنرایە، ئەو یاوەرو شەرعناسە بەڕێزانە بۆیان نەقڵ دەکردین، جا کە هیچ شتێکیان لەو مەسەلەیەدا لێوە ریوایەت نەکراوە ئەوە مانای وایە بە هیچ شێوەیەك کەسیان نییەتیان بە لەفز نەهێناوە.. لەبەر ئەوە زیاد کردنی نییەت بە لەفزو شتی تری لەو جۆرە، بیدعەیەو خراوەتە سەر خواپەرستیەکان، ئەمەش وەکو بانگ و قامەت کردنی نوێژی جەژنەکان وایە کە نە ئەسڵیان هەیەو نە فەسڵ!! [١٢٤]

٦- نیەت هێنان بەلەفز دەنگەدەنگ دروست دەکات و سەرلەوانی تر دەشێوێنت، ئەمەش حەرامە.. تۆ وا خەیاڵ کە شەش سۆفی خاوەن وەسوەسەو شەش مەلای کورد لە نوێژێکدا کە تۆ پێشنوێژی دەکەیت، لە دواتەوە نییەت دێنن، دەیکەنە هەرایەك تۆش نوێژەکەت لێ تێك دەچێت، جگە لەوەی کە تۆ لە نوێژ دەبیتەوە هێشتا لەوانەیە سیان لەوان نیەتەکەیان بۆ دانەمەزرابێت !!

٧- نیەت هێنان وویست و ئیرادەیە کە دەستی داوەتە ئەوکارە تا بیکات، کابرا بەو بەیانیە لە پێخەفی گەرم هاتۆتە دەرێ و چووە بۆ مزگەوت، غێر بۆ ئەوەیەتی نوێژەکەی سپێدەی بە جەماعەت بکات، ئیتر ئەو نییەت هێنانەی چییە کە دەڵێ: نییەتم هەیە دوو رکات نوێژی بەیانی بە حازری بە جەماعەت بەرەو قیبلە بۆ خوا دەکەم.. یان کابرا لە زستانی کوێستاندا کە بەو زستانە چۆتە ناو حەوزێك ئاوی ساردەوە خۆ بۆ خۆ فێنك کردنەوە نەچۆتە ناوی! غێر لەبەر غوسڵ دەرکردنێتی!! ئەم داماوە کە دێشتە دەرەوە پێی دەڵێن

---

[١٢٤] مجموع الفتاوى (٢٢/٢٣٧).

نیەتەکەت چۆن هێنا؟! دەڵێ: ووتم: نوێتمە لەش پیسی خۆم دەردەکەم!! دەڵێن هەڵەت تێدا کردووە! چونکە نەتووتووە: نوێتمە غوسڵی لەش پیسی لە خۆم دەردەکەم!! بە قسەیەکی وا بێ سەرو جێ دەینێرنەوە ناو ئەو ئاوە ساردەوە!! وایان لە پێنجوێنیەك کردبوو.. یان سەرفترەی داوە، دەڵێن: تۆ نەتووتووە خۆم تەقلیدی ئیمامی ئەبو حەنیفە کرد کە فەرموویەتی پارە لە جێی گەنم جائیزە بدرێت! یان نەتووتووە ئەمە سەرفترەی سەری خۆم و فلان و فیسارە! دەڵێن دەبێ جارێکی تر سەرفترەکە بدەیتەوە!! وایان لە باوکم کردبوو، لەبەر ئەوەی ناوی هەندێك لە کوڕو کچەکانی بیرچووبوو!! دوو جاریان سەرفترە بەو کەم دەرامەتە دابۆوە !!

ئیبنو تەیمییە دەفەرموێ: نییەت وا لە دوای زانینەوە، کەسێك کە دەزانێت خەریکی چیە، یەعنی پێشتر نییەتی ئەنجامدانی ئەو شتەی هەبووە، چونکە خۆ مومکین نیە کارێك بە بێ وویست بکرێت ..[125]

دیاری کردنی ئەو نوێژەی بە تەمایە بیکات: دەبێ لە کاتی نوێژ دابەستندا هۆش بچێتە سەر ئەوەی ئەو نوێژەی دەیکات چیەو چۆنە.. ئایا نوێژی فەرزە یان سوونەتە؟! نیوەڕۆیە یان عەسر؟! یەعنی دڵ و هۆشی لای بێت..

ساتی نییەت هێنانی نوێژ: شەرعناسان لەسەر ئەوە رێکن کە باشتر وایە لەگەڵ ووتنی تەکبیرەی ئیحرامدا (الله اکبری دەسپێکی نوێژ) نییەتەکەشی بهێنێت.. ئەگەر نییەتەکەی یەکسەرکەوتە دوای ووتنی تەکبیرەکەشەوە جائیزە..

گۆڕینی نییەت لە ناو نوێژدا:[126] گۆڕینی نییەت لە نوێژدا زۆر شێوەی هەیە:

١- نیەتی گۆڕینی نوێژی فەرز بۆ سوونەتی گشتی: جائیز نیە، وەکو ئەوەی کەسێك نییەتی نوێژی نیوەڕۆی هێناوەو لە رکاتی دووەمیدایە، هەست دەکات وا کەسانێکی تر نوێژی

---

[125] ابن تيمية: الاختيارات (ل ٤٩)..

[126] ابن عثيمين: الشرح الممتع (٢٩٤/٢)، الشيخ وحيد بالي: الاكليل (٣٤٨/١)

جەماعەت دادەمەزرێنن، بۆ ئەم جائیز نیە بۆ ئەوەی فریای نوێژی جەماعەتەکە بکەوێت، نییەتی نوێژەکەی خۆی کە فەرزە بگۆڕێت بۆ دوو رکات سوووننەت و سەلام بداتەوە .

٢- نییەتی گۆڕینی فەرزێك بۆ فەرزێکی تر: جائیز نیە.. هەردوو فەرزەکە بەتاڵ دەبنەوە، فەرزی یەکەم لەبەرئەوەیە کە نییەتەکەی پسا، فەرزی دووەمیان لەبەرئەوەیە بێ نییەتی پێشتر کراوە.. وەك ئەوەی کەسێك نوێژی عەسری دەکات، لە نوێژەکەدا بیری کەوتەوە کە نوێژی نیوەڕۆکەی نەکردووە، خێرا نییەتی نوێژە عەسرەکەی دەکاتە نییەتی نوێژی نیوەڕۆ! ئەمە نابێت.

٣- نییەتی گۆڕینی نوێژی سوووننەت بۆ فەرز: ئەمیش جائیز نیە، لەبەرهەمان هۆی پێشوو.

٤- نییەتی گۆڕینی نوێژی سوووننەتێکی دیاری کراو بۆ نوێژێکی تری سوووننەتی گشتی: جائیزە، چونکە نییەتی سوووننەتە دیاری کراوەکە نییەتی سوووننەتی گشتیش لە خۆ دەگرێت، وەك ئەوەی کەسێك دەیەوێت چوار رکات سوووننەتی پێش فەرزی نیوەڕۆ پێکەوە بکات، بەڵام لە ناو نوێژەکەیدا بزانێت وا جەماعەت دەکرێت، خێرا نوێژەکەی لە دڵی خۆیدا دەکاتە نوێژێکی سوووننەتی دوو رکاتی..

٥- نییەتی گۆڕینی نوێژێکی سوووننەتی گشتی بۆ نوێژی سوووننەتێکی دیاری کراو: جائیز نیە، چونکە نییەتی نوێژی یەکەمی پساندوەو نییەتی بۆ نوێژی دووەم نەهێناوە..

٦- نییەتی گۆڕینی نوێژی سوووننەتێکی دیاری کراو بۆ نوێژێکی تری سوووننەتی دیاری کراو: جائیز نیە، وەکو کەسێك دوو رکات نوێژی تەحییەتولمەسجید دەکات، لە ناو نوێژەکەدا دەیکات بە دوو رکات سوووننەتی پێش سپێدەی بەیانی ئەمە ناشێت، لەبەر هەمان هۆی باسکراو.

٧- گۆڕینی نییەتی ئیمام بۆ مەئمومی: ئەمە جائیزە، چونکە وەکو عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە سەیدنا ئەبوبەکری باوکی خوا لێی رازی بێت لە کاتی کۆتا

نەخۆشی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێشنوێژی بە خەڵکەکە کرد، بەڵام کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەشریفی هێنایە مزگەوتەکەوە سەیدنا ئەبوبەکر هەستی پێکرد، هاتەوە دواوە بۆ ریزی مەئموومەکان، پێغەمبەری خوا ئاماژەی بۆ کرد کە هەر لە شوێنی خۆت بە، سەیدنا ئەبوبەکر گەڕایەوە میحرابەکەوەو پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەشریفی هێنایە لای چەپی سەیدنا ئەبوبەکرەوەو دانیشت، سەیدنا ئەبوبەکر هەر لە ناو نوێژەکەدا ئیقتیدای بە پێغەمبەری خوا کرد کە پێشنوێژییەکەی بۆ دەکرد، خەڵکەکەش ئیقتیدایان بە سەیدنا ئەبوبەکر دەکرد کە پێشنوێژ بووەو لێیانەوە دیار بووە..[١٢٧]

دیارە ئەمە نییەت گۆڕینی نێوان ئیمامەتی و مەئمومێتی چەندین جار تێدایە.. ئەوەش بەڵگەیە کە جائیزە..

٨- گۆڕینی نییەتی مەئموم لە پشت ئیمامێکەوە بۆ پشت ئیمامێکی تر: جائیزە: لەبەر ئەو فەرموودەیەی پێشووی خاتوو عائیشە خوا لێی رازی بێت کە دیارە خەڵکەکە لە سەرەتای نوێژەکەوە ئیقتیدایان بە سەیدنا ئەبوبەکر کردبوو، دواتر بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ..

هەروەها کە سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی رازی بێت لە پێشنوێژیی بەیانیدا پێکرا، سەیدنا عبدالرحمانی کوڕی عەوف خوا لێی رازی بێت بووە پێشنوێژو نوێژەکەی بە موسوڵمانان تەواو کرد..[١٢٨]

٩- گۆڕینی نییەتی مەئموم بۆ بە ئیمام بوون: جائیزە، وەك ئەوەی ئیمامەکە لە ناو پێشنوێژیەکەیدا شتێکی لێ بێت و بڕواتە کەنارەوە، دەشێت یەکێك لە مەئموومەکانی پشتیەوە بێتە شوێنی و ببێتە ئیمام.. چونکە لە کاتی لێدانەکەی سەیدنا عومەردا خوا لێی

---

[١٢٧] بوخاری (٦٦٤)، موسلیم (٤١٨).
[١٢٨] بوخاری (٢٧٠٠).

رازی بێت وابوو کە خێرا سەیدنا عبدالرحمان خوا لێی رازی بێت هاتە شوێنی و بوو بە ئیمام..

١٠- گۆڕینی نییەتی نوێژخوێنی تاك بۆ بە ئیمام بوون: جائیزە، وەك ئەوەی کەسێك نوێژی خۆی دەکات و یەکێکی تر دێتە لای راستیەوەو یان دوو کەس دێنە پشتیەوەو ئیقتیدای پێ دەکەن و دەیکەنە ئیمام، ئەویش بە نییەتی ئیمامێتی نوێژەکەیان بۆ تەواو دەکات.. سەیدنا ئیبنوعەبباس خوا لێیان رازی بێت دەفەرموێ: شەوێك لای پوورم مابوومەوە،[١٢٩] دیم پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە خەو هەستاو کەوتە نوێژکردن، منیش هەستام و لە خزمەتیدا کەوتمە نوێژ کردن، لای چەپیەوە وەستابووم سەری گرتم و هێنامیە لای راستی خۆیەوە..

ئەمە بەڵگەیە لەسەرگۆڕینی نیەتی تاك بۆ ئیمامێتی، هەروەك کە بەڵگەیە لەسەرکردنی نوێژی سووننەت بە جەماعەت، لەسەرهەستانی شەو (قیام اللیل) بە جەماعەت..

١١- گۆڕینی نییەتی نوێژی ئیمام بۆ تاك: جائیز نیە، وەك ئەوەی کەسێك ئیمامەو یەك مەئمومی هەیە، شتێکی لە مەئموومەکەی قەوماو چووە دەرەوە، ئیمامەکەی بە تەنها جێ هێشت، ئیمامەکە بۆی نیە نییەتی خۆی بکاتەوە بە تاك کەسی.. چونکە دەشێت هەر بە ئیمامەتی بمێنێتەوە، لەوانەیە مەئموومەکەی بێتەوە یان کەسێکی تر بێت.. ئەگەر کەسیش نەهات نوێژەکەی خۆی بە ئیمامەتیەکە دروستە..

١٢- گۆڕینی نییەتی نوێژی مەئمووم بۆ تاك: جائیزە، وەك ئەوەی کەسێك لە نوێژی جەماعەتدایەو زۆری پەلەیەو ئیمامەکەش لە رکاتی یەکەمدا زۆری پێ چوو، یان نەخۆشەو توانای خۆڕاگرتنی نەما، بۆی هەیە جیابێتەوەو خۆی لە مەئموومێتیەوە بکاتە تاك کەسێك.. ئەمە لەسەر رای هەندێك لە شەرعناسان جائیزە. دیارە کە ئەمە کارێکی شیاوە بەڵام ئەوەی هەیە کە پاداشت و خێرەکەی کەمتر دەبێتەوە..

---

[١٢٩] مەیموونەی کچی الحارث کە خێزانی پێغەمبەری خوا بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

جیاوازی نییەتی ئیمام و مەئمووم: راجوێیی لەوەدا نیە کە ئەسڵ ئەوەیە کە مەئمووم ئیقتیدا بە ئیمامەکەی دەکات و نییەتی هەردووکیان بۆ یەك جۆر نوێژ دەبێت.. ئیتر ئەو نوێژە فەرز بێت یان سوونەت.. بەڵام لەوەوە راجوێییان بۆ دروست دەبێت کە نییەتیان دەگۆڕێت.. ئیمامی شافیعی و ئیبنو حەزم وا نابینن کە جیاوازی نییەتی ئیمام و مەئمووم کاریگەری لەسەر نوێژیان هەبێت.. [١٣٠] بەڵگەیان هەر فەرموودەی: (إِنَّمَا الاعمالُ بالنِّيَّاتِ وَلِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى).[١٣١] واتە: هەموو کارێك پەیوەندە بە نیەتەکەیەوە، هەموو کەسێکیش بە پێی نییەتی خۆی دەیبێت.

ئیمامی ئیبنوحەزم دەفەرموێ: فەرموودەکە راشکاوانە دەفەرموێ کە هەر کەسەو نییەتێکی هەیە، کەوابوو دەشێت ئیمام نییەتی خۆی هەبێت و مەئمووم نییەتی خۆی هەبێت، مەرج نیە نییەتی هەردووکیان یەك بن یان پێکەوە پەیوەست بن..

ئەمما فەرموودەی: (إِنَّمَا جَعَلَ الإمَامُ ليُتَمَّ بِهِ، فَلا تَخْتَلِفُوا عَليهِ).[١٣٢]واتە: بۆیە ئیمام دانراوە تا نوێژی لەگەڵدا تەواو کرێت، دەی سا لەسەر ناکۆك مەبن.. واتە لە کارو رەفتارە زاهیریەکاندا پێچەوانەی ئەو نەکرێت، بە بەڵگەی ئەوەی کە لە هەمان فەرموودەدا دەفەرموێ: (فإِذَا رَكَعَ فَارْكَعُوا وإِذَا رَفَعَ فَارْفَعُوا وإِذَا سَجَدَ فَاسْجُدُوا، وإِذَا صَلَّى جَالِسَاً فَصَلُّوا جُلُوسَاً أجْمَعِينَ). واتە: ئەگەر چووە رکوع ئێوەش بچنە رکوع، ئەگەر سەری بەرز کردەوەو هەستایەوە ئێوەش هەستنەوە، ئەگەر چووە سوجدە ئێوەش بچنە سوجدە، ئەگەر بە دانیشتنانەوە نوێژی کرد، ئێوەش هەموو بە دانیشتنانەوە بیکەن..

ئەمە پەیوەندی بە رەفتارە بزاوتە زاهیریەکانەوە هەیە نەك بە جیاوازی نییەتەوە، ئەوەی ئەمەش زیاتر جێگیر دەکات، راکۆیی شەرعناسانە لەسەر ئەوەی کە ئەوی نوێژی سوونەت

---

[١٣٠] الخطيب الشربيني: مغني المحتاج (٥٠٢/١)، ابن حزم: المحلى (٢٢٣/٤)، ابن رشد: بداية المجتهد (١٦٧/١).

[١٣١] بوخاری (٥٤) موسلیم (١٩٠٧).

[١٣٢] بوخاری (٦٨٩)، موسلیم (٤١١).

دەکات دەتوانێت ئیقتیدا بەو کەسە بکات کە نوێژی فەرز دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا کە نییەتەکانیان جیاوازە..

نموونەی جیاوازی نییەتی ئیمام و مەئموم:

١- نوێژی سووننەت لە دوای نوێژی فەرزەوە: بە بۆچوونی هەرچوار پێشەوا شەرعناسە بەڕێزەکەی ئەهلی سووننەت و جەماعەت و غەیری ئەوانیش جائیزە کەسێك کە نوێژی سووننەت دەکات بچێت ئیقتیدا بە کەسێکی تر بکات کە فەرز دەکات و بە جەماعەت نوێژەکەیان بکەن، هەریەکەیان بە نییەتی خۆی..

٢- نوێژی فەرز لە دوای نوێژی سووننەتەوە: ئەمە جائیزە، چونکە: سەیدنا جابری کوڕی عبدالله خوا لێیان رازی بێت گێڕایەوە کە: (أَنَّ مُعَاذَ بْنَ جَبَلٍ كَانَ يُصَلِّي مَعَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ثُمَّ يَرْجِعُ فَيُصَلِّي بِهِمْ تِلْكَ الصَّلاةَ[١٣٣](هِيَ لَهُمْ تَطَوُّعٌ وَلَهُمْ فَرِيضَةٌ)[١٣٤] واتە: سەیدنا مەعازی کوڕی جەبەل خوا لێی رازی بێت نوێژی خەوتنانی لە خزمەت پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکردو دەچووەوە ناو کەسوکارەکەشی هەمان نوێژی بە ئیمامەتی بۆ ئەوانیش دەکردەوە، لە هەندێك ریوایەتدا هاتووە: بۆ ئەم سووننەت بوو بۆ ئەوانیش فەرز..

٣- نوێژی تەواوکار لە دوای نوێژی کورتکارەوە: ئەمەش جائیزە، وەك ئەوەی کەسێك لە ماڵی خۆیەتی و میوانەکەی گەشتیارەو نوێژکورت وکۆ دەکاتەوە، دەشێت کە میوانەکەی کردە پێشنوێژی، ئیقتیدای پێ بکات، کە ئەو دوو رکاتی خۆی کردو سەلامی دایەوە ئەمیش هەستێتەوەو باقی رکاتەکانی کە ماوێتی تەواو دەکات. ئەمەش کۆڕای شەرعناسانە، چونکە خاوەن ماڵ مادام نیشتەجێیە هەردەبێت چواررکاتیەکەی خۆی بە تەواوی بکات..

---

[١٣٣] بوخاری (٧١١)، موسلیم (٤٦٥) لەفزی موسلیمە...

[١٣٤] ئیمامی ئیبنوحەجەرلە فتح الباریدا دەفەرموێ: سەحیحە.

<u>کورت و کۆ کردنەوەی نوێژ، نییەتی ناوێت:</u> ئەمە رای زۆرینەی شەرعناسانی سەلەفە، چونکە لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هیچ ئاڕاستەیەك ریوایەت نەکراوە کە فەرمانی بە یەکێك لە یاوەرانی کردبێت کە ئەگەر وویستیان نوێژ کورت و کۆ بکەنەوە دەبێت پێشتر نییەتیان بۆ هێنابێت..

(عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ صَلَّيْتُ الظُّهْرَ مَعَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِالْمَدِينَةِ أَرْبَعًا وَبِذِي الْحُلَيْفَةِ رَكْعَتَيْنِ)[١٣٥] واتە: سەیدنا ئەنەسی کوڕی مالیك خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە مەدینە دەیوویست بۆ حەج بەڕێ کەوێت، نوێژی نیوەڕۆی بە چوار رکاتی پێ کردن، ئەنەس دەفەرموێ: نوێژی نیوەڕۆم لە مەدینە لە خزمەتتدا بە چوار رکاتی کرد، بەڵام لە زیلحەلیفە نوێژی عەسر دوو رکاتی بوو.. ئەوانەی لە پشتیەوە نوێژیان کرد بە هەزاران یاوەر بوون، تێیاندا بوو شتێکی لەسەر نییەتی نوێژی سەفەرێ نەگەیشتووە، تێیاندا بوو هەر نەیدەزانی نوێژی کورت و کۆکراوە چییە؟! چونکە یەکەمین جاری بوو سەفەر بکات، یان نەوموسوڵمان بوو، بە تایبەتی ئافرەتان..

٤- نوێژی کورتکار لە دوای نوێژی تەواوکارەوە: ئەمەش جائیزە، بەڵام دەبێت مەئموومەکەش وەکو ئیمام نوێژەکەی بە تەواوی بکات، یەعنی کورتکاری نوێژ بۆی نیە تەنها دوو رکات لەگەڵ نیشتەجێیەکدا بکات کە چوار رکاتی یان سێ رکاتی دەکات.. با کابرای کورتکار فریای کەمێك لە نوێژەکەش کەوتبێت..

<u>نییەت و زانین و کردەوە:</u> نییەت نیازی دڵە، پاڵنەری ئیرادەیە، پێویستی بە دوو شتە: زانین و کردەوە، زانین دەبێت پێش کردەوەکە کەوتبێت، چونکە کردەوەکە بەرهەمی زانین و وویستەکەیە.. تۆ دەبێت بزانی چی جائیزە تا بیکەیت، چی جائیز نیە تا نەیکەیت، لە هەردووکیشیاندا دەبێ پابەند بیت بە خواوویستی و سنوری شەرعەکەوە، کەسێك

[١٣٥] بوخاری (١٠٣٩).

نەزانێت سوجدەی تیلاوەتی قورئان چیە، چۆن داوای لێ بکرێت لەبەر خاتری خواو بە گوێرەی شەرع بیکات..

نییەت هێنان بە لەفز بە دەنگی بەرزو نزم بیدعەیەو حەرامە: نییەت هێنان بە لەفزو قورئان خوێندن لە دوای ئیمامەوە سوننەت نین، بەڵکو مەکرووهن، ئەگەر دەنگەدەنگی لێ بکەوێتەوە حەرام دەبێت.. هەرکەسێك بڵێ نییەت هێنان بە لەفز سوننەتە بە هەڵەدا چووە، نە بۆ ئەوو نە بۆ کەسی ترجائیز نیە بە بێ زانیاری بە ناوی دینەوە دابهێنن..

* * *

باسی سێیەم
روکنەکانی نوێژ

روکنەکانی نوێژ چەند رەفتارێکن لە گوفتارو کردارکە بە هەموویان ماهییەتی نوێژ پێك دەهێنن، کە ئەگەر یەکێکیان ئەنجام نەدرا نوێژەکە بەتاڵ دەبێتەوەو لە رووی شەرعیەوە بە هەبوو ناژمێردرێت، چونکە بە سوجدەی سەهوو پڕناکرێتەوە ..

وازهێنان لە روکنێکی نوێژ:[١٣٦] ئەو کەسەی کە روکنێکی نوێژەکەی واز لێدەهێنێت، حاڵەتێکی لەم دوانەی بۆ هاتۆتە پێش:

١- بە ئەنقەست وازی لێ هێناوە: هەرکەسێك روکنێکی نوێژ بە دەستی ئەنقەست وەل کات حەتمەن نوێژەکەی بەتاڵ دەبێتەوەو بە کۆڕای شەرعناسان هیچی لەو نوێژە بۆ حسێب ناکرێت ..

٢- بە نەزانی یان بەهۆی لە بیرچوون وازی لێ هێناوە: بە پێی کۆڕای شەرعناسان ئەگەر توانی خێرا فریای کەوێت و بیکات، ئەوە قبووڵە، ئەگەر فریای نەکەوت بە پێی مەزهەبی حەنەفی نوێژەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، بەڵام لای جمهوری شەرعناسان ئەورکاتەی لەدەست

---

[١٣٦] ابن عابدين (١/٢٩٧)، الدسوقي (١/٢٣٩)، كشاف القناع (١/٣٨٥).

دەچێت کە روکنەکەی فەوتاوە، جگە لە تەکبیرەی ئیحرام، چونکە ئەمیان هەردەبێ سەر لە نوێ بهێنرێتەوە، چونکە لە سەرەتاوە داخڵی نوێژەکەی نەبووە ..

* *

روکنی یەکەم
وەستان بۆ نوێژ

باسی یەکەم

بە پێوە بوون بۆ کەسێك کە بتوانێت:

١- خوای گەورە دەفەرموێ: (وَقُومُواْ لِلَّهِ قَانِتِينَ).البقرة/٢٢٨ واتە: بە ملکەچییەوە بۆ خوا راوەستن.. بۆیە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نوێژی فەرزو سوووننەتەکانی بە پێوە دەکرد، مەگەر لەبەر نەخۆشی نەیتوانیبێت، وەکو کاتی نەخۆشیەکەی دوایی تەمەنی پیرۆزی کە بە دانیشتنانەوە نوێژەکانی کرد: (وَصَلَّى صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي مَرَضِ مَوْتِهِ جَالِسَاً).[١٣٧] یان جارانێکی تر.. علیه الصلاة والسلام..

٢- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە عیمرانی کوڕی حوسسەین (عمران بن حُصَين) خوا لێی رازی بێت فەرموو: (صَلِّ قَائِمَاً، فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَقَاعِدَاً، فَإِنْ لَمْ تَسِتَطِعْ فَعَلَى جَنَبٍ)[١٣٨] واتە: بە پێوە نوێژ بکە، ئەگەر نەتتوانی بە دانیشتنەوە بیکە، ئەگەر هەر نەتتوانی راکشێ و لەسەر لاتەنیشتت بیکە .

٣- شەرعناسان لەسەر ئەوەن کە راوەستانی نوێژ بۆ هەر کەسێك کە بتوانێ بە پێوە بوەستێت فەرزە، ئەو کەسەی ناتوانێت (لەبەر نەخۆشی یان لاوازی، یان لەوە دەترسێت

---

[١٣٧] موسلیم(١٦٤/٢) ترمذي(٢١١/١). الالبانی: أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (٨٣/١).

[١٣٨] بوخاری (١١١٧) ئەبوداوود (٩٣٩)، ترمذي (٣٦٩).

ئەگەربە پێوە بوەستێت نەخۆشیەکەی خراپتر ببێت یان چارەسەرەکەی دوورتر کەوێتەوە) ئەو فەرزەی لەسەرنامێنێت، بۆی هەیە بە دانیشتنانەوە نوێژەکەی بکات.

چەند زانیاریەکی تری گرنگ لەسەر نوێژ بە دانیشتنانەوە:

- نوێژی سوووننەت لە هەموو جۆرە سەفەرێکدا کورت بێت یان درێژ بەسەر سوارییەوە دەکرێت، بەڵام ئەمە بۆ کەسی نیشتەجێ نابێت.. تەفسیلەکەی لە (مەرجی رووکردنە قیبلە) دا باس کراوە..

- دەشێت نوێژی سووننەت بێ عوزر بەدانیشتانەوە بکرێت، بەڵام پاداشتی بە پێوە کردنی زۆرترە، سەلماوە کە پاداشتی نوێژبە دانیشتنانەوە نیوەی پاداشتی نوێژە بە پێوە..

نوێژکردن بە دانیشتنانەوە مەرج نیە هەر لەبەر نەخۆشی بێت، دەشێت لەبەر ماندووبوون بێت، یان لەبەر پیری، یان قەڵەوی و شتی وا، چونکە جاری وا هەبووە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نوێژە سوووننەتەکانی بە دانیشتنانەوە کردووە.

نوێژ بە پێوەو بە دانیشتنانەوە:

ئەو کەسەی کە بە هۆی عوزرێکەوە ناچار بووە بە دانیشتنانەوە نوێژەکەی بکات لە پاداشتەکەی کەم نابێتەوە، چونکە ئەو پێشتر خووی بەوەوە گرتبوو کە هەر بە پێوە بیانکات، بەڵام ئێستا بەربەستی نەخۆشی یان پیری یان ماندووبوون و شتی وا رێی لێ گرتووە، چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (مَنْ مَرِضَ أو سَافَرَ كُتِبَ لَهُ مَا كَانَ يَعْمَلُ صَحِيحَاً مُقِيمَاً).[١٣٩] واتە: هەرکەسێك نەخۆش کەوت یان سەفەری کرد، ئەو پاداشتەی هەر بۆ دەنوسرێت کە بە لەش ساغی و نیشتەجێیی پەیدای دەکرد.. شەرعناسان لەسەر ئەوە کۆن کە: دەتوانێت قورئان خوێندنی ناو نوێژەکەی بە دانیشتنانەوە دەست پێ بکات و پاشان بۆ راوەستان هەستێ..

---

[١٣٩] بوخاری (٢٩٩٦).

نوێژخوێن بۆی هەیە بە پێوە نوێژی سووننەت دابەستێت و پاشان دانیشێت، ئەمە بۆ زۆر کەس پێویستیە بە تایبەتی لە تەراویح و شەونوێژدا.. کەوابوو ئەو کەسەی کە ناتوانێت زۆر بە پێوە بوەستێت دەتوانێت نیەتی نوێژکردنەکەی بە پێوە بهێنێت و دواتر لەسەرکورسی (سەندەلی) یەك دانیشێت یان لەسەرئەرزەکە دانیشێت..

چۆنیەتی دانیشتن لە نوێژدا: بێ گومان باشتر وایە نوێژخوێن کە لە نوێژەکەیدا دادەنیشێت، لەسەرئەژنۆ (شێوەی دانیشتنی تەحیات خوێندن) دانیشێت.. لەبەرئەو دوو فەرموودەیەی سەیدنا عیمران و خاتوو عائیشە خوا لێیان رازی بێت باسی دانیشتنەکانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە گشتی دەکەن لە نوێژدا، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە شێوەی تر جائیز نەبێت.. ریوایەتی تر هەیە دەفەرموێ چوارمشقی دانیشتووە،[١٤٠] هەروەها لە یاوەرانەوە هاتووە کە لە تەحیاتدا چوارمشقی دانیشتوون..[١٤١]

ئەمما دانیشتن و قاچ راکێشان، کەس لە شەرعناسان لایەنگری نین، مەگەر رێیان بە نەخۆشێك دابێت..

نوێژ بە راکشانەوە بۆ ناتوانا جائیزە: ئەوی کە توانای نەبوو بەو شێوە سووننەتیە بۆ تەحیات دانیشێت، یان هەربەراکشانەوە دەیتوانی، ئەوە لە نوێژی فەرزدا بێت یان نوێژی سووننەت خاوەن عوزرە، بۆی هەیە بە راکشانەوە نوێژەکەی بکات..

شێوەی راکشان بۆ نوێژکردن: ئەگەر کەسێك ناچاربوو نوێژەکەی بە راکشانەوە بکات، باشتروایە رووەو قیبلە لەسەرلاتەنیشتی راستی راکشێت، ئەمە نوستنی سووننەتیانەشە.. عائیشەخان خوا لێی رازی بێ دەفەرموێ: (كَانَ يُعْجِبُهُ التَّيَمُّنُ فِي تَنَعُّلِهِ وَتَرَجُّلِهِ وطُهُورِهِ وَفِي شَأْنِهِ كُلِّهِ).[١٤٢] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەمیشە دەسپێکردنی بە

[١٤٠] شێخی ئەلبانی بە سەحیحی داناوە: أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (ل ٨٠).
[١٤١] ابن ابي شيبه: المصنف (٢/٢٢٠).
[١٤٢] بوخاری (١٦٨)، موسلیم (٢٦٨).

لایەنی راستی پێخۆش بوو، لە پێڵاو لە پێ کردنیدا، لە پیادەییدا، لە دەسنوێژو غوسڵیدا، لە هەموو کاروبارێکیدا..

- سەیدنا عیمرانی کوڕی حُصَین خوا لێی رازی بێت فەرمووی مایەسیریم بوو، لە پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسی فەرمووی: (صَلِّ قَائِمَاً، فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَقَاعِدَاً، فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَعَلَى جَنَبٍ).[١٤٣] واتە: نوێژەکەت بە پێوە بکە، ئەگەر نەتتوانی ئەوە بە دانیشتنانەوە، ئەگەرهەرنەتتوانی ئەوە لەسەرلاتەنیشت..

ئەگەر کەسێك بەو شێوانە نەیتوانی نوێژەکەی بکات، بۆ نموونە بە چیچکانەوە یان بە راکشان لەسەر پشت دەیتوانی بیکات، بۆی هەیە نوێژەکەی بە ئاماژەی دەست و سەر بکات بێ ئەوەی لە پاداشتەکەی کەم بێتەوە چونکە خاوەن عوزرە.

نوێژ لە فرۆکەو پاپۆڕدا: شەرعناسان لە کتێبەکانیاندا باسی نوێژی ناو کەشتی و بەلەمیان کردووە، چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (صَلِّ فِيهَا قَائِمَاً، إلا أنْ تَخَافَ الغَرَقَ).[١٤٤] واتە: نوێژەکەتی بە پێوە تێدا بکە، مەگەر لەو حاڵەتەدا کە دەترسیت نقووم بیت..

ئەمە ترس لە هۆکاری نقووم بوونەکانیش دەگرێتەوە، وەکو ئەوەی کەسێك کە هەستێتە سەر پێ سەری گێژ بخوات، ئەمیش بۆی هەیە بە دانیشتنانەوە نوێژەکەی بکات، چونکە ئیحتیمالی ئەوەی هەیە بە پێوە بێت و بکەوێت !

ئەم مەترسیە لەبەر ئەوە بووە کە کەڵەك و بەلەم و کەشتیەکانیان لە قەدەر حاڵەتی پێشکەوتنی ئەو سەردەمەیان بووە، زۆر جار دەرەقەتی ئەو مۆنجانە نەهاتووە کە لێی داون.. ئاسانیش نەیانتوانیووە بە پێوە خۆی لەسەر بگرن، بەڵام ئێستا پاپۆڕی دوازدە قات هەیەو کە لە ژوورەکەتدایت وا هەست دەکەیت لە ئوتێلێکی راقیدایت، هەست بە

---

[١٤٣] بوخاری (٤٦٩/٢)، ئەبوداوود (١٥٠/١)، ترمذي (٢٠٨/٢).

[١٤٤] الالبانی: أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (ل ٧٩).

لەنجەو بەرزو نزم بوونەوەی پاپۆڕەکە ناکەیت، پاپۆڕی ئێستا ئینتەرنێتی تێدایەو ئاڕاستەی کەعبەشت نیشان دەدات و دەشتوانیت نوێژی جەماعەتی تێدا بکەیت..

قیاسی فڕۆکەش لەسەر ئەمەیە، مادام خەمی کەوتنە خوارەوەی نیەو دەتوانێت نوێژەکەی بە پێوە بکات، ئەگەر نەیتوانی لەسەر کورسیەکەی خۆی و بە دانیشتنانەوە دەیکات، رووی لە هەرلایەك بێت ئیشکالێکی نیە.. هەرچەندە ئێستا فڕۆکەی دوو قات و سێ قات هەیە، رەنگە لە زۆر هێڵدا نەتوانیت لە غەیری کورسیەکەی خۆت نوێژەکەتی تێدا بکەیت، مەگەر لە فڕۆکەی گەورەی هێڵی ئاسمانی سعودیەو ئێراندا کە ژووریان تایبەت بە نوێژ تێدا کردۆتەوە..

ئەگەرئیمام بە دانیشتنەوە نوێژی کرد مەئمووەکانیش وا دەکەن:

ئەگەر پێشنوێژ لەبەر هەبوونی عوزر بە دانیشتنانەوە پێش نوێژیەکەی کرد، مەئمووکانیشی دەبێت بە دانیشتنانەوە بیکەن..

* * *

باسی دووەم

چۆنیەتی دەست و پێ دانان و جێ روانین

یەکەم: رەفتاری دەست: پێغەمبەری نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە لەگەڵ تەکبیری ئیحرامدا دەستی بەرز دەکردەوە، سەیدنا عبداللەی کوڕی عومەری خوا لە خۆی و باوکی رازی بێت دەگێڕێتەوە:(رأيتُ النبيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ افتتَحَ التكبيرَ في الصلاةِ، فَرَفَعَ يَدَيهِ حِينَ يُكَبّرُ حَتَّى يَجْعَلَهُمَا حَذْوَ مَنْكِبَيهِ، وَإذا كبَّرَ لِلرُّكوعِ فَعَلَ مِثْلَهُ، وإذا قالَ: سَمِعَ اللهُ لمَنْ حَمِدَهُ فَعَلَ مِثْلَهُ وَقالَ: رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ، ولا يفعلُ ذلِكَ حِينَ يَرْفَعُ رأسَهُ مِن السُّجُودِ..)[١٤٥] واتە: پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بینی بە تەکبیرەی ئیحرام نوێژەکەی دەست پێکرد، دەستەکانی بۆ ئاستی سەر شانەکانی بڵند دەکرد، هەروەها لەو کاتەی کە دەچووە رکوع (چەمانەوە) هەر وای دەکرد، ئینجا کە سەری بڵند دەکردو دەیفەرمو (سَمِعَ اللهُ لمَنْ حَمِدَهُ، رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ) ئەو کاتەش دەستەکانی بڵند دەکردن، بەڵام ئەو کاتەی سەری لە سوجدە بەرز دەکردەوە وای نەدەکرد.

لە ریوایەتی سەیدنا وائیلی کوڕی حوجر هاتووە کە پێغەمبەری خۆشەویست صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەستەکانی تا ئاستی هەردوو گوێچکەی بەرز دەکردەوە.

لە ریوایەتێکی تردا هاتووە کە هەڵدەستا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ نوێژەکەی دەستی بۆ ئاستی سەرشانەکانی بەرز دەکردەوەو ئینجا تەکبیرەی ئیحرامی دەکرد..[١٤٦]

جاری واش هەبوو دوای تەکبیری ئیحرام دەستی بەرز دەکردەوە.

رەفتاری پەنجەی دەستەکان لە کاتی بەرز کردنەوەیاندا: دەست بەرز کردنەوە لە پاش و پێش و کاتی تەکبیرەی ئیحرامدا تا ئاستی گوێچکە دەبێت، سەری پەنجەکان ئاسایی

---

[١٤٥] بوخاری (١٤.١٧٦/٢)، نەسائی (١٤٠/١)، بەیهیقی (٢٦/٢)، ئەحمەد (١٤/٢).
[١٤٦] موسلیم (٧.٦/٢)، ئەبوداوود (١١٤/١)، نەسائی (١٤٠/١)، بەیهیقی (٢٦/٢و٦٩).

روویان لە ئاسمانەو لەپی دەستەکان روویان لە گوێچکەیە، پەنجەکان ئاسایی دەگیرێن و نە گرمۆڵە دەکرێن و نە لێك بڵاو دەکرێنەوە..

دانانی دەستی راست لەسەر چەپ لەسەر سنگ: پێغەمبەری نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەستی راستی دەخستە سەر دەستی چەپی و هەردووکیانی لەسەر سینەی دادەنا، بە دوو پەنجەی پان و شایەتمانی دەستی چەپی دەگرت و سێ پەنجەکەی تری بە بن مەچەکیدا دەهێنایەوە. (كَانَ يَضَعُ الْيُمْنَى عَلَى ظَهْرِ كَفِّهِ الْيُسْرَى)[١٤٧] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەستی راستی دەخستە سەر پشتی دەستی چەپی. وە هەردوو دەستەکانی دەخستە سەرسنگی (وَكَانَ يَضَعُهما عَلَى الصَّدْرِ)[١٤٨]

بەڵام دەستدانان (لەسەرناوك) و (لە خوار ناوك) لاوازن و جۆرو شێوەی خواپەرستییان پێ نا چەسپێندرێت.. والله اعلم.

* *

دووەم: رەفتاری پێ دانان: پەسەندترین بۆچوون ئەوەیە پێیەکان لێك دووربن، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە کاتی نوێژدا ئەژنۆو رانەکانی لێك دوور دەخستنەوە، کەوابوو پێیەکانیش کە بەوانەوەن، هەر وەکو ئەوان لێك دوور رادەگیرێن سەیدنا ئەبو حەمیدی ساعیدی خوا لێی رازی بێت لە وەسفی نوێژی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (وَإِذَا سَجَدَ فَرَّجَ بَيْنَ فَخِذَيهِ)[١٤٩] واتە: کە سوجدەی دەبرد رانەکانی لێك جوێ دەکردەوە.. دەشێت پێیەکان بە گوێرەی پێویست لێك جودا بکرێنەوە، بستێك، یان کەمترو زیاتر، بە شێوەیەك لە عورفی نوێژخوێنانی ناوچەکە دەرنەچێت.. نەك وەك

---

[١٤٧] بوخاری (١٧٨/٢)، ئەبو داوود (١١٥/١)، نەسائی (١٤١/١).
[١٤٨] سەحیحە.. أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (٢١٦/١).
[١٤٩] ئەبوداوود (٧٣٥).ئیبنوحەجەر: التلخیص الحبیر (٢٥٥/١)، ئەلبانی: الارواء (٣٥٨).

ئەوەی هەندێك لە گەنجەكانی خۆمان جاری وا هەیە نیو مەترقاچی دەكاتەوەو دەبێتە هۆی جەنگ و جیدالێكی بێ هۆ..

* *

سێیەم: رەفتاری روانین: نوێژخوێن دەبێت لە كاتی بەپێوە وەستانی نوێژیدا تەماشای شوێنی سوجدەكەی بكات.. (وَلَمَّا دَخَلَ الْكَعْبَةَ مَا خَلَّفَ بَصَرَهُ مَوْضِعَ سُجُودِهِ حَتَّى خَرَجَ مِنْهَا).[١٥٠] واتە: ئەو كاتەی كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، دەچووە كەعبە بۆ نوێژ چاوی لە شوێن سوجدەكەی بەرز نەدەكردەوە تا لە نوێژكەی تەواو دەبوو.. ئیمامی شافیعی و كوفییەكان - كە پەسەندكراوی حەنەفیەكان نەقڵ دەكەن - پێیان وایە كە باشتر ئەوەیە نوێژخوێن لە كاتی وەستانیدا لە نوێژدا چاو ببڕێتە شوێنی سوجدەكەی، چونكە سیماو كرۆكی ملكەچی زیاتر پێوە دیارە.. شێخی ئەلبانیش دەفەرموێ: ئەمە راسترە، چونكە بەڵگەی فەرموودە زیاتر پاڵپشتێتی..

* * *

[١٥٠] حاكم (٤٧٩/١) فەرموویەتی: بە پێی مەرجی بوخاری و موسلیم سەحیحە، ئیمامی زەهەبیش لایەنگیری كردووە.

باسی سێیەم

خوێندن لە نوێژدا

یەکەم: دوعای دەسپێك (ئیستفتاح):خوێندنی دوعای دەسپێك (ئیستیفتاح) کارێکی شەرعیەو سوونەتی موئەککەدەیە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوای ئەوەی بە تەکبیرەی ئیحرام داخڵی نوێژ دەبوو، دوعایەکی دەخوێند کە بە دوعای (ئیستیفتاح) ناسراوە،سەیدنا ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێت: عەرزی پێغەمبەری خوام کرد، دایك و باوکم بە قوربانت بن، دەبینم لە نێوان تەکبیرەی ئیحرام و خوێندنەکەدا بێ دەنگ دەبیت، چی دەخوێنیت؟ فەرمووی: دەڵێم: (اللَّهُمَّ بَاعِدْ بَيْنِي وَبَيْنَ خَطَايَايَ كَمَا بَاعَدْتَ بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ اللَّهُمَّ نَقِّنِي مِنْ خَطَايَايَ كَمَا يُنَقَّى الثَّوْبُ الأَبْيَضُ مِنْ الدَّنَسِ اللَّهُمَّ اغْسِلْنِي مِنْ خَطَايَايَ بِالثَّلْجِ وَالْمَاءِ وَالْبَرَدِ).[١٥١] واتە: فەرمووی: دەڵێم: خوایە نێوان من و گوناحەکانم ئەوەندە لێك دوور خەرەوە، وەك کە نێوانی رۆژهەڵات و رۆژئاوات لێك دوور خستۆتەوە، خوایە لە گوناحەکانم پاکم کەرەوە، هەر وەکو کە کە پۆشاکی سپی لە پیسی و چەپەڵی پاك دەکرێتەوە، خوایە بە ئاوو بەفرو تەرزە لە گوناحەکانم داشۆرە..

دووەم: ئیستیعازە: ووتنی (أعُوذُ باللهِ مِنَ الشَّيطانِ الرَّجيمِ).. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە هەڵدەستا بۆ نوێژ تەکبیرەی ئیحرامی دەکرد، بە ئیستیعازە دەستی بە نوێژ خوێندنەکەی دەکرد، کە بە پەنهانی دەیخوێند، سەیدنا ئوبەی کوڕی کەعب خوا لێی رازی بێت کە لە بوخاریدایە، دەفەرموێ: (ثُمَّ كانَ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَسْتَعِيذُ باللهِ تَعَالَى؛ فَيقولُ: أعُوذُ باللهِ مِنَ الشَّيطانِ الرَّجيمِ؛ مِن هَمْزِهِ، ونَفْخِهِ، ونَفْثِهِ)[١٥٢] واتە: پاشان پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پەنای دەگرت بە خوای گەورە لە شەیتانی رەجمکراو، لە دەست لێوەشاندنی، لە فووی وەسوەسەو مشەی لوت بەرزیەکەی، کاریگەریی گومڕاکاریەکەی.. هەندێك لە شەرعناسان پێیان وانیە ئیستیعازە لە نوێژدا

[١٥١] بوخاری (١٨٢/٢)، موسلیم (٩٨/٢).

[١٥٢] بوخاری (٢٤٢/١٠).

هەبێت، بەڵام ئیمامی ئیبنوحەزم و ئیمامی نەوەوی توێژینەوەیەکی ووردیان لەسەر کردووەو ئەمەیان پەسەند کردووە کە ئێمە لێرەدا لە ئەلبانیەوە وەرمان گرتووە.. [١٥٣]

سێیەم: بەسمەلە: بەسمەلە: ووتنی (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ): ریوایاتی فەرموودە لەسەر ئەوە زۆرە کە دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە نوێژدا دوای تەکبیرەی ئیحرام و ئیستیعازە یەکسەر بەسمەلەی دەکرد، سەیدنا ئەنەسی کوڕی مالیك خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ئەبوبەکری سددیق و عومەری کوڕی خەتتاب کە نوێژیان دادەبەست، بە (الحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ العَالَمِينَ) دەستیان پێ دەکرد.. واتە خەڵکەکە ئەوەیان بە دەنگی بەرز لێ دەبیستن [١٥٤] ..

بەسمەلە: بە پەنهانی دەخوێندرێت نەك بە دەنگی بەرز: بەڵگەی زۆر لەسەر ئەوە کۆن کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و یاوەرانی نزیکی وەکو سەیدنا ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان لە هیچ نوێژێکی جەماعەتدا کە ئیمام بوون بەسمەلەیان بە دەنگی بەرز نەخوێندووە.. ئەمەش بۆچوونی پێشەوایانی تابعینە وەکو سوفیانی سەوری و عبداللەی کوڕی موبارەك و ئیمامی ئەحمەدو ئیسحاقی کوڕی راهەوەی.. شێخی ئەلبانی خوا پاداشتی بداتەوە لە توێژینەوەی ئەمەدا بە دوای یازدە ریوایەتدا چۆتەوەو هەمووی ساغ کردۆتەوەو سەلماندویتی کە بەسمەلە لە نوێژدا دەبێت بە پەنهانی بخوێندرێت.. [١٥٥]

چوارەم: خوێندنی قورئان لە نوێژدا: خاتوو ئوم سەلەمە خان خوا لێی رازی بێت چۆنیەتی قورئان خوێندنی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگێڕێتەوە، دەفەرموێ: (ثُمَّ يَقْرَأُ الفَاتِحَةَ، ويُقطَعُهَا آيةً آيَةً إلى آخِرِ السُّورَةِ، وَكَذلِكَ كَانَتْ قِرَاءَتُهُ كُلُّهَا؛ يَقِفُ عَلَى رُؤُوسِ الآية، وَلا يَصِلُها بِمَا بَعْدَهَا) [١٥٦] واتە پاشان سورەتی فاتیحەی دەخوێند کە ئایەت

[١٥٣] الالبانی: أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (٢٧١/١).

[١٥٤] بوخاری (١٨/٢)، موسلیم (١٢/٢).

[١٥٥] الالبانی: أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (٢٧٧/١.٢٩٢).

[١٥٦] حاکم (٢٣١/٢)، فەرمووشیەتی سەحیحەو ئیمامی زەهەبیش لایەنگری بووە.

بە ئایەت لێکی جیا دەکردنەوە.. یەعنی (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) دەخوێندو دەوەستا، ئینجا (الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) ی دەخوێندو دەوەستا، ئینجا (الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) دەخوێندو دەوەستاو ئینجا (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ) وە هەروەها تا کۆتایی فاتیحە.. قورئان خوێندنی هەر وابوو، لە کۆتایی هەموو ئایەتێك دەوەستاو پەیوەستی نەدەکردەوە بەوەی دوایەوە..

ئەلبانی دەفەرموێ: ئەمە سوننەتێکە بە داخەوە زۆرینەی قورئان خوێنەکان . چ جای خەڵکی تر.وەلیان کردووە ..

- (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ) و (مَلِكِ يَوْمِ الدِّينِ): هەروەها دەفەرموێ: (وَكَانَ تَارَةً يَقْرَأُهَا (مَلِكِ يَوْمِ الدِّينِ وتَارَةً مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ)[١٥٧] واتە: جاری وا هەبوو (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ)ی بە (مَلِكِ يَوْمِ الدِّينِ) دەخوێندەوە. ئەمەش وەکو ئیمامی ئیبنوکەسیر دەفەرموێ: خوێندنەوەیەکی بەناوبانگی ناو قورئان خوێنەکانە، هەردوو شێوەی خوێندنەوەکە لە قیرائاتی حەوتدا هەیە.

* * *

[١٥٧] حاکم (٢٣١/٢)، فەرموویەتی سەحیحەو ئیمامی زەهەبیش لایەنگری بووە.

باسی چوارەم
دانانی سوترە

سوترە: ووشەیەکی عەرەبیە بە مانای بەربەست و ناوبڕ، لە شەرعدا بریتیە لە هەر شتێك کە نوێژخوێن لە نێوان خۆی و جێ سوجدەکەیدا دابنێت، کە کۆتایی جێ سوجدەی نوێژ دیاری دەکات، دەشێت پایە یان دیوارێك بێت و لێی نزیك بیتەوە، دەشێت دارێك بێت چەقێنرا بێت، دەشێت گۆزەیەك، تەرمۆزەیەك، کتێبێك بێت بە پێوە راگیرا بێت، گرنگ ئەوەیە بستێك بەرز بێت و سێ باڵ یان سێگەز، یان مەترو نیوێك لە بەرامبەر نوێژخوێنەکە بێت. لە فەرمودەیەکدا هاتووە: (وَكَانَ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم يَقِفُ قَرِيبَاً مِنْ السُّتْرَةِ، فَكَانَ بَينَهُ وَبَينَ الْجِدَارِ ثَلاثَةُ أَذْرُعٍ، وَبَينَ مَوْضِعِ سُجُودِهِ وَالْجِدَارِ مَمَرُّ شَاةٍ).[١٥٨] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە نزیك سوترەیەکەوە بۆ نوێژ دەوەستا، مەسافەی سێ باڵ لە سوترەکەیەوە دووردەبوو، نێوان شوێنی سوجدەکەی و دیوارەکەی بەرامبەری (ئەوەندە دەمایەوە کە) بەرخێك پێیدا گوزەری دەکرد.

حوکمی سوترە: سەیدنا ئیبنوعەبباس خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (قَالَ: أَقْبَلْتُ عَلَى حِمَارٍ أَتَانٍ، وَرَسولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم يُصَلِّي بِالنَّاسِ بِمِنَى إِلَى غَيرِ جِدَارٍ، فَمَرَرْتُ بَينَ يَدَي بَعْضِ الصَّفِّ، فَنَزَلْتُ وَأَرْسَلْتُ الأَتَانَ تَرْتَعُ، وَدَخَلْتُ الصَّفَّ فَلَمْ يُنْكِرْ ذَلِكَ عَلَي أَحَدٌ)[١٥٩] واتە: بە سواری ماکەرێکەوە هاتمە مینا، بینیم پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نوێژ دەکات، بێ ئەوەی رووی لە دیوارێك بێت، منیش بەبەر ریزی نوێژخوێناندا رۆیشتم، دابەزیم و لێگەڕام ماکەرەکە بلەوەڕێت و خۆشم چوومە ریزی نوێژەوە، کەسی

---

[١٥٨] بوخاری (٤٥٥/٢)، موسلیم (٥٩/٢)، بەیهیقی (٢٧٢/٢)..

[١٥٩] بوخاری (٤٩٣.١٩٩/١)، موسلیم (١٧٢/٤)، ئیمامی مالك: الموطأ (٣٦٧ ل ١٠٢).

نکووڵی ئەوەی لێ نەکردم.. شەرعناسان دەفەرموون: مەبەستی ئەوەیە بێ ئەوەی سوترەیەکی بۆ خۆی دانابێت..[١٦٠]

دانانی سوترە لە پێش نوێژخوێن سوونەتی موئەککەدەیەو دانەنانی کاریگەری لەسەر تەواوێتی نوێژەکە نیە. ئەگەر وا نەبوایە حەتمەن یاوەران و تابعین دانانی سوترەیان لە هەموو نوێژێکیاندا دەکردە رەفتارێکی چۆنیەتی پەرستن، ئەوساتە پێشەوایانی شەرعناسیش دانانی سوترەیان بە فەرزێکی نوێژ هەژمارد دەکرد.. والله اعلم.

<u>حیکمەت لە هەبوونی سوترە:</u> شەرعناسان فەرموویانە: بۆ ئەوەیە کە بزانرێت لە نوێژدایەو بە بەرنوێژەکەیدا نەڕۆن..

کێشانی خەت و قەراغی بەرماڵ بۆ سوترە: دانانی سوترە سوننەتە بەڵام مەرجە:

- سوترەکە بستێك بەرز بێت.

- سێ باڵ (مەترو نیوێك) لە پێیەکانەوە بە ئاڕاستەی قیبلە دوور بێت.

- سوترەی ئیمام بۆ مەئمومەکانیشە.. بۆیە لە کاتی پێویستدا ڕۆیشتن بەبەر نوێژی مەئمووکاندا شیاوە .

- ئەگەر لە دەشت بوو، هیچی دەست نەکەوت بیکات بە سوترە، دەشێت لەو دیو جێ سوجدەکەیەوە خەتێك بکێشێت، باشتر وایە خەتەکە بە شێوەی کەوانە یان لاکێشە بێت، تا بزانرێت ئەو لەو شوێنە دیاری کراوەدا نوێژ دەکات..

[١٦٠] ئیمامی شافیعی لە: اختلاف الحدیث (ل ٩٧) ئیمامی نەوەوی لە روضة الطالبین(٣٩٨/١)، ئیبنوحەجەر: فتح الباری(٣٩٨/٣)، سەنعانی: سبل السلام (٢٠٢/١)..

- داخستنی بەرماڵ بە بیدعە نازانم، سنوری بەرماڵەکەش سوترەیەن چونکە حیکمەتی سوترە ئەوەیە کە بە دەوروبەر ڕاگەیێنرێت کە نوێژ دەکات، ڕاخستنی بەرماڵەکە، هەم ڕاگەیاندنە هەم دیاری کردنی سوترە.

* * *

باسی پێنجەم
تێپەڕبوون بەبەر نوێژدا

نوێژ کە دابەسترا نابێت کەس بەبەریدا بڕوات، واتە بە نێوان نوێژخوێن و جێ سوجدەکەیدا، کە لەوانەیە سوترەیەکی لێ دانابێت، بەڵام تێپەڕبوون بەو دیوی سوترەکەدا قەیدی نیەو شیاوە..

حیکمەتی تێپەڕنەبوون بەبەر نوێژدا: شەرعناسان لە حیکمەتی ئەمە کۆڵیونەتەوە.. چونکە دیوویانە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەم مەسەلەیەی ئەوەندە بە سەخت و توند گرتووە کە کابرای نوێژخوێن بۆی هەیە شەڕەپاڵ لەگەڵ تێپەڕبوودا بکات و نەهێڵێت بەبەر نوێژەکەیدا تێپەڕێت، وەك دەفەرموێ: (إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ إِلَى شَيْءٍ يَسْتُرُهُ مِنْ النَّاسِ، فَأَرَادَ أَحَدٌ أَنْ يَجْتَازَ بَيْنَ يَدَيْهِ فَلْيَدْفَعْهُ، فَإِنْ أَبَى فَلْيُقَاتِلْهُ،فَإِنَّمَا هُوَ شَيْطَانٌ).[١٦١] واتە: ئەگەر کەسێکتان نوێژی دەکردو سوترەی لە نێوان خۆی و خەڵکیدا دانابوو، پاشان کەسێك ویستی بەبەر نوێژەکەیدا تێپەڕێت با نەیهێڵێت، ئەگەر کۆڵی نەدا با بە شەڕەپاڵ ڕێی لێ بگرێت، چونکە ئەوە شەیتانە وا دەکات (یان شەیتانە وای پێ دەکات)..[١٦٢]

---

[١٦١] بوخاری (٣٦٣/١) موسلیم (٥٠٥).

[١٦٢] ئەمە پاڵپێوەنان و ڕێ لێگرتنێتی .

تێپەڕبوون وادەکات نوێژخوێنەکە مەشغووڵ بێت بە بزاوتی تێپەڕەکەوە، چونکە ئەو لە خواپەرستیدایەو ئەم بە هاتوچۆکەی ئەو مەشغووڵ دەکات..

- ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (يَقْطَعُ الصَّلاَةَ: المرْأةُ وَالحِمَارُوالكَلْبُ، وَيَقِي ذلِكَ مِثْلُ مُؤَخِّرَةِ الرَّحْلِ)[١٦٣] واتە: ئافرەت و گوێدرێژو سەگ نوێژ دەبڕن (بە تێپەڕبوونیان بەبەر نوێژدا) ئەوەی رێیان لێ دەگرێت، شتێکی وەك ئەو تەختەدارەی پشتی کورتانە، کە پاڵی پێوە دەدرێتەوە.

تێپەڕبوونی ئافرەت و گوێدرێژو سەگی رەش بەبەر نوێژدا بەتاڵی دەکەنەوە، ئەوەش پەیوەندی بە هەبوون و هەوڵی شەیتانەوە لەو کاتەدا هەیەو ئەم مەسەلەیەش هیچ پەیوەندی بە بێڕێزکردنی ئافرەتەوە نیە چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (المَرْأَةُ عَوْرَةٌ، فَإذَا خَرَجَتْ اسْتَشْرَفَهَا الشَّيطَانُ).[١٦٤] واتە: ئافرەت جێ نەزەرە، بۆیە هەر کە چووە دەرەوە، شەیتان زیاتر دەری دەخات، سەرنجی بۆ لا رادەکێشێت، تا پیاوان سەر هەڵبڕن بۆ تەماشاکردنی، بەو شێوەیە شەیتان ئافرەت دەکاتە مایەی گوناحکاریی..

---

[١٦٣] سەحیحی موسلیم بە شەرحی نەوەوی (١٦٩/٣).

[١٦٤] شێخی ئەلبانی دەفەرموێ سەحیحە، صحيح الجامع (٦٦٩٠).

باسی شەشەم

نوێژکردن رووەوڕووی گۆڕ

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆر بە توندی بەرهەڵستی لەوە کردووە کە نوێژ لە گۆڕستان بکرێت، یان رووەو گۆڕ بکرێت.. وەك دەفەرموێ: (لا تُصَلُّوا الَى الْقُبُورِ وَلا تَجْلِسُوا عَلَيهَا).[١٦٥] واتە: نە بەرەو رووی گۆڕ نوێژ بکەن و نە لەسەریشی دانیشن.. بێ گومان ئەمە مەبەست لە نوێژە فەرزەکان و سوننەتەکانە، نەك نوێژی جەنازە کە لە بازنەی پێداویستی کاروباری جەنازەدایە. لەفەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت: (الأرْضُ كُلُّهَا مَسْجِدٌ إلا المَقْبَرَةُ والحَمَّامُ).[١٦٦] واتە: هەموو شوێنێکی سەر زەوی جێی نوێژە جگە لە گۆڕستان و گەرماو (حەمام).

ئەگەرکەسێك ناچار نەبیت، نابێت نوێژ لە مزگەوتی گۆڕداردا بکات، بە تایبەتی ئەگەر لە دیدی خەڵکیدا خاوەن گۆڕەکە پیاوچاك ناسرابوو ئەسڵیش ئەوەیە ئەگەر گۆڕەکە هەبووبێت و مزگەوتی لەسەر دروست کرابێت، دەبێت مزگەوتەکە بڕوخێندرێت، ئەگەر مزگەوتەکە دروست کراو گۆڕی لەناودا دروست کرا، وەکو ئەوانەی مزگەوت دروست دەکەن و جێی گۆڕی خۆیانی تێدا دەهێڵنەوە، ئەوە جائیز نیەو دەبێ مردووەکە دەربهێنرێتەوەو ببرێتە گۆڕستانی گشتی موسوڵمانان تا خەڵکی وا نەزانن ناشتنی مردوو لە مزگەوتدا چاکترە . عائیشە خان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (لَعَنَ اللهُ اليهودَ وَالنَّصَارَى اتَّخَذُوا قُبُورَ أنْبِيائِهِمْ مَسَاجِدَ)[١٦٧] واتە: نەفرینی خوا لە جولەکەکان، گۆڕی پێغەمبەرانی خۆیان کردە جێی خواپەرستی.

[١٦٥] موسلیم (٩٧٢)، ئەحمەد (١٦٧٦٤).

[١٦٦] ترمذي (٣١٧)، ئیبنوماجة (٧٤٥) شێخی ئەلبانی لە صحیح ابن ماجة (٦٠٦) بە سەحیحی ناساندووە.

[١٦٧] بوخاری (٤٣٥)، موسلیم (٥٢٩).

باسی حەوتەم
نوێژکردن بە پێڵاوەوە

حەتمەن خەڵکانێکی زۆر کە ئەم سەردێڕە دەخوێننەوە بەسەرسامیەوە دەپرسن: نوێژکردن بە پێڵاوەوە؟! چونکە نازانن کە نەك جائیزە بەڵکو سوونەتێکی سەلمێنراوی پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، سەیدنا عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکیەوە ئەویش لە باپیریەوە خوا لێیان رازی بێت دەگێڕێتەوە (كَانَ يَقِفُ حَافِيَاً أَحْيَانَاً، وَمُنْتَعِلاً أَحْيَانَاً).[١٦٨] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جاری وا هەبوو لە وەستانی نوێژیدا پێی پەتی بوو، جاری وا هەبوو نەعلەکانی لە پێدابوو.. هەروەها سەیدنا ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ فَلْيَلْبِسْ نَعْلَيهِ، أو لِيَخْلَعْهُمَا بَينَ رِجْلَيهِ، وَلا يُؤْذِي بِهِمَا غَيرَهُ).[١٦٩] واتە: ئەگەرکەسێکتان نوێژی دەکرد با نەعلەکانی لە پێدا بێت، یان داینێ و بیخاتە نێوان پێیەکانیەوە، نەبادا خەڵکی پێ نارەحەت کات..

لە فەرمودەیەکی تردا کە سەیدنا شەددادی کوڕی ئەوس خوا لێیان رازی بێت لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (خَالِفُوا الْيَهُودَ، فَإِنَّهُمْ لا يُصَلُّونَ فِي نَالِهِمْ وَلا خِفَافِهِمْ).[١٧٠] واتە: پێچەوانەی رەفتاری جولەکەکان بکەن، ئەوان نوێژ بە پێڵاوو خوففەکانیانەوە ناکەن..

<u>ئەم فەرموودانە دەسەلمێنن کە نوێژ کردن بە پێڵاوەوە کە پێی ووتراوە نەعل، سوونتەتە.. کەوابوو نوێژ کردن بە پێڵاوەوە زیندوو کردنەوەی سوونەتێکی فەرامۆش کراوە.. والله اعلم..</u>

---

[١٦٨] شێخی ئەلبانی لە أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (ل٥٤).

[١٦٩] حاکم (٢٥٩/١) بە سەحیحی ناساندووەو، ئیمامی زەهەبیش لایەنگری کردووەو.

[١٧٠] ئەبوداوود (١٠٥/١)، تەبەرانی: لە الزوائد (٣٤٨/٧).

روكنی دووەم
تەكبیرەی ئیحرام

تەكبیرەی ئیحرام (الله اكبری دەسپێكی نوێژ): شەرعناسان جگە لە ئیمامی ئەبو حەنیفە لەسەر ئەوە كۆن كە دەستپێكی نوێژ بە ووتنی (الله اكبر) دەبێت چونكە لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یان لە یەكێك لە یاوەرانی بەڕێزیەوە نەبیستراوە لە دەسپێكی نوێژدا غەیری ئەوەی فەرموو بێت[١٧١]. ئەمەش روكنێكی نوێژە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (مِفْتَاحُ الصَّلَاةِ الْطُهُوْرُ، وَتَحْرِيمُهَا التَّكْبِيرُ، وَتَحْلِيلُهَا التَّسْلِيمُ).[١٧٢] واتە: كلیلی نوێژ دەسنوێژە، دەسپێكی تەكبیرەی ئیحرامە، تەواوبوونی سەلام دانەوەیە ..هەروەها پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە كابرای خاوەن نوێژهەڵە (المسئ صلاته) ی فەرموو (إِذَا قُمْتَ إِلَى الصَّلَاةِ فَكَبِّرْ)[١٧٣] واتە: كە هەستایت بۆ نوێژ تەكبیرەی ئیحرام بكەو نوێژ دابەستە.

- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ووتنی تەكبیرەی ئیحرامدا جاری وا هەبوو دەنگی بەرز دەكردەوە تا بزانرێت نوێژی دابەست، تا ئەوانەی دوای خۆشیەوە بیبیستن..[١٧٤] ئەمەی لە هەموو نوێژێكدا نەدەكرد، مەگەر ئیمامەتی بكردایە . بۆیە دەیفەرموو: كە ئیمام الله اكبری كرد ئێوەش بڵێن الله اكبر..[١٧٥]

---

[١٧١] ابن القيم: تهذيب السنن (٤٩/١).

[١٧٢] ئەبوداوود (٦١)، ترمذي (٣) شێخی ئەلبانی بە سەحیحی داناوە: الارواء (٣٠١).

[١٧٣] بوخاری (٧٢٤) بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٧٤ و ٧٥).

[١٧٤] الالبانی: أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (١٨٦/١)

[١٧٥] الالبانی: أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (١٩٢/١).

ئەگەر ئیمام دەنگی کز بوو یان لەبەر پیریی و نەخۆشی نەیدەتوانی دەنگ بەرز کاتەوە، دەشێت کەسێکی تر لە دوایەوە تەکبیرەکانی بە دەنگی بەرز بۆ بڵێتەوە. راجوێیی لەمەدا نیە..[١٧٦]

ئەگەر مەئمومەکان دەنگی ئیمامەکەیان دەبیست پێویست ناکات کەس تەکبیرەکان بە دەنگی بەرز بڵێتەوە، چونکە ئەوە بە کۆڕای شەرعناسان جائیز نیە..[١٧٧]

غەیری تەکبیرەی ئیحرام (الله اکبر)، بۆ نوێژ دابەستن هیچ زیکرێکی تر وەك (سبحان الله) یا (الحمد لله) یا (الله الجلیل) یا (الله العظیم) یان لەفزێکی تر لەو بارەوە، نابێت و جائیز نییە.

<u>نوێژ بە غەیری زمانی عەرەبی نابێت:</u> گومان لەوەدا نیە کە نە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نە یەکێك لە یاوەرە بەرێزەکانی نوێژیان بە غەیری عەرەبی نەکردووە، نەك لەبەر ئەوەی خۆیان عەرەب بوون، خۆ غەیرە عەرەبیش لە کۆمەڵگەکەیاندا هەبووە، دواتریش یاوەران تێکەڵ بە دەیان لە میللەتانی تری غەیرە عەرەبی بوون، بەڵام کەس نوێژی بە غەیری عەرەبی نەکردووە، لەم روانگەوەیە کە زۆرینەی زۆری شەرعناسان فەرموویانە نوێژ کردن هەر دەبێت بە زمانی عەرەبی بێت، مەگەر کەسێك موسوڵمان ببێت و پێش ئەوەی کاتی نوێژی یەکەمی تەواو ببێت نەتوانێت تەکبیرەی ئیحرام بە عەرەبی بڵێت، ئەو کاتە بۆی هەیە بە زمانێك کە خۆی بەسەریدا زاڵە بیڵێت..

---

[١٧٦] النووي: المجموع (٣٩٨/٢).

[١٧٧] ابن تيمية: الفتاوى (٦٩/١).

روكنی سێیەم

خوێندنی سورەتی فاتیحە لە هەموو ركاتەكانی نوێژدا

خوێندنی سورەتی فاتیحە لە هەموو ركاتێكی نوێژدا فەرز بێت یان سوونەت، بە دەنگی -بەرز بخوێندرێت یان پەنهانی- بە روكنێكی نوێژ دادەنرێت.. سەیدنا عوبادەی كوڕی سامیت خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (لا صَلاةَ لِمَنْ لَمْ يَقْرَأْ بِفَاتِحَةِ الكِتَابِ).[١٧٨] واتە: هەر كەسێك سورەتی فاتیحەی لە نوێژدا نەخوێندبێت نوێژەكەی گیرا نەبووە.. هەروەها سەیدنا ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (كُلُّ صَلاةٍ لا يُقْرَأُ فِيهَا بِأُمِّ الْكِتَابِ فَهِيَ خِدَاجٌ هِيَ خِدَاجٌ هِيَ خِدَاجٌ، غَيْرُ تَمَامٍ).[١٧٩] واتە: هەر نوێژێك كە سورەتی فاتیحەی تێدا نەخوێندرێت، ئەو نوێژە نوقسانە، ئەو نوێژە نوقسانە، ئەو نوێژە نوقسانە، تەواو نیە.. نوێژەكە هەر پێی ووتراوە نوێژ بەڵام نوقسانە، نوقسانیش یەعنی تەواو نیەو نوێژەكەی پێ نەهاتۆتە دی و قبووڵ نەبووە.. ئەبوسائیب كە ئەم فەرموودەی گێڕاوەتەوە دواتر دەفەرموێ لە ئەبو هورەیرەم پرسی: ئاخر جاری وا هەیە لە دوای ئیمامەوەم؟! دەستی راوەشاندم و فەرمووی: لە دڵی خۆتدا بیخوێنە.. <u>من پێم وایە هەر كەسێك بتوانێت سورەتی فاتیحە لەبەر كات بۆی نیە هیچی تر لە نوێژدا لە جێی ئەو بخوێنێت، نە قورئان و نە زیكری تر.. والله اعلم.</u>

<u>خوێندنی سورەتی فاتیحە، ئایەت ئایەت، هێدی و لەسەرخۆ:</u> لە ئومموسەلەمە خانیان پرسی: قورئان خوێندنی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە نوێژدا چۆن بوو: فەرمووی: ئایەت ئایەت دەیخوێند: (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) پاشان دەوەستا، پاشان دەیفەرموو: (الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ)، پاشان دەوەستا، پاشان دەیفەرموو: (الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ)، پاشان دەوەستا، پاشان دەیفەرموو: (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ)، ئاوا تا كۆتایی سورەتەكە.. هەموو قورئان خوێندنێكی هەر وا بوو، لە كۆتایی هەموو ئایەتێكدا دەوەستا، بێ ئەوەی كۆتایی یەكێكیان بە سەرەتای ئەوی دوایەوە پەیوەست كاتەوە..[١٨٠]

---

[١٧٨] بوخاری (٧٥٦)، موسلیم (٣٩٤).

[١٧٩] موسلیم (٤١)، ئەبوداوود (٨٢١)، نەسائی (١٣٥/٢).

[١٨٠] ئیمامی ئەحمەد (٣٠٢/٦)، ئەبوداوود (١٦٩/٢)، ترمذي (١٥٢/٢).

ئەمە خوێندنی سوونەتانەیە، نەك كێبڕكێی ئەوەی كە كێ زۆرترین ئایەت بە هەناسەیەك دەخوێنێت!! یان خوێندنێكی بە لرفەلرف لەگەڵ هەناسەوەرگرتن و هەناسەدانەوەدا ووشەكان دەربڕێت !!

<u>خوێندنی بەسمەلە لە سەرەتای سورەتی فاتیحەدا:</u> شەرعناسان لە باسی خوێندنی بەسمەلە (ووتنی بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) لە سەرەتای سورەتی فاتیحەدا راجوێن، ئەوەش لەبەر ئەوەیە كە راجوێی پێشتریان لەسەر ئەوە هەیە كە ئایا بەسمەلە ئایەتێكی سورەتی فاتیحەیە یان نا؟

فەرموودەوانی گەورە شێخی ئەلبانی رەحمەتی گەیشتۆتە ئەوەی كە خوێندنی بەسمەلە لە سەرەتای خوێندنی سورەتی فاتیحەدا لە نوێژدا بەشێكە لە سورەتەكەو پێویستە لە نوێژی جەهریدا بە پەنهانی (بەبێ دەنگ) بخوێندرێت..[١٨١] ئەمەش بۆچوونی ئیمامی ئەبو حەنیفەو ئیمامی ئەحمەدە كە بەڵگەی زیاتریان لە پشتە كە بە سێزدە رێگا ئەو فەرموودانە سەلمێنراون كە دەفەرموون بە پەنهانی دەخوێندرێت.. <u>منیش پابەندی ئەم بۆچوونەم.. چونكە بەڵگەكانی بەهێزترە لە بەڵگەی مەزهەبی ئیمامی شافیعی.. والله اعلم.</u>

<u>خوێندنی سورەتی فاتیحە لە نوێژی جەماعەتدا:</u> مەئمووم هەر دەبێت سورەتی فاتیحەكەی بخوێنێت، ئیتر نوێژەكە جەهری بێت یان پەنهان جیاوازی نیە، دەبێت دوای خوێندنی ئیمام، لەو بێدەنگیەیدا ئەمیش بیخوێنێت، ئەگەر نا لەگەڵ قورئان خوێندنەكەی ئەودا بیخوێنێت.. چونكە فەرموودەكەی عوبادەی كوڕی سامیت راشكاوانە دەفەرموێ كە لەگەڵ قورئان خوێندنی ئیمامەكەدا لەگەڵی ناخوێندرێت، یەعنی ئایەتی سورەتی تر ناخوێندرێت، رێ لە خوێندنی فاتیحەكە ناگرێت كە لەسەر مەئمووم فەرزە بیخوێنێت.. ئەمەش لەبەر مەزنی سورەتی فاتیحەیە كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: خوای گەوەر نە لەتەورات و نە لە ئینجیلدا وەكو سورەتی فاتیحەی نەناردۆتە خوارەوە، ئەو حەوت ئایەتەی لە هەموو ركاتێكی نوێژدا دووپات دەبێتەوە، كە قورئانی مەزنە..[١٨٢]

* * *

[١٨١] أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەرگی یەكەم لاپەڕە (٢٧٧ -٢٩٢).

[١٨٢] سەحیحە، بڕوانە: الالبانی: أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (١/٢٧٧ -٢٩٢).

روکنی چوارەم و پێنجەم
رکوع و سرەوتنی لەش تێیدا

شەرعناسان لەسەر ئەوە کۆن کە چەمانەوە (رکوع)ی دوای خوێندنی فاتیحە لە نوێژدا روکنی رکاتی هەموو نوێژێکە،[١٨٣] بەڵگەشیانئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ارْكَعُوا وَاسْجُدُوا) الحج/٧٧ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە رکوع و سوجدە ببەن .

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە کابرای خاوەن نوێژەهەڵەکەی فەرموو: (ثُمَّ يُكَبِّرَ فَيَرْكَعَ، فَيَضَعَ كَفَّيْهِ عَلَى رُكْبَتَيْهِ حَتَّى تَطْمَئِنَّ مَفَاصِلُهُ وَتَسْتَرْخِيَ).[١٨٤] واتە: پاشان تەکبیر دەکات و دەچێتە رکووع، هەردوو لەپی دەستی دەخاتە سەر ئەژنۆی و دەمێنێتەوە تا جومگەکانی دەسرەون و هێدی دەبنەوە..

چۆنیەتی رکووع: چەمانەوەی رکووع ئەوەندەیە کە دەست بگاتە سەر کەڵکەی ئەژنۆی، چونکە سەیدنا وائیلی کوڕی حوجر خوا لێی رازی بێت لە وەسفی چۆنیەتی دەست دانانی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەسەر ئەژنۆی دەفەرموێ: (وَكَانَ يُمَكِّنُ يَدَيهِ مِنْ رُكْبَتَيهِ، كَأَنَّهُ قَابِضٌ عَلَيهِمَا).[١٨٥] واتە: هەردوو دەستی لە هەردوو ئەژنۆی قایم دەکرد، وەك ئەوەی چنگی پێداکردبن و گرتبنی.. پەنجەکانی دەستی وا بەسەر ئەژنۆیدا بڵاوکاتەوە وەکو کە چنگی پێدا کردبێت . لە بارەی پەنجەکانیشی دەفەرموێت: کە پەنجەکانیشی بەسەر کەڵکەی ئەژنۆکانیدا بڵاو دەکردنەوە: (كَانَ إِذَا رَكَعَ فَرّجَ بَينَ أَصَابِعِهِ).[١٨٦] لەو کاتەی چنگی لەسەر کەڵکەی ئەژنۆیەتی و پشتی راست راگرتووە ئانیشکەکانی لە لەشی دوور دەخاتەوە،

[١٨٣] ابن حزم: مراتب الاجماع (ل ٢٦).
[١٨٤] پەراوێزی (١٦).
[١٨٥] شێخی ئەلبانی دەفەرموێ: (أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (٦٣١/٢)).
[١٨٦] الحاكم (٢٢٤/١) دەشفەرموێ: بە پێی مەرجی موسلیم سەحیحە و زەهەبیش فەرموویەتی: وایە.

وەك ئەوەی باڵ فش بكاتەوە نەك قۆڵی بە لەشیەوە بنوسێنێت.. لە فەرموودەكەی سەیدنا وائیلی كوڕی سەعددا خوا لێی رازی بێت هاتووە: (وَوَضَعَ كَفَّيهِ وَجَافَى).[١٨٧] واتە: لەپی دەستەكانی لەسەر ئەژنۆكانی دادەناو ئانیشكەكانی دوور دەخستنەوە.. ئەمە لە ركوع و سوجدەدا هەروایەو بۆ ژن و پیاویش جیاوازی نیە.

رێك راگرتنی پشت: كە چووە ركووع دەبێت پشتی لەگەڵ پشتی ملی رێك كات، واتە لە پشت سەریەوە تا سمتی لە یەك ئاستدا بن (بێ گومان بۆ ئەو كەسەی دەتوانێت)، چونكە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وای دەكرد، تەنانەت ئەگەر دڵۆپە ئاو لەسەر پشتی دانرایە لە هیچ لایەكەوە نەدەتكایە خوارەوە: (وَكَانَ إِذَا رَكَعَ بَسَطَ ظَهْرَهُ وَسَوَّاهُ، حَتَّى لَو صَبَّ عَلَيهِ المَاءَ لَاسْتَقَرَّ).[١٨٨] واتە: كە دەچووە ركووع پشتی درێژو رێك دەكردەوەو، تەنانەت ئەگەر ئاو بكرایەتە سەر پشتی قەتیس دەما ..

مانەوەی لە ركووعدا: سەلمێنراوە كە ركوع و هەستانەوەی دوای ئەوو سوجدەو مانەوەی نێوانی دوو سوجدەكانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەقەدەر یەك بوون، هەر یەكەیان بە قەدەر خوێندنی زیكری ركووع بوو..[١٨٩]

سرەوتنی لەش: لەبەر ئەوەیە كە لەو فەرموودەی خاوەن نوێژە هەڵەكەدا فەرمووی (حَتَّى تَطْمَئِنَّ مَفَاصِلُهُ وَتَسْتَرْخِيَ). تا جومگەكانی دەسرەون و هێدی دەبنەوە ..

* * *

---

[١٨٧] ئیمامی ئەحمەد (٣١٦/٤). ابن حجر: تلخيص الحبير (٣٨١/٣).

[١٨٨] شێخی ئەلبانی: (أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (٦٣٨/٢).

[١٨٩] بوخاری (٢١٩/٢)، موسلیم (٤٥/٢)..

روکنی شەشەم و حەوتەم
هەستانەوە لە رکوع و سرەوتنی لەش تێیدا

لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە خاوەن نوێژە هەڵەکەی فەرموو: (ثُمَّ يَقُولُ: سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، وَيَسْتَوِيَ قَائِمًا حَتَّى يَأْخُذَ كُلُّ عُضْوٍ مَأْخَذَهُ، وَيُقِيمَ صُلْبَهُ).[١٩٠] سەری لە رکوع بەرز دەکاتەوەو دەڵێ: (سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ) واتە: خوای گەورە سوپاسی ئەو کەسە دەبیستێت کە ستایشی دەکات .. بە پێوە دەوەستێت قامەتیشی بە تەواوی راست دەکاتەوە ..

- هەروەها لە فەرموودەکەی سەیدنا ئەبو حەمیدی ساعدیدا خوا لێی رازی بێت هاتووە کە لە وەسفی نوێژی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (فَإِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ اسْتَوَى قَائِمًا حَتَّى يَعُودَ كُلُّ فَقَارٍ مَكَانَهُ)[١٩١] واتە کە سەری بەرز دەکردەوە رێك رادەوەستاو دەسرەوت تا هەموو برگەکانی برِبرِەی پشتی دەگەڕانەوە جێی خۆیان.[١٩٢]

* * *

[١٩٠] پەراوێزی (١٦).
[١٩١] بوخاری (٨٢٦)، صحيح أبي داود (١٧٢).
[١٩٢] فتح الباري (٣٠٨/٢).

روکنی هەشتەم و نۆیەم
سوجدە بردن و سرەوتنی لەش تێیدا

دووجار سوجدە بردن، لە هەر رکاتێکی نوێژدا لە روکنەکانی نوێژە، ئەمەش کۆڕای شەرعناسانی لەسەرە، بەڵگەشیان خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ارْكَعُوا وَاسْجُدُوا)الحج/٧٧ واتە: ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە رکوع و سوجدە ببەن ..

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە کابرای خاوەن نوێژەهەڵەکەی فەرموو: (ثُمَّ يُكَبِّرَ فَيَسْجُدَ، وَيُمَكِّنَ جَبْهَتَهُ مِنَ الأَرْضِ حَتَّى تَطْمَئِنَّ مَفَاصِلُهُ وَتَسْتَرْخِيَ).[١٩٣] واتە: پاشان تەکبیر دەکات و دەچێتە سوجدە، ناوچەوانی بە تەواوی دەخاتە سەر زەوی، ئاوا دەمێنێتەوە تا هەموو جومگەکانی لە جووڵە دەکەون و جەستەی دەسرەوێت ..

٣- هەروەها لە فەرموودەی سەحیحدا فەرموویەتی: (لَا تُجْزِئُ صَلاةٌ لا يُقِيمُ الرَّجُلُ فيهَا صُلْبَهُ فِي الرُّكوعِ و السُّجُودِ)[١٩٤] واتە: ئەو نوێژە جێ ناگرێت کە خاوەنەکەی لە رکوع و سوجدەدا نەسرەوێت و لەشی تێیاندا هێدی نەبێتەوە.

<u>چۆنیەتی چوونە سوجدە:</u> هەرچەندە خەڵکێك بە غەریب و نامۆی دەزانێت کە لە چوونە سوجدەدا دەستەکان پێش ئەژنۆ بخرێتە سەر زەوی، چونکە هەروا زانراوە کە نوێژخوێن سەرەتا دێتە سەرچۆك (ئەژنۆ) ئینجا لەپی دەستەکانی دادەنێت.

شێخی ئەلبانی بە هەموو سەنەدەکاندا چۆتەوە و گەیشتۆتە ئەوەی کە ئەو ریوایەتانەی ئەم چۆنیەتیە باس دەکەن زەعیفن، منیش ئەوەی شێخی ئەلبانیم پێ بەهێزترە..[١٩٥]

---

[١٩٣] پەڕاوێزی (١٦).

[١٩٤] نەسائی(١٨٣/٢)، ترمذي (٢٦٤)، ئەبوداوود (٨٤٠) ئیبن ماجة (٨٧٠). سەحیحە: صحيح فقه السنة (٣٢١/١).

[١٩٥] أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (٧١٩.٧١٤/٢)، الارواء (٣١٣).

١-(وَكَانَ يَضَعُ يَدَيهِ عَلَى الأَرْضِ قَبْلَ رُكْبَتَيهِ)[١٩٦] واتە: دەستەكانی پێش هەردوو ئەژنۆی دەخستە سەرزەوی..

٢-(إذَا سَجَدَ أَحَدُكُمْ فَلا يَبْرُكْ كَمَا يَبْرُكُ الْبَعيرُ، وَلْيَضَعَ يَدَيهِ قَبْلَ رُكْبَتَيهِ)[١٩٧] واتە: ئەگەر یەكێكتان سوجدەی برد با وا نەچێتە سەرزەوی وەكو كە حوشتر دەچێت، با دەستەكانی پێش هەردوو ئەژنۆی دابنێت ..

چۆنیەتی سوجدە:

١- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (إنَّ اليَدَينِ تَسْجُدَانِ كَمَا يَسْجُدُ الْوَجْهُ فَأَذَا وَضَعَ أَحَدُكُمْ وَجْهَهُ فَلْيَضَعْ يَدَيهِ، وَإذَا رَفَعَ فَلْيَرْفَعْهُمَا).[١٩٨] واتە: دەستەكانیش سوجدە دەبەن وەكو كە روو (دەموچاو) سوجدە دەبات، جا هەر كەسێكیتان سەری خستە سەر زەوی با دەستەكانیشی بخاتە سەری، ئەگەر سەری بەرز كردەوە با دەستەكانیشی بەرز كاتەوە.. ئاشكرایە كە مەبەستی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە دەستەكان لەپی دەستەكانە ..

٢- سەیدنا بەرائی كوڕی عازیب خوا لێی رازی بێت كە وەسفی چۆنیەتی سوجدە بردنی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەكات دەفەرموێ: (كَانَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ يَسْجُدُ عَلَى أَلْيَتَي الْكَفِّ).[١٩٩] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كە دەچووە سوجدە كۆتایی لەپی دەستەكانی دادەنا ئینجا هەموو لەپی..

---

[١٩٦] حاكم دەفەرموێ: بە پێی مەرجی موسلیم سەحیحە، زەهەبیش لایەنگرێتی.

[١٩٧] شێخی ئەلبانی حوكمی سەحیحی داوە لە الارواء (٣٥٧) و صحيح سنن أبی داود (٧٨٩).

[١٩٨] ئەلبانی دەفەرموێ: إسنادە صحيح.. (أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (٢/ ٧٢٥).

[١٩٩] حاكم (٢٢٧/١)، بەیهیقی (١٠٧/٢)، ئیمامی ئەحمەد (٢٩٥/٤).

وەك بەرهەڵستی لە راخستنی ئانیشك و بازووەكانیش دەیفەرموو: (لا يَبْسُطُ أَحَدُكُمْ ذِرَاعَيهِ انْبِسَاطَ الْكَلْب).[٢٠٠] واتە: كەستان بازووەكانی لەسەر زەوی رانەخات وەكو كە سەگ دەیكات ..

٣- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كە دوای ئەوەی بەو شێوەیە سوجدەی دەبرد، دەست و پەنجەی دەخستە سەر زەوی، ئینجا ناوچەوان و لووتی لە زەوی قایم دەكرد، وەكو فەرموودەكەی ئەبو حەمیدی ساعیدی دەفەرموێ: (وَكَانَ يُمَكِّنُ أَنْفَهُ وَجَبْهَتَهُ مِنْ الأَرْضِ)[٢٠١] واتە: لووت و ناوچەوانی لە زەوی قایم دەكرد ..

- هەروەها: (لا صَلاةَ لِمَنْ لا يُصِيبُ أَنْفَهُ مِنْ الأَرْضِ مَا يُصِيبُ الجَبِينَ)[٢٠٢] واتە: نوێژی ئەو كەسە قبووڵ نیە كە وەكو كە ناوچەوانی خستۆتە سەر زەوی و پێوەی چەسپاندووە، لووتیشی نەخاتە سەری و پێوەی نەچەسپێنێت ..

* * *

روكنی دەیەم و یازدەیەم
دانیشتنی نێوان سوجدەكان و سرەوتنی لەش تێیدا

ئەم دانیشتنەی نێوان دوو سوجدەی هەر ركاتی نوێژێك روكنە، چونكە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ علَيهِ وَسَلَّمَ لە فێركردنی خاوەن نوێژە هەڵەكەدا جەختی لەسەر كردەوەو فەرمووی: (ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِداً، ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ جَالِسَاً، ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى

[٢٠٠] بوخاری (٢٤٠/٢)، موسلیم (٥٣/٢)، ئەبوداوود (١٤٣/١)، ترمذي (٦٦/٢)، نەسائی (١٦٧/١)، داریمی (٣٠٣/١).
[٢٠١] شێخی ئەلبانی: أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (٢/ ٧٣١).
[٢٠٢] سەنەدەكەی سەحیحە. أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (٧٣١/٢).

تَطْمَئِنَّ سَاجِدَاً).[٢٠٣] واتە: پاشان سوجدە ببە تا لە سوجدەدا سرەوت دەگریت، ئینجا سەرت بەرز کەرەوەو دانیشە، تا لە جوڵە دەکەویت و سرەوت دەگریت، ئینجا بچۆرەوە بۆ سوجدەو بمێنەرەوە تا سرەوت دەگریت..

ئەم هەموو تەئکید کردنەوەیە لە جووڵە کەوتن و لە سرەوت گرتن و وەستانەوە، هەمووی بەڵگەی روکنێتی ئەو رەفتارە خواپەرستیەیە.. عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (كَانَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ إِذَا سَجَدَ رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ السَّجدةِ لَمْ يَسْجُدْ حَتَّى يَسْتَوِي جَالِسًا).[٢٠٤] واتە: کاتێك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ علَيهِ وَسَلَّمَ سەری لە سوجدە بەرز دەکردەوە، سوجدەی نەدەبردەوە تا بە تەواوی دادەنیشت.. دانیشتنی نێوان دوو سوجدەکە لای ئیمامی شافیعی و ئیمامی ئەحمەد روکنن. !!

چۆنیەتی دانیشتنی نێوان دوو سوجدەبردنەکە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ علَيهِ وَسَلَّمَ کە سەری لە سوجدەی یەکەم بەرز دەکردەوە، لەسەر ئەژنۆ دادەنیشت، دەستەکانی دەخستنە سەر رانەکانی، پەنجەکانی وێك دێنانەوە (پێکەوە جووتی دەکردن) و رووی دەکردنە قیبلە، لە دواوە پێی راستی هەڵدەناو لەسەر پێی چەپی دادەنیشت، جاری واش هەبوو هەردوو پێیەکانی هەڵدەناو لەسەر پاژنە پێکانی بە شێوەیەکی کاتی دادەنیشت.. هەموو جارێك لانی کەم بە قەدەر ماوەی سوجدە بردنێکی لەم دانیشتنەدا دەمایەوە، جاری واش هەبوو ئەوەندەی درێژ دەکردەوە کە خەڵکانێك وایان دەزانێ بیری چۆتەوە کە سوجدەی دووەمی نەبردووە! بە یاوەرانیشی دەفەرموو: نوێژەکانتان قبووڵ نابێت ئەگەر ئێوەش وا نەکەن و ئەوەندە نەمێننەوە..

* * *

[٢٠٣] بوخاری (٤٦٧.٣١/١١)، موسلیم (١١.١٠/٢).

[٢٠٤] موسلیم (٤٩٨)، ئیبنوماجة (٨٩٣)..

روکنی دوازدەیەم و سێزدەیەم
تەحیاتی دوایی و دانیشتنەکەی

خوێندنی تەحیاتی ئەخیر روکنە، هەر کەسێك بەئاگا یان بێ ئاگایانە وازی لێ بهێنێت نوێژەکەی بەتاڵ دەبێتەوە.. سەیدنا ئیبنو مەسعوود خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (كُنَّا نَقُولُ قَبْلَ أَنْ يُفْرَضَ عَلَينَا التَّشَهُّدُ السَّلامُ عَلَى اللهِ مِنْ عِبَادِهِ فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ علَيهِ وَسَلَّمَ لا تَقُولُوا السَّلامُ عَلَى اللهِ وَلكِنْ قُولُوا التَّحِيّاتُ للهِ).[٢٠٥] واتە: پێش ئەوەی تەحیاتمان لەسەر فەرز ببێت، دەمانووت: سەلام لە خوا لە عەبدەکانیەوە، ئیتر پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ علَيهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: مەڵێن سەلام لە خوا، بڵێن: ئەتتەحییاتو للە.. ئەمە بەڵگەیە کە تەحیات پێشتر فەرز نەبووەو دواتر لەسەر موسوڵمانان فەرز کراوە..

٢- هەر سەیدنا ئیبنو مەسعوود خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ علَيهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (إذَا قَعَدَ أَحَدُكُمْ فِي الصَّلاةِ فَلْيَقُلْ التَّحيَّاتُ للهِ..).[٢٠٦] واتە: ئەگەریەکێکتان لە نوێژدا بۆ تەحیات دانیشت با بڵێت: التَّحيَّاتُ للهِ..

<u>چۆنیەتی دانیشتن بۆ تەحیات:</u>

بزانە کە پێویستە موسوڵمان دانیشتنەکانی تەحیات و نێوانی دوو سوجدەکان بزانێت، تا بەو شێوەیە نوێژەکانی بکات کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ علَيهِ وَسَلَّمَ کردوونی، دانیشتنی نێوان سوجدەکانمان باس کرد کە بە شێوەی دانیشتنی تەحیات بووەو جاری

[٢٠٥] ئەم فەرموودەیە زۆرینەی فەرموودەوانانی وەکو ئیمامی ئەحمەدو بوخاری و موسلیم و خاوەن سونەنەکان و داریمی و دارەقوتنی و تەبەرانی و ئیبنوحیببان و ئیبنوخوزەیمەو ئیبنوئەبی شەیبەو عبدالرزاق ریوایەتیان کردووە، لە بیستوقسوور رێگاوە هاتووە، بەڵام لای زۆریان ئەو زیادەیەی تێدا نیە کە دەفەرموێ: (قَبْلَ أَنْ يُفْرَضَ عَلَينَا التَّشَهُّدُ) ئەسڵەکەشی وەکو شێخی ئەلبانی دەفەرموێ لە سەحیحەیندایە، خۆشی بە سەحیحی ناساندووە (الارواء (٣١٩).

[٢٠٦] بوخاری (٨٣١)، موسلیم (٤٠٢).

واش هەبووە هەردوو پێی هەڵناوەو لەسەر پاژنەکانیان دانیشتووە.. ئەمما دانیشتنی تەحیات، ئەوە بزانە کە دوو جۆرە:

دانیشتنی تەحیاتی ناوەند (ئیفتیراش): وەکو دانیشتنی نێوان دوو سوجدەکانە، دانیشتنێکی تەحیاتییە لەسەر ئەژنۆ، پێی راستی وا هەڵدەنێت، رووی پەنجەکانی لە قیبلە بن، پێی چەپیشی رادەخات و سمتی چەپی دەخاتە سەر.. ئەمە شێوەی زۆرینەی دانیشتنی نێوان سوجدەکان و تەحیاتی ناوەندی پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللهُ علَيهِ وَسَلَّمَ، لە فەرموودەی سەحیحی بوخاریدا هاتووە کە سەیدنا ئەبو حەمیدی ساعیدی خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (ثُمَّ كَانَ يَجْلِس لِلتَّشَهُّدُ بَعْدَ الفَرَاغِ مِنْ الرَّكْعَةِ الثَّانِيَةِ، فَإِذَا كَانَتْ الصَّلاةُ رَكْعَتَيِنِ كَالصُّبْحِ جَلَسَ مُفْتَرِشَاً كَمَا كَانَ يَجْلِسُ بَيِنَ السَّجْدَتَيِنِ وَكَذلِكَ فِي التَّشَهُّدِ الأَوَّلِ مِنْ الثُّلاثِيَّةِ أو الرُّبَاعِيَّةِ)[٢٠٧] واتە: دوای تەواوبوونی رکاتی دووەم، بۆ تەحیات خوێندن دادەنیشت، ئەگەر نوێژەکە دوو رکاتی بوایە وەکو نوێژی بەیانیان، بە شێوەی ئیفتیراش تێیدا دادەنیشت، هەر وەکو کە لە نێوان دوو سوجدەکان و تەحیاتی یەکەمی نوێژی سێ رکاتیی و چوار رکاتیی. هەروەها سەلمێنراوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ علَيهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (فَإِذَا جَلَسْتَ فِي وَسَطِ الصَّلاةِ فَاطْمَئِنَّ وَافْتَرِشْ فَخِذَكَ الْيُسْرَى ثُمَّ تَشَهَّدْ)[٢٠٨] واتە: کاتێك لە ناوەندی نوێژدا دادەنیشیت، هێمن ببەرەوەو رانی چەپت راخە (بە شێوەی ئیفتیراش بیخەرە سەرزەوی)[٢٠٩] ئینجا تەحیات بخوێنە..

ئەلبانی دەفەرموێ: ئەم دوو فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە سوونەتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ علَيهِ وَسَلَّمَ وایە کە لە کۆتایی رکاتی دووەمدا بۆ تەحیات خوێندن بە شێوەی ئیفتیراش دانیشێت.

---

[٢٠٧] بوخاری (٢/٢٤٦)، ئەبو داوود (١/١٥٢)، بەیهیقی (٢/١٢٧).

[٢٠٨] سەنەدەکەی حەسەنە الالبانی: أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (٣/٨٣٣).

[٢٠٩] الشوكاني: نيل الاوطار (٢/٢٢٩).

<u>دانیشتنی تەحیاتی ئەخیر (تەوەڕوك):</u> پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ علَيهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (وَإِذَا جَلَسَ فِي الرَّكْعَةِ الْآخِرَةِ قَدَّمَ رِجْلَهُ الْيُسْرَى وَنَصَبَ الْأُخْرَى وَقَعَدَ عَلَى مَقْعَدَتِهِ)[٢١٠] واتە: کە لە تەحیاتی ئەخیریدا دادەنیشت پێی چەپی پێش دەخست و ئەوی تریانی هەڵدەناو لەسەر سمتی دادەنیشت.

ئەمەش دوو شێوەیە:

یەکەم: سمتی چەپی دەخاتە سەر زەوی و لەسەری دادەنیشێت و هەردوو پێیەکانی دەکەونە لای راستیەوە، پەنجەکانی پێی چەپی لە بن لوولاقی چەپیەوە دێنێتە دەرەوە..

دووەم: لەسەر سمتی چەپی دادەنیشێت و هەردوو پێیەکانی رادەخات و لای راستیەوە دەریان دەهێنێت. ئەوە سەلمێنراوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ علَيهِ وَسَلَّمَ لە تەحیاتی ئەخیری نوێژەکانیدا ئەم دوو شێوەیەی کردووە..

کەواتە پەسەندترینی چۆنیەتی دانیشتن لە نوێژێکدا بە شێوەی تەوەڕووك دادەنیشێت کە دوو تەحیاتی تێدا بێت، تا لێك جوێ بکرێنەوە ئەمە بۆچوونی ئیمامی ئەحمەد بووە و ئیمامی ئیبنولقەییم دوای ئەم رایەی پێ پەسەندتربووە[٢١١]. شێخی ئەلبانیش هەروەها..[٢١٢]

<u>ویردەکانی تەحیات:</u>

سەیدنا ئیبنومەسعود خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: دەستم لەناو لەپی دەستی پێغەمبەری خوادا بوو صَلَّى اللهُ علَيهِ وَسَلَّمَ کە تەحیاتی هەروەکو سورەتێکی قورئان فێر کردم، فەرمووی بڵێ: (التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ، السَّلامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ السَّلامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ

---

[٢١٠] بوخاری (٨٢٨).

[٢١١] ابن القيم: زاد المعاد (٩١/١).

[٢١٢] أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (٩٨٢/٣).

مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ).[٢١٣] واتە: سڵاوو ستایش بۆ خوایە، هەروەها پاڕانەوەو پاکی، سڵاوو بەزەیی و بەرەکەتی خوات لێ بێت ئەی پێغەمبەری خوا، سڵاو لە ئێمەو لە بەندە پیاوچاکەکانیش، شایەتی دەدەم کە تەنها خوای تاك و پاك شیاوی خوایەتییەو هیچی تر شایانی خوایەتی نیە، شایەتی دەدەم کە موحەممەد بەندەو نێرراوی خوایە ..

ئەم ویردە لە چەندین ریوایەتی ترەوە هەر لە سەیدنا ئیبنو مەسعودەوە بە شێوازی (السَّلامُ عَلَى النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ) هاتووە، ئیبنومەسعود خۆی ئەوەی روون کردۆتەوە کە فەرموویەتی: ئەو کاتەی کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ علَيهِ وَسَلَّمَ زیندوو بوو لەناوماندا بوو دەمانووت: (السَّلامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ) کە کۆچی دوایی کرد ئیتر لەوەو دوا دەمانووت: (السَّلامُ عَلَى النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ)[٢١٤]

* * *

[٢١٣] بوخاری (٦٢٦٥)، موسلیم (٤٠٢).

[٢١٤] شێخی ئەلبانیش لە صفة صلاة النبي (ل١٩١) دا دەفەرموێ: عائیشەخانیش ئاوای تەحیات فێر دەکردن و خۆشی ئاوای خوێندووە کە دیارە بە رەزامەندی و ئاماژەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بووە..

روکنی چواردەیەم
سەلامدانەوە

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (مِفْتَاحُ الصَّلَاةِ الْطُهُورُ، وَتَحْرِيمُهَا التَّكْبِيرُ، وَتَحْلِيلُهَا التَّسْلِيمُ).[٢١٥] واتە: کلیلی نوێژ دەسنوێژە، دەسپێکی نوێژ تەکبیرەی ئیحرامە، تەواوبوونیشی سەلام دانەوەیە.

هەروەها عائیشەخان خوا لێی رازی بێت کە دەفەرموێ: (كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ علَيهِ وَسَلَّمَ يَخْتَمِ الصَّلاةَ بِالتَّسليمِ).[٢١٦] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نوێژەکەی بە سەلامدانەوە کۆتایی پێ دەهێنا ..

بەردەوام بوونی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەسەرکردنی. ئەوە دەسەلمێنێت کە سەلامدانەوە فەرزە .. والله اعلم..

سەلامدانەوە یەکجارە یان دووجار؟:[٢١٧] سەلامدانەوەی یەکەم (بە لای راستدا) روکنەو سەلامدانەوەی دووەم (بە لای چەپدا) سوونەتە. ئیبنول مونزیر دەفەرموێ: هەموو ئەو زانایانەی زانستیم لێوە وەرگرتوون فەرموویانە: نوێژی ئەوکەسەی یەك سەلامی داوەتەوە تەواوە .. ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ: هەموو ئەوزانایانەی رایان وەردەگیرێت لەسەر ئەوەن کە فەرزی سەلامدانەوە یەکە ..

<u>لە سەلامدانەوەدا چی دەوترێت؟:</u> لانی کەم دەبێ بووترێت: (السَّلامُ عليكُمْ)، لەو باشتر تەواوکردنێتی: (السَّلامُ عليكُمْ ورحمةُ اللهِ) کە جیاوازی لە لای راست و چەپ تێدا نیە.. چونکە ریوایەتی سەحیح لە یاوەرانی وەك سەیدنا جابری کوڕی سەمورەو سەیدنا ئیبنو

[٢١٥] ئەبوداوود (٦١)، ترمذي (٣) شێخی ئەلبانی بە سەحیحی داناوە: الارواء (٣٠١).
[٢١٦] موسلیم (٤٩٨)، ئەبوداوود (٧٨٣).
[٢١٧] الأم (١٢١/١)، المجموع (٤٢٥/٣)، الدسوقي (٢٤١/١)، كشاف القناع (٣٦١/١)، الأوسط (٢٢٣/٣).

عومەرو سەیدنا ئیبنو مەسعوودەوەی لەسەر هاتووە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە سەلامدانەوەیدا دەیفەرموو (السَّلامُ عليكُمْ ورحمةُ اللهِ). زیادەی (و برکاتة): بە سەنەدی راست سەلمێنراوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جاری وا هەبوو لە سەلامدانەوەی لای راستیدا دەیفەرموو: (السَّلامُ عليكُمْ ورحمةُ اللهِ وَبَرَكَاتُهُ)[٢١٨]،بەڵام بە لای چەپیدا (وبركاتُهُ)ی نەدەفەرموو ..

* * *

روکنی پازدەیەم
ریزبەندی روکنەکانی نوێژ

شەرعناسان لەسەر ئەوە کۆن کە نوێژ دەبێت بە ریزبەندیی ئەو روکنانە بێت کە باس کرا، چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەموو جارێك کە نوێژی کردووەو بە پێی ئەو ریزبەندییە کردویّتی، لەبەر ئەوەی فەرمووشیەتی (صَلُّوا كَمَا رَأَيْتُمُونِي أُصَلِّي).[٢١٩] واتە: نوێژ وا بکەن وەکو کە من دەبینن نوێژ دەکەم .. کەوابوو هەر دەبێت نوێژکردن بەو شێوەیە بێت، ئەمەش روکنێکی تری نوێژەکەیە..

---

[٢١٨] أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (یەك بەرگیەکەی) ل١٤٩.
[٢١٩] بوخاری (٥٩٥).

واجبەکانی نوێژ

کورتە باسێکی واجب: واجب لە رووی شەرعیەوە ئەوەیە کە شەرع ئەنجامدانی بە پێویستی سەرشان و ئەرکی ئەستۆ ناساندووە، ئەگەر ئەنجام نەدرا گلەیی دەکەوێتە سەرو سزا دەدرێت، ئەگەر ئەنجامیش درا بکەرەکەی مەدح دەکرێت و پاداشت دەدرێتەوە..[٢٢٠]

دابەشبوون بۆ (فەرز)و (واجب)و (سوونەت) دیدو پێناسەی حەنەفی و حەنبەلییەکانە، حەنبەلیەکان پێیان وایە ئەنجام نەدانی واجبێك بە ئەنقەست نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە، بەڵام حەنەفیەکان پێیان وایە نوێژەکە تەواوە، ئەنجام نەدەرەکە تاوانبارو گوناحبارو فاسق بووە ..

* * *

واجبی یەکەم
دوعای ئیستیفتاح

پەسەندتر ئەوەیە کە لە نوێژی فەرزو سوونەتدا واجبە، شوێنی ووتنی یەکسەر دوای تەکبیرەی ئیحرام و پێش خوێندنی سورەتی فاتیحەیە، چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ لە فەرموودەکەی ریفاعەی کوڕی رافیعدا کە بە فەرموودەی خاوەن نوێژەهەڵەکە بەناوبانگە فەرمووی: (إِنَّهُ لا تَتِمُّ صَلاةٌ لِأَحَدٍ مِنْ النَّاسِ حَتَّى يَتَوَضَّأَ.. ثُمَّ يُكَبِّرُ،وَيَحْمدُ اللهَ عَزَّوَجَلَّ وَيُثْنِي عَليهِ وَيَقْرَأُ مَا تَيَسَّرَ مِنْ الْقُرْآنِ.. فَإِذَا فَعَلَ ذَلِكَ فَقَدْ تَمَّتْ صَلاتُهُ)[٢٢١] واتە: لەم خەڵکەدا نوێژی ئەو کەسە تەواوە کە پێشتر دەسنوێژی گرتبێت،

---

[٢٢٠] ابن حزم: الاحكام (٣٢١/٣).

[٢٢١] سەحیحە: صحيح فقه السنة (٣٢٨/١).

پاشان تەکبیر بکات و بچێتە نوێژەکەیەوە، ئینجا سوپاس و ستایشی خوای گەورە بکات و ئەوەندەی بۆی ئاسانە قورئان بخوێنێت .. ئەگەر ئاوای کرد ئەوە نوێژەکەی تەواوە ..

سەنعانی دەفەرموێ: لەم فەرموودەیەوە ئەوە وەردەگیرێت کە سوپاس و ستایش کردنی خوای گەورە هەربە رەهایی دوای تەکبیرەی ئیحرام واجبە..[٢٢٢]

دوعای ئیستیفتاح بە پەنهانی دەخوێندرێت، مەگەر پێشنوێژ بیەوێت مەئموومەکانی فێر کات، لەو حاڵەتەدا بۆی هەیە بە دەنگی بەرز بیخوێنێت..[٢٢٣] چونکە سەیدنا عومەر خوا لێی رازی بێت بە دەنگی بەرز (سبحانك اللهم وبحمدك ...)[٢٢٤] ی خوێند ..

بەڵام ئەمە لە نوێژی جەنازەو هەروەها ئەو کەسەی فریای وەستانی رکاتی یەکەمی نوێژ ناکەوێت: ئەمە دوعای ئیستیفتاح ناخوێنێت چونکە کاتەکەی بەسەرچووە..

دەقی دوعایەکی ئیستیفتاح: ئاشکرایە کە دەقەکانی دوعای ئیستیفتاح زۆرن، چونکە لە زۆر فەرموودەی سەلمێنراودا هاتوون، مەزهەبەکانیش هەریەکەیان یەکێکیانی گرتۆتە بەر .. ئێمەش هەر ئەو ریوایەتەیان هەڵدەبژێرین کە لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا هەیەو کۆمەڵگەی کوردەواری ئێمە خوویان پێوە گرتووە:

- سەیدنا عەلی خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ هەڵدەستا بۆ نوێژ ئەمەی دەخوێند: (وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَواتِ وَالأرْضَ حَنِيفاً وَمَا أنَا مِنْ الْمُشْرِكِينَ، إنَّ صَلاتي ونُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتي للهِ رَبِّ العَالمِينَ، لا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وأنَا مِنْ الْمُسْلِمِينَ)واتە: ئارەزوومەندانەی هەقخوازی وا رووی خۆم کردە ئەوەی ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە، من لە ریزی موشریکاندا نیم، نوێژو

---

[٢٢٢] الصنعاني: سبل السلام (٣١٢/١)..

[٢٢٣] ئیبنوقودامە: المغني (١٤٥/٢).

[٢٢٤] موسلیم (٣٩٩)، دارەقوتنی (١٩٩/١)، بەیهیقی (٣٤/٢). ئەلبانی بە سەحیحی ناساندووە: الارواء (٣٤٠).

خواپەرستیم و ژیان و مردنم هەر بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانە کە بە هیچ شێوەیەك شەریکی نیە، بەوەش فەرمانم پێدراوەو من لە ڕیزی موسوڵمانانندام ..

* * *

واجبی دووەم

خوێندنی ئیستیعازە (أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ)

پەسەندتر ئەوەیە کە خوێندنی ئیستیعازە پێش خوێندنی سورەتی فاتیحە لە نوێژدا فەرز بێت یان سوونەت، واجبە.. چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (فَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْآنَ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ).[٢٢٥] واتە: کاتێك ویستت قورئان بخوێنیت، پەنا بگرە بە خوای گەورە لە شەیتانی ڕەجمکراو .. ئەمە فەرمانە کە هەر کاتێك ویسترا قورئان بخوێندرێت، دەبێت ئیستیعازەی بۆ بکرێت،،فەرمانیش بۆ واجب بوونە .. کەوابوو ووتنی ئیستیعازە لە پێش خوێندنی سورەتی فاتیحە لە نوێژدا واجبە.. ئەمەش بۆ دەرکردنی شەیتان و وەسوەسەو کاریگەرێتیەکانێتی.. مادام ئومێدی ئەوە هەیە کە شەیتان بە ووتنی ئیستیعازە دوور بکەوێتەوە کەوابوو خوێندنی واجبە.

دەقێکی ئیستیعازە: چەندین دەقی ئیستیعازە هەیە کە هەمووی بە سەنەدی ڕاست و دروستەوە سەلمێنراوە، ئیبنو قودامە دەفەرموێ: بە هەر شێوەیەك ئیستیعازە بڵێ هەر جائیزە.. ئەوەی لێرەدا هەڵیدەبژێرین لە هەموویان زانراوترە کە بریتیە لە: (أعُوذُ بِاللّٰهِ مِنْ الشَّيطانِ الرَّجِيمِ) واتە: پەنا دەگرم لە شەیتانی ڕەجمکراو ..

---

[٢٢٥] النحل/٩٨

<u>ئیستیعازە بە دەنگی نزم دەوترێت:</u> ئەوەی لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ هاتووەو ئەوەی لە یاوەرانەوە گێڕراوەتەوە بە تایبەتی لە چوار خەلیفەی راشیدینەوە خوا لێیان رازی بێت، ئەوەیە کە ئیستیعازە لە نوێژدا بە پەنهانی دەخوێندرێت.

<u>ئایا ئیستیعازە لە هەموو رکاتێکدایە؟:</u> ئیمامی شافیعی دەفەرموێ: باشتروایە لە هەموو رکاتێکدا بیڵێت..[٢٢٦] <u>منیش ئەمەم پێ پەسەندترە .. پێشم وایە لە هەموو رکاتەکاندا هەر سوونەتە. والله اعلم ..</u>

* * *

واجبی سێیەم
<u>ووتنی ئامین لە دوای خوێندنی سورەتی فاتیحە</u>

جمهوری شەرعناسان دەفەرموون: ووتنی ئامین لە نوێژدا لە دوای خوێندنی سورەتی فاتیحە، سوونەتە، بەڵام هەندێکیان فەرموویانە واجبە، چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (إذا أمَّنَ الإمَامُ فَأمِّنُوا، فَإنَّ مَنْ وَافَقَ تَأمينُهُ تَأمِينَ المَلائِكَةِ غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ).[٢٢٧] واتە: ئەگەر پێشنوێژ ووتی ئامین، ئێوەش بیڵێنەوە، هەر کەسێك ئامین ووتنەکەی بکەوێتە ساتی ئامین ووتنی فریشتەکانەوە لە گوناحی رابوردووی دەبوررێت ..

---

[٢٢٦] الأم (٢٠٩/١)، المجموع (٢٧٩/٣)، المهذب (٢٣٧/١).
[٢٢٧] بوخاری (٧٨٠)، موسلیم (٤١٠)..

پێم وایە ووتنی ئامین لە دوای خوێندنی فاتیحە لە نوێژدا سوونەتە نەك واجب .. والله اعلم.. قسەی ئەوانە کە دەڵێن ئامین لە قورئاندا نیەو ووتنی نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە، وەرناگیرێت، چونکە بەڵگەکان گومانیان تێدا نیەو نکووڵی ناکرێن.

واجبی چوارەم و پێنجەم و شەشەم

تەکبیرەی بزاوتەکان، سمع الله لمن حمده، ربنا لك الحمد

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ بە یاوەرانی بەڕێزی دەفەرموو: ئەگەر ئیمام تەکبیری کرد ئێوەش بیڵێنەوە: (وإِذَا كَبَّرَ فَكَبِّرُوا.. وَإِذَا قَالَ سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ فَقُولُوا: اللَّهُمَّ لَكَ الْحَمْدُ).[228] ئەوانیش لە دوای ئەوە تەکبیریان دەکردەوەو دەچوونە روکنەکانی نوێژ. هەروەها سەلمێنراوێکی بەڵگە نەوویستە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ بەردەوام لە نوێژەکانیدا تەکبیری بۆ روکنی نوێژەکانی دەکرد، وەکو لە فەرموودەی ئەبوبەکری کوڕی عبدالرحمانی کوڕی حارسدا هاتووە کە وەکو ریوایەتەکانی سەیدنا ئەبو حەمیدی ساعیدیە خوا لێی رازی بێت، کە دەفەرموێ: گوێم لێبوو ئەبو هورەیرە دەیفەرموو: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا قَامَ إِلَى الصَّلَاةِ يُكَبِّرُ حِينَ يَقُومُ ثُمَّ يُكَبِّرُ حِينَ يَرْكَعُ ثُمَّ يَقُولُ سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ حِينَ يَرْفَعُ صُلْبَهُ مِنْ الرَّكْعَةِ ثُمَّ يَقُولُ وَهُوَ قَائِمٌ رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ قَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ صَالِحٍ عَنْ اللَّيْثِ وَلَكَ الْحَمْدُ ثُمَّ يُكَبِّرُ حِينَ يَهْوِي ثُمَّ يُكَبِّرُ حِينَ يَرْفَعُ رَأْسَهُ ثُمَّ يُكَبِّرُ حِينَ يَسْجُدُ ثُمَّ يُكَبِّرُ حِينَ يَرْفَعُ رَأْسَهُ ثُمَّ يَفْعَلُ ذَلِكَ فِي الصَّلَاةِ كُلِّهَا حَتَّى يَقْضِيَهَا وَيُكَبِّرُ حِينَ يَقُومُ مِنْ الثِّنْتَيْنِ بَعْدَ الْجُلُوسِ)[229] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ کە هەڵدەستا بۆ نوێژ تەکبیری دەکردو (نوێژەکەی دادەبەست)، ئینجا کە دەیوویست بچێتە رکووع تەکبیری دەکرد، کە هەڵدەستایەوە بۆ راوەستانی دوای رکووع دەیفەرموو سمع الله لمن حمده، کە رێك دەوەستایەوە دەیفەرموو: ربنا لك الحمد.. ئینجا

---

[228] بوخاری (٧٢٢)، موسلیم (٤٠٩).

[229] بوخاری (٢٨٩)، موسلیم (٣٩٢).

کە دەچووە سوجدە تەکبیری دەکردەوە، کە سەری لە سوجدە بەرز دەکردەوە تەکبیری دەکرد، کە دەچووەوە سوجدە دیسان تەکبیری دەکرد، ئینجا کە هەڵدەستیایەوە سەرلەنوێ تەکبیری دەکردەوە .. ئیتر ئاوا تا نوێژەکەی تەواو دەکرد، تەکبیری دەکرد..

تەکبیر نیشانەی تەواوبوونی روکنێکی نوێژو دەسپێکی روکنێکی ترێتی، یان کۆتایی رەفتارێك و دەسپێکی رەفتارێکی تری نوێژە.[٢٣٠]

ووتنی ئەم سێیە (تەکبیری بزاوتەکان، سمع الله لمن حمده، ربنا لك الحمد) لای جمهوری شەرعناسان سووننەتەو لای حەنبەلیەکان واجبە..[٢٣١] <u>من پێم وایە بەڵگەی جمهور بەهێزترەو ووتنی ئەو سێیە سووننەتە. والله اعلم</u>

* * *

واجبی حەوتەم
<u>سوبحانەالله کردن لە رکووع و سوجدەدا</u>

واتە ووتنی (سُبْحَانَ رَبِّي الْعَظِيمِ) لە رکووع و(سُبْحَانَ رَبِّي الأعْلَى) لە سوجدەدا.. جمهوری شەرعناسان پێیان وایە سووننەتەو ئیمامی ئەحمەدو ئیسحاق و داوودو ئیبنوحەزم پێیان وایە واجبە[٢٣٢]،بەڵگەشیان:

فەرموودەکەی سەیدنا عوقبەی کوڕی عامرە کە دەفەرموێ: (سَمِعْتُ عَمِّي إِيَّاسَ بنَ عَامِرٍ يَقولُ: سَمِعْتُ عُقْبَةَ بنَ عَامِرٍ الجَهْنِي يَقولُ: لَمَّا نَزَلَتْ (فَسَبِّحْ بِاسْمِ رَبِّكَ الْعَظِيمِ) قَالَ

---

[٢٣٠] ئیبنوعوسێمین: الشرح الممتع (٤٣٢/٣).

[٢٣١] ابن عابدين (٣٣٤/١)، الدسوقي (٢٤٣/١)، مغنى المحتاج (١٦٥/١)، كشاف القناع (٣٤٨/١).

[٢٣٢] ابن عابدين (٤٧٤/١)، مواهب الجليل (٥٢٥/١)، الأم (١٠١/١)، المجموع (٤١٠/٣).

رَسولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ:اجْعَلُوهَا فِي رُكُوعِكُمْ .. فَلَمَّا نَزَلَتْ: (سَبِّحْ اسْمَ رَبِّكَ الأعْلَى) قالَ: اجْعَلُوهَا فِي سُجُودِكُمْ)[٢٣٣] واتە: كە ئەو ئايەتە هاتە خوارەوە كە دەفەرموێ: (دەی سا بە ناوی خوای مەزنتەوە ستايش بكە) پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ فەرمووی بيخەنە ركووعەكانتانەوە، كە ئەو ئايەتەش دابەزيە خوارێ كە دەفەرموێ: (بە ناوی خوای باڵاتەوە ستايشی خوای گەورە بكە) فەرمووی بيخەنە سوجدەكانتانەوە.. ئەم پۆلە شەرعناسە بەرێزە دەفەرموون: ئەمە فەرمانی خواو پێغەمبەری خوايە صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ بۆيە بە واجب دەبێت وەرگيرێت، بەڵام ئەوەی هەيە كە توانج لە قبووڵێتی خودی فەرموودەكە دراوە، بۆيە بە تەنها ناكرێت بكرێتە بەڵگەی فەرز كردنی خواپەرستيەك..

هەروەها سەيدنا ئيبنوعەبباس خوا لێيان رازی بێت كە دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ فەرموويەتی: (أَلَا وَإِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَقْرَأَ الْقُرْآنَ رَاكِعًا أَوْ سَاجِدًا أَمَّا الرُّكُوعُ فَعَظِّمُوا فِيهِ الرَّبَّ وَأَمَّا السُّجُودُ فَاجْتَهِدُوا فِي الدُّعَاءِ فَقَمِنٌ أَنْ يُسْتَجَابَ لَكُمْ)[٢٣٤] واتە: من رێی ئەوەم لێگيراوە كە قورئان لە كاتی ركووع و سوجدەبردنمدا بخوێنم، بۆيە ئێوە لە ركووعدا خوا بە مەزن بگرن و لە سوجدەكانيشتاندا دوعای زۆری تێدا بكەن، ئومێد زۆرە كە دوعاكانتان گيرابێت.. <u>پێم وانيە ووتنی (سُبْحَانَ رَبِّيَ الْعَظِيمِ) لە ركووع و(سُبْحَانَ رَبِّيَ الأعْلَى) لە سوجدەی نوێژدا واجب بن، چونكە بەڵگەيەكی زۆر بەهێز فەرمانيان پێ ناكات .. والله اعلم</u>

---

[٢٣٣] ئيمامی نەوەوی لە: المجموع (٣٧٢/٣) دا فەرموويەتی سەحيحە،بەڵام شێخی ئەلبانی بە زەعيفی داناوە لە: الارواء (٣٣٤). بەڵام ديارە فەرموودەكە بە كۆی سەنەدەكانی تری بەهێز دەبێت..

[٢٣٤] موسليم (٧٣٨)، نەسائی (١٠٣٥)، ئەبوداوود (٧٤٢)، ئيبن ماجة (٣٨٨٩)، ئيمامی ئەحمەد (١٨٠١).

واجبی هەشتەم و نۆیەم
تەحیاتی ناوەڕاست و دانیشتن تێیدا

سەلمێنراوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ کە تەحیاتی ناوەڕاستی نەخوێند بە سوجدەی سەهوو جەبرانی کردەوەو[٢٣٥] نە نوێژەکەی کردەوەو نە رکاتێکی تر: (أنَّ النَّبيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ صَلَّى بِهِمْ الظُهْرَ،فَقَامَ فِي الرَّكْعَتَينِ الأوُلَيَينِ،ولَمْ يَجْلِسْ،فَقَامَ النَّاسُ مَعَهُ،فَلَمَّا قَضَى الصَّلاةَ وَانْتَظَرَ النَّاسُ تَسْلِيمَهُ كَبَّرَ وَهُوَ جَالِسٌ،فَسَجَدَ سَجْدَتَينِ قَبْلَ أنْ يُسَلِّمَ) ..[٢٣٦] <u>لەبەر ئەوە پێم وایە تەحیاتی ناوەڕاست و دانیشتنەکەی سوونەتەو بە دەنگی نزمیش دەبێت بخوێندرێت</u>[٢٣٧] <u>.. والله اعلم..</u>

<u>وێردەکانی تەحیاتی ئەخیر:</u> چەندین ریوایەتیان هەیە، بە ناوبانگترین و بەهێزتریان ئەمەیە کە لە سەیدنا ئیبنومەسعودەوە گێڕراوەتەوە: (التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ، السَّلامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ السَّلامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ).[٢٣٨] واتە: سڵاوو ستایش بۆ خوایە، هەروەها هەروەها پاڕانەوەو پاکی، سڵاوو بەزەیی و بەرەکەتی خوات لێ بێت ئەی پێغەمبەری خوا، سڵاوو لە ئێمەو لە بەندە پیاوچاکەکانیش، شایەتی دەدەم کە تەنها خوای تاك و پاك شیاوی خوایەتییەو هیچی تر شایانی خوایەتی نیە، شایەتی دەدەم کە موحەممەد بەندەو نێرراوی خوایە.. ئەمە فەرزی تەحیات خوێندنە، تەحیاتی ناوەڕاست و ئەخیر بێ ئەمە نایاتە دی.

بەڵام تەحیاتی ئەخیر بەرەکەتی زیادەی تری لەگەڵدایە وەکو کە لە ریوایەتی سەیدنا سەعدی کوڕی عوبادەدا خوا لێی رازی بێت هاتووە کە لە پێغەمبەری خوای صَلَّى اللهُ

---

[٢٣٥] ئیبنو عوسێمین: الشرح الممتع (٤٤١/٣).
[٢٣٦] بوخاری (١٢٣٠)، موسلیم (٥٧٠).
[٢٣٧] المبسوط (٣٢/١)، الأوسط (٢٠٧/٣)، المجموع (٤٤٤/٣).
[٢٣٨] بوخاری (٦٢٦٥)، موسلیم (٤٠٢).

عَلَيهِ وَسَلَّمَ پرسی: چۆن سەڵاواتت لێ بدەین؟ فەرمووی: (قُولُوا: اللهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا صَلَّيتَ عَلَى آلِ إبراهيمَ وَبَارِكْ عَلَى محَمَّدٍ وَعَلى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إبراهيمَ فِي الْعَالَمِينَ إنَّكَ حَمِيدٌ مَجيدٌ والسَّلامُ كَمَا عَلِمْتُمْ)[٢٣٩] واتە: بڵێن: خوای ڕێزو لێبوردنت بە موحەممەدو خانەوادەی موحەممەد ببەخشە، هەر وەك کە بە خانەوادەی ئیبراهیمت بەخشی، خوایە بەرەکەتی خۆت بڕژە بەسەر موحەممەدو خانەوادەیدا هەر وەکو کە بەسەر ئیبراهیم و خانەوەدەیدا رژاندت، تۆ سوپاسکراوو بەڕێزیت.. سڵاوو کردنیش ئەوەیە کە دەیزانن ..

کەوابوو ئەوتەحیاتەی لە کۆتایی نوێژدا دەخوێندرێت ئەمەیە:

- (التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ، السَّلامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ اللهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا صَلَّيتَ عَلَى آلِ إبراهيمَ وَبَارِكْ عَلَى محَمَّدٍ وَعَلى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إبراهيمَ فِي الْعَالَمِينَ إنَّكَ حَمِيدٌ مَجيدٌ)

* * *

[٢٣٩] ئیمامی ئەحمەد (١١٨/٤و٢٧٤/٥)، بوخاری (٢٧/٦ و١٥٧/٧)، موسلیم (٣٠٥/١ و٣٠٦).

سووننەتەکانی نوێژ

سووننەتەکانی نوێژ بریتین لەو گوفتارو ڕەفتارانەی کە باشتر وایە لە نوێژەکەدا بکرێن، بکەربە کردنیان پاداشت دەدرێتەوەو بە نەکردنیان -بە ئەنقەست و بە لە بیرچوون- سزا نادرێت، نەکردنیشیان سوجدەی سەهووی ناوێت..

سووننەتەکانی نوێژ دوو پۆلن : سووننەتە گوفتارییەکان و سووننەتە کردارییەکان..

سووننەتە گوفتارەکان
(السنن القولية)

١- قورئان خوێندنی دوای سورەتی فاتیحە: بە کۆڕای شەرعناسان سووننەتە دوای خوێندنی سورەتی فاتیحە لە ڕکاتی یەکەم و دووەمی نوێژدا سورەتێکی تر (یان چەندین ئایەت لە سورەتێکی تر) بخوێندرێت، هەروەها سووننەتە هێدی و لەسەرخۆ بێت نەك بە پەلەپەل و خێرایی:

- سەیدنا ئەبو قەتادە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ يَقْرَأُ فِي الرَّكْعَتَيْنِ الأُوْلَيَيْنِ مِنْ الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ وَسُورةٍ وَيُسَمِّعُنَا الآيَةَ أحْيَاناً، وَيَقْرَأُ فِي الرَّكْعَتَيْنِ الأخِيرَتَيْنِ بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ)[٢٤٠] واتە : پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ڕکاتی یەکەم و دووەمی نوێژی نیوەڕۆو عەسردا سورەتی فاتیحەو سورەتێکی تری دەخوێند، جاری وا هەبوو دەنگی بەرز دەکردەوە تا بیبیستین، لە دوو ڕکاتەکەی دواییشدا هەر سورەتی فاتیحەکەی دەخوێند..

---

[٢٤٠] بوخاری (٧٥٩)، موسلیم (٤٢١).

٢- زیکرەکانی رکووع : ئەمانەی خوارەوە لەو زیکرانەن کە پێغەمبەری خوا لە رکوعدا دەیخوێندن :

- (سُبْحَانَ رَبِّي الْعَظِيمِ)[٢٤١] سێ جار. وەیان (سُبْحَانَ رَبِّي الْعَظِيمِ وَبِحَمْدِهِ) ئەمەشیان سێ جار.

- (سُبّوحٌ ، قُدُّوسٌ ، رَبُّ الملائِكَةِ والرُّوحِ).

- (سبحانك اللهم ربنا وبحمدك ، اللهم اغفر لي).

- (اللَّهُمَّ لَكَ رَكَعْتُ، وَبِكَ آمَنْتُ، وَلَكَ أَسْلَمْتُ، أَنْتَ رَبِّي، خَشَعَ لَكَ سَمْعِي وَبَصَرِي، وَمُخِّي وَعَظْمِي وَعَصَبِي، وَمَا اسْتَقَلَّتْ بِهِ قَدَمِي، للهِ رَبِّ العَالَمِينَ).

بزانە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەرهەڵستی یاوەرانی دەکرد کە قورئان لە رکوعیاندا بخوێنن.. بۆیە نابێت لە رکووعدا قورئان بخوێندرێت[٢٤٢]..

٣- زیکرەکانی هەستانەوەی دوای رکووع و دوای (سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ) :

١- (سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ) واتە: خوای گەورە ئەو کەسەی بیست کە ستایشی کرد.. ئینجا کە قامەتی راست دەکردەوەو دەسرەوت دەیفەرموو: (رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ)[٢٤٣] واتە: دەی سا خوایە هەموو جۆرێکی سوپاس و ستایش هەر بۆ تۆیە.. یان (اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ)[٢٤٤].. ئەمە زیکرێکی گەورەیەو جێ بایەخی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بووەو زۆر جار یاوەرانی لەسەرهانداوە. دەیفەرموو : (فَإِنَّهُ مَنْ وَافَقَ قَوْلُهُ قَولَ الْمَلَائِكَةِ: غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ)[٢٤٥] واتە: خوێندنی هەر کەسێك لەگەڵ خوێندنی فریشتەکاندا هاوکات بێتەوە، ببێتە مایەی لێخۆشبوونی خوای گەورە لە هەموو ئەوگوناحانەی کردووتانن..

---

[٢٤١] شێخی ئەلبانی لە أصل صفة صلاة النبي، سێ جارەکەی دەسەلمێنێت و بەڵگەی شەرعناسانی وەکو ئیمامی ئیبنوالقیم(کتاب الصلاة/ل١٩١) لاواز دەکاتەوە کە پێیان وایە ئەو زیکرە ژمارەی تایبەتی نەبووە.

[٢٤٢] موسلیم(٤٨/٢)، ئەبوداوود (١٧٤/٢)، نەسائی (١٦٠/١).

[٢٤٣] بوخاری (٢١٦/٢)،موسلیم(٨/٢)، نەسائی (١٧٢/١).

[٢٤٤] موسلیم(١٩/٢).

[٢٤٥] بوخاری (٢٢٥/٢)، موسلیم (١٧/٢)، مالك (١١١/١/)، ئەبوداوود (١٧٤/٢).

٢- جاری واش هەبوو ئەم زیکرەی بە دوایدا دەخوێند: (مِلْءَ السَّمَاواتِ ، وَمِلْءَ الأَرْضِ ، وَمِلْءَ مَا شِئْتَ مِنْ شَيءٍ بَعْدُ)[٢٤٦]

٣- یان ئەم زیکرە: (مِلْءَ السَّمَاوَاتِ، ومِلْءَ الأرضِ، ومِلْءَ ما بَينَهُمَا، ومِلْءَ مَاشِئْتَ مِنْ شَيءٍ بَعْدُ).

٤- جاری وا هەبوو لە دوای ئەمەشەوە دەیفەرموو: (مِلْءَ السَّمَاوَاتِ، ومِلْءَ الأرضِ، ومِلْءَ ما بَينَهُمَا، ومِلْءَ مَاشِئْتَ مِنْ شَيءٍ بَعْدُ أَهْلُ الثَّنَاءِ وَالمَجَدْ، لامَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ، وَلا مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ، ولا يَنْفَعُ ذَا الجَدِّ مِنْكَ الجَدُّ).

<u>٤- زیکرەکانی سوجدە:</u> کە بە یەکێك لەمانەی خوارەوە دێتە دی، کە لە کتێبە دەگمەنەکەی شێخی ئەلبانی رەحمەتیەوە نەقڵیان دەکەم[٢٤٧]:

١- (سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى) سێ جار..

٢- (سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى وَبِحَمْدِهِ) سێ جار

٣- (سُبُّوحٌ قُدُّوسٌ، رَبُّ المَلائِكَةِ والرُّوحِ) .

٤-(سبحانك اللهم ربنا وبحمدك، اللهم اغفرلي) .

٥- (اللَّهُمَّ لَكَ سَجَدْتُ؛ وَبِكَ آمَنْتُ، وَلَكَ أَسْلَمْتُ، وَأَنْتَ رَبِّي، سَجَدَ وَجْهِي لِلَّذي خَلَقَهُ وَصَوَّرَهُ، فَأَحْسَنَ صُوَرَهُ، وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ فَتَبَارَكَ اللهُ أَحْسَنَ الْخَالِقِينَ).

٦- (اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِرِضَاكَ مِنْ سَخَطِكَ، وَأَعُوذُ بِمُعَافَاتِكَ مِنْ عُقُوبَتِكَ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْكَ، لا أُحْصِي ثَنَاءً عَلَيكَ، أَنْتَ كَمَا أَثْنَيتَ عَلَى نَفْسِكَ) .

٧- هەروەها : (اللَّهُمَّ اغْفِرْلِي ذَنْبِي كُلَّهُ، دِقَّهُ وَجِلَّهُ، وَأولَهُ آخِرَهُ، وَعَلانِيَّتَهُ وَسِرَّهُ)[٢٤٨].

<u>٥- دوعای نێوانی سوجدەکان :</u> ئیمامی نەوەوی رەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێ:[٢٤٩] ئەوە سەلمێنراوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەندێ جاریەکێك لەم حەوت زیکرانەی تێدا دەخوێند، ئێمە دوانیان دێنینەوە:

---

[٢٤٦] موسلیم (٤٦/٢)، ئەبوعەوانە (١٧٧/٢)، ئەحمەد (٣٥٥/٤).

[٢٤٧] الالبانی: أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (٧٦١/٢).

[٢٤٨] موسلیم (٤٨٣).

١- (رَبِّ اغْفِرْلِي، رَبِّ اغْفِرْلِي).[٢٥٠]
٢- (اللَّهُمَّ اغْفِرْلِي، وَارْحَمْنِي، وَاجْبُرْنِي، وارْفَعْنِي، وَاهْدِنِي، وِعافِنِي، وارْزُقْنِي).[٢٥١]

٦- سەڵاواتدانی ناو تەحیات : وەکو:

١- (اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى محمدٍ، وعَلَى آلِ محمدٍ؛ كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إبْرَاهيمَ وعَلَى آلِ إبْرَاهيمَ، إنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ. اللَّهُمَّ بَارَكَ عَلَى محمدٍ، وعَلَى آلِ محمدٍ؛ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إبراهيمَ ، وَعَلَى آلِ إبْراهيمَ، إنَّكَ حَميدٌ مَجيدٌ)[٢٥٢] .
٢- (اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى محمدٍ، وَعَلَى آلِ محمدٍ، وَبَارِكْ عَلَى محمدٍ، وَعَلَى آلِ محمدٍ؛ كَمَا صَلَّيْتَ وَبَارَكْتَ عَلَى إبراهيمَ، وآلِ إبراهيمَ، إنَّكَ حَميدٌ مَجيدٌ)[٢٥٣] .
٧- دوعای دوای تەحیاتی ئەخیر: بەم دوعایە دەست پێ دەکەم کە نیوەی نوێژخوێنانی کورد دەیخوێنن و الحمدلله سەنەدەکەی تەواوە: (اللَّهُمَّ حَاسِبْنِي حِسَابَاً يَسِيرَاً).[٢٥٤]

- زۆر جار پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یاوەرانی فێری دوعای تایبەت دەکرد، لەوانە ئەم دوعایەی دوای تەحیاتی نوێژە کە ئیبنوعەبباس خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: وەکو سورەتێکی قورئان فێری یاوەرانی دەکرد[٢٥٥] کە دەفەرموێ : (اللَّهُمَّ إنِّي أعُوذُ بِكَ مِنْ

---

[٢٤٩] النووي: المجموع (٣/٤٩٧).
[٢٥٠] ئیبنوماجە (١/ ٢٩٠) شێخی ئەلبانی دەفەرموێ: (هذا الاسناد صحيح، رجاله كلهم ثقات).
[٢٥١] ئەبوداوود (١/١٣٥)، ترمزی (٢/٧٦)، ئیبنوماجە.
[٢٥٢] بوخاری (٦٣٥٧)، موسلیم (٤٠٦).
[٢٥٣] نەسائی (٤٧/١٥٩)، تەحاوی (٣/٧٥) ئەلبانی دەفەرموێ: (وهذا إسناد صحيح على شرط مسلم).
[٢٥٤] شێخی ئەلبانی لە (أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دا دەفەرموێ: (هذا إسناد جيد) (٣/١٠٠٨).
[٢٥٥] موسلیم (٢/٩٤) لە ئیمامی مالیکەوە (١/٢١٦)، ئەبوداوود (١/ ٢٤١).

عَذَابِ جَهَنَّمَ، وَمِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا والْمَمَاتِ، وَمِنْ شَرِّ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ).[٢٥٦] دوای ئەمە دوعای تربۆخۆت دەکەیت..

- هەروەها سەیدنا ئەبوبەکری سددیقشی فێرکرد خوا لێی رازی بێت کە لە دوای کۆتایی تەحیات ئەم دوعایە بخوێنێت: (اللَّهُمَّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي ظُلْمَاً كَثِيراً، وَلا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ؛ فَاغْفِرْلِي مَغْفِرَةً مِنْ عِنْدِكَ، وَارْحَمْنِي إِنَّكَ أَنْتَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ)

<u>٨- سەلامدانەوەی دووەم (بە لای چەپدا):</u> واتە ووتنی (السلام علیکم ورحمە الله): سەیدنا عامری کوڕی سەعد لە باوکیەوە خوا لێیان رازی بێت دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەبینی بە لای راستیدا لای دەکردەوەو سەلامی دەکرد، پاشان بە لای چەپیدا لای دەکردەوەو سەلامی دەکرد، لە پشتەوە سپێتی روومەتیم دەبینی..[٢٥٧]

سەلام دانەوەی یەکەم بۆ لای شانی راست روکنی نوێژە، بەڵام سەلامدانەوەی لای چەپ سوننەتە. عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەفەموێ کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (كَانَ يُسَلِّمُ فِي الصَّلاةِ تَسْلِيمَةً وَاحِدَةً تِلْقَاءَ وَجْهِهِ، يَميلُ الَى الشِّقِّ الأيْمَنِ قَليلاً).[٢٥٨]

* * *

[٢٥٦] موسلیم (٩٣/٢)، ئیبنوماجە (٢٩٤/١)، ئەحمەد (٢٣٧/٢).
[٢٥٧] موسلیم (٥٨٢/١).
[٢٥٨] ترمزی (٢٩٥) فەرموشیەتی کەسەنەدەکەی سەحیحە..

سوونەتە کردارییەکان

(السنن الفعلية)

١- سوترە دانان: سوننەتە نوێژخوێن لە دووری هەنگاوو نیوێکەوە لە پێش خۆیدا شتێك دانێت تا بزانرێت لە نوێژدایەو کەس بەبەر نوێژەکەیدا تێنەپەڕێت و خۆشی چاوی لەو سنورە تێنەپەڕێنێت..

سەهلی کوڕی ئەبو حەسەمە خوا لێی ڕازی بێت کە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ إِلَى سُتْرَةٍ فَلْيَدْنُ مِنْهَا لا يَقْطَعُ الشَّيطانُ عَلَيهِ صَلاتَهُ)..[٢٥٩] واتە : ئەگەر کەسێکتان نوێژی بەرامبەر سوترەیەك دەکرد با ئەوەندە لێی نزیك ببێتەوە کە ڕێ نەدات شەیتان نوێژەکەی پێ ببڕێت ..

دەشێت سوترە دیوارێك وەیان دارێك بێت چەقاندبێتی یان شتێکی ترکە بستێك بەرزەو دایناوە.. یان کەسێکەو لە پێش نوێژخوێنەکەوە دانیشتووە، بە شێوەیەکی وا کە بوارنەدا کەس بەبەر نوێژەکەیدا گوزەرکات. کەس بۆی نیە بەبەر نوێژی کەسێکی تردا گوزەرکات مەگەر لە نوێژی جەماعەتدا بێت، ئەو کاتە سوترەی ئیمامەکە بە سوترەی هەموان حسێبە.

<u>٢- دەست بەرز کردنەوەکان:</u> لە کاتی نیەت هێنان و دەسپێکی نوێژ، لە چوونە ڕکوع، لە هەستانەوە لە ڕکوع، لە هەستانەوە لە تەحیاتی یەکەم و لە هەموو چوونە خوارەوەو هەستانەوەکانی ناو نوێژ..

---

[٢٥٩] ئیبنوئەبی شەیبە لە: (المصنف ٣١٢/١)، ئیمامی ئەحمەد لە المسند/توێژینەوەی شێخ ئەحمەد شاکرکە بە سەحیحی ناساندووە (١٦٠٥٥.٤٥٢/١٢)، نەسائی (٧٤٥) شێخی ئەلبانیش لە (تمام المنة/ل ٣٠٤) دا هەربە سەحیحی ناساندووە..

- نافیع لە ئیبنوعومەرەوە خوا لێیان رازی بێت دەگێڕێتەوە: (كَانَ إذَا دَخَلَ فِي الصَّلاةِ كَبَّرَ وَرَفَعَ يَدَيهِ، وإذَا رَكَعَ رَفَعَ يَدَيهِ، وَإذَا قَالَ سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ رَفَعَ يَدَيهِ، وإذَا قَامَ مِنْ الرَّكْعَتَيْنِ رَفَعَ يَدَيهِ، وَرَفَعَ ذَلِكَ الَى نَبِيِّ اللهِ ﷺ)[٢٦٠] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە تەکبیری دەسپێکی نوێژەکەی دەکرد دەستی بەرز دەکردەوە، کە دەچووە رکوع دەستی بەرز دەکردەوە، کە دەیفەرموو (سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ) دەستی بەرز دەکردەوە، کە لە دوای دوو رکات هەڵدەستایەوە دەستی بەرز دەکردەوە ..

دەست بەرز کردنەوە لە پاش و پێش و کاتی تەکبیرەی ئیحرامدا تا ئاستی گوێچکە دەبێت.

<u>٣- دانانی دەستی راست لەسەرچەپ و لەسەرسنگ:</u> سەیدنا وائیلی کوڕی حیجر خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ : نوێژم لە خزمەت پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد بینیم کە دەستی راستی لەسەردەستی چەپی و هەردووکیانی لەسەرسنگی دانابوو[٢٦١]..

- دانانی دەستی راست لەسەر دەستی چەپ لە نوێژدا رەفتارێکی زانراوی ناو موسوڵمانانە کە لە یاوەرانەوەو ئەوانیش لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناویانە ..سەهلی کوڕی سەعد خوا لێی رازی بێت گێڕایەوە کە فەرمان بە خەڵکی دەدرا کە لە نوێژدا دەستی راستیان لەسەردەستی چەپیان دانێن[٢٦٢].

<u>٤- چاوبڕینە شوێنی سوجدە:</u> نوێژخوێن دەبێت لە کاتی بەپێوە وەستانی نوێژیدا تەماشای شوێنی سوجدەکەی بکات .

---

[٢٦٠] بوخاری (٧٣٩)، موسلیم (٣٩٠).

[٢٦١] ئیبنوخوزەیمە (٤٧٩)، ئەلبانیش لە (الارواء ٣٥٢) دا بە سەحیحی ناساندووە.

[٢٦٢] بوخاری (٧٤٠)، ئیمامی مالیك لە (الموطأ (٣٧٦).

- (كَانَ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ إذَا صَلَّى طَأطَأَ رَأسَهُ وَرَمَى بِبَصَرِهِ نَحْوَ الأرْضِ)[٢٦٣] واتە : پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، كە نوێژی دەكرد سەری نزم دەكردەوەو چاوی دەبرِییە شوێنی سوجدەكەی لەسەرزەوی.

<u>٥- راست و رێك راگرتنی پشت لە ركووعدا:</u> لە ركوعدا سوننەتە موسوڵمان پشت و پشتە سەری لە یەك ئاستدا راگرێت، پشتی رێك كات، دەستەكانی وەكو چنگ لە كەڵكەی ئەژنۆكانی گیر كات، پەنجەكانی لێك بڵاوكاتەوە، ئانیشك و قۆڵەكانی لە لەشی دوورخاتەوە (باڵ فش كات) .. چونكە ئەبو حەمید خوا لێی رازی بێت لە وەسفی نوێژی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (وإذَا رَكَعَ أَمْكَنَ يَدَيهِ مِنْ رُكْبَتَيهِ،ثُمَّ هَصَرَ ظَهْرَهُ حَتَّى يَعْتَدِلَ وَلا يَبْقَى مُحْدَوْدَبَاً)[٢٦٤] واتە: كە دەچووە ركوع هەردوو دەستی لە هەردوو ئەژنۆی گیر دەكرد، ئینجا پشتی رێك و راست دەكرد بە شێوەیەك كە چەمانەوەی تێدا نەبێت..

<u>٦- دەستدانان بۆ سوجدە بردن پێش ئەژنۆ دانان:</u> زانایانێكی توێژەرەوەی وەكو شەوكانی و ئەلبانی دەیسەلمێنن كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەپێ دەستەكانی پێش ئەژنۆی دەگەیاندە سەر زەوی و فەرمانیشی بەوە دەكردو، بەرهەڵستی لەوە دەكردكە بە ئەژنۆ بچنە سوجدە، وەك دەفەرموێ: (إذَا سَجَدَ أَحَدُكُمْ فَلا يَبْرُكْ كَمَا يَبْرُكْ الْبَعيرُ، وَلْيَضَعَ يَدَيهِ قَبْلَ رُكْبَتَيهِ)[٢٦٥] واتە : ئەگەریەكێكتان سوجدەی برد با وا نەچێتە سەرزەوی وەكوكە حوشتردەچێت، با دەستەكانی پێش هەردوو ئەژنۆی دابنێت ..

---

[٢٦٣] حاكم (٣٩٣/٢)شێخی ئەلبانی دەفەرموێ بە پێی مەرجەكانی موسلیم سەحیحە..أصل صفە صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (٢٣٦/١).

[٢٦٤] بوخاری (٨٢٨)، ئەبوداوود (٧١٧).

[٢٦٥] شێخی ئەلبانی لە الارواء (٣٥٧) و صحيح سنن أبی داود (٧٨٩)،تمام المنه (ل ١٩٣)هەر حوكمی سەحیحی داوە.

هەرچەندە زۆر لە زانایانی ئیسلام پێیان وایە کە بەڵگەی بەهێز لەسەر ئەوەیە کە چوونە سوجدە بە ئەژنۆ دەبێت پێش دەستەکان. بۆیە ئەم باسە مەسەلەیەکی راجوێییە، بەڵام مامۆستا کرێکار ئەوەی شێخی ئەلبانی پێ بەهێزترە..[٢٦٦] : چونکە لە هەموو سەنەدی ریوایەتەکانی کۆڵیوەتەوەو وردەکارانە سەلماندوێتی کە پێغەمبەری پێشەوامان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە چوونە سوجدەیدا دەستەکانی پێش ئەژنۆی دەخستە سەر زەوی.. والله اعلم..

<u>٧- دانانی لووت و ناوچەوان بە تەواوی لەسەر زەوی :</u> دانانی ناوچەوان و لووت و لەپی دەستەکان لەسەر زەوی و باڵ کردنەوەو رێك دانانی پەنجەکان لە ئاستی شان و گوێچکە، رووەو قیبلەو هەڵنانی پێیەکان و گیردانیان لەسەر نووکی پەنجەکانی پێ، بە شێوەیەك کە روویان لە قیبلە بێت.. ئەمانە هەمووی سوننەتن و هەموویان فەرموودەی سەحیحیان لەسەرە کە زۆریمان لە چۆنیەتی سوجدەبردندا لە باسی روکنی هەشتەم و نۆیەمی نوێژدا هێناوەتەوە.. لەم رەفتارانەدا ژن و پیاو وەکو یەکن..

<u>٨- راخستنی پێی چەپ و هەڵنانی پێی راست لە دانیشتنی نێوان دوو سوجدەکەدا :</u>عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە : (كَانَ يَفْرِشُ رِجْلَهُ الْيُسْرَى وَيَنْصِبُ رِجْلَهُ الْيُمْنَى)[٢٦٧] واتە : پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێی چەپی رادەخست (لەسەری دادەنیشت) و پێی راستی هەڵدەنا.. ریوایەتی سەحیح هەیە لە تاووسەوە هاتووە کە ئیبنوعەبباس[٢٦٨] خوا لێی رازی بێت کە سەری لە سوجدەی یەکەم بەرز دەکردەوە هەردوو پێیەکانی هەڵدەناو لەسەریان هەڵدەتروشکا و دەیفەرموو سوننەتە.

<u>٩- درێژکردنەوەی دانیشتنی نێوان دوو سوجدەکە:</u> ئەمە سوننەتێکە لە دێر زەمانەوە ئیهمال کراوە، بە داخەوە خەڵکی پەلەی زۆر تێدا دەکەن. سەیدنا ئەنەس خوا لێی رازی

---

[٢٦٦] أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (٢/٧١٤-٧١٩)، الارواء (٣١٣).

[٢٦٧] موسلیم (٢/٥٤)، ئەبو داوود (١/١٢٥)، بەیهیقی (٢/١٧٣)، ئیمامی ئەحمەد (٦/٢٨١)..

[٢٦٨] موسلیم (٤٩٨)، ئەبوداوود (٧٦٨).

بێت دەفەرموێ: جاری وا هەبوو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەوەندەی کاتی نێوان دوو سوجدەکانی درێژ دەکردەوە وامان دەزانی بیری چۆتەوە یان لێی تێکچووە[٢٦٩] ..

سابیت ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەگێڕێتەوە کە سەیدنا ئەنەسیش خوای لێ ڕازی بێت جاری وا هەبوو ئەوەندە ئەو ماوەیەی نێوان دوو سوجدەکانی خۆی درێژ دەکردەوە ئێمەش وامان دەزانی بیری چۆتەوە یان لێی تێکچووە[٢٧٠] ..

<u>١٠- دانیشتنی دوای سوجدەی دووەم و پێش هەستانەوە :</u> پێشی دەوترێت: دانیشتنی حەوانەوە.. شوێنی ئەمە دانیشتنێکی کەمە لە دوای سوجدەی دووەمی ڕکاتی یەکەم و پێش هەستانەوەیە بۆ ڕکاتی دووەم، هەروەها دوای سوجدەی دووەمی ڕکاتی سێیەم و پێش هەستانەوەیە بۆ ڕکاتی چوارەم.. سەیدنا مالیکی کوڕی حوەیریس دەگێڕێتەوە: (رَأَى النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عليهِ وَسَلَّمَ يُصَلِّي، فَإِذَا كَانَ فِي وِتْرٍ مِنْ صَلاتِهِ لَمْ يَنْهَضْ حَتَّى يَسْتَوِي قَاعِدَاً)[٢٧١] واتە: پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بینی لە ڕکاتە تاکەکانی نوێژەکانیدا هەڵنەدەستایەوە تا کەمێك دانەنیشتایە ..

<u>١١- هەستانەوە بۆ ڕکاتی نوێ بە ئیعتیماد کردنە سەر دەست نەك ئەژنۆ:</u> سەیدنا مالیکی کوڕی حوەیریس خوا لێی ڕازی بێت فەرمووی: (أَلَا أُحَدِّثُكُمْ عَنْ صَلاةِ رَسولِ اللهِ؟ فَإِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنْ السَّجْدَةِ الثَّانِيَةِ جَلَسَ وَاعْتَمَدَ عَلَى الأرضِ ثُمَّ قَامَ)[٢٧٢] واتە: ئەرێ دەربارەی نوێژی نوێژی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شتێکتان بۆ باس نەکەم؟! کە سەری لە سوجدەی دووەم بەرز دەکردەوە دادەنیشت سرەوتی دەگرت، پاشان هەڵدەستایەوە سەر پێ ..

---

[٢٦٩] موسلیم (٤٧٣).

[٢٧٠] بوخاری (٢/٢٤٩)، موسلیم(٤٧٣).

[٢٧١] بوخاری (٨٢٣)، موسلیم(٨٢٩).

[٢٧٢] بوخاری (٨٢٤).

١٢- دانیشتنی ئیفتیراش لە تەحیاتی یەکەم و دانیشتنی تەوەڕوك لە تەحیاتی ئەخیردا:
ئیفتیراش: دانیشتنێکی تەحیاتییە لەسەر ئەژنۆ، پێی راستی هەڵدەنێت و پێی چەپیشی رادەخات وسمتی چەپی دەخاتە سەر.. وەکو دانیشتنی تەحیاتی یەکەم..

تەوەڕوك: دانیشتنێکی تری تەحیاتانەیە، سمتی چەپی دەخاتە سەر زەوی و لەسەری دادەنیشێت و هەردوو پێیەکانی دەکەونە لای راستیەوە، پەنجەکانی پێی چەپی لە بن لوولاقی چەپیەوە دێنێتە دەرەوە ..

ئەم دوو جۆرە دانیشتنەش لە تەحیاتەکاندا سوننەتە، ئەو نوێژانەی دوو رکاتین تەنها بە شێوەی ئیفتیراش تێیدا دادەنیشرێت[٢٧٣] ..

١٣- بەرز کردنەوەی پەنجەی شایەتمان هەرلە سەرەتای لە تەحیاتەوە : ئەو پەنجەیەی لە کوردەواریدا بە پەنجەی شایەتمان ناسراوە[٢٧٤]، سوننەتە لە سەرەتای دانیشتنی تەحیاتەوە بەرز بکرێتەوەو لە کاتی ووتنی شایەتمانەکەدا چاوی تێببڕرێت ..

سەیدنا ئیبنوعومەر خوا لێیان رازی بێت لە باسی نوێژی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (كَانَ إِذَا جَلَسَ فِي الصَّلاةِ وَضَعَ يَدَيهِ عَلَى رُكْبَتَيهِ، وَرَفَعَ إِصْبِعَهُ الْيُمْنَى الَّتِي تَلِي الإِبْهَامَ فَدَعَا بِهَا وَرَمَى بِبَصَرِهِ إِلَيهَا وَيَدَهُ الْيُسْرَى بَاسِطُهَا عَلَيهَا)[٢٧٥] واتە: کە بۆ نوێژەکانی دادەنیشت هەردوو دەستی دەخستنە سەرهەردوو رانی، پەنجەی شایەتمانی راستی کە بە تەنیشت پەنجە پانەکەیەوەیەتی[٢٧٦] بەرز دەکردەوەو دوعای پێوە دەکرد، چاوی تێدەبڕی، دەستی چەپیشی لەسەررانی چەپی بە کراوەیی دادەنا ..

[٢٧٣] موسلیم (٣٥٧/١).
[٢٧٤] هەرئەوەشە کە پێی دەوترێت دۆشاومژە.
[٢٧٥] موسلیم (٥٨٠).
[٢٧٦] هەرئەوەشە کە پێی دەوترێت ئەسپێ کوژە.

بەرز کردنەوەی پەنجە بە غەیری پەنجەی شایەتمان نابێت.. کەسێك ئەگەر پەنجەی شایەتمانی قرتابوو یان بۆی بەرز نەدەبۆوە، ئەوە عوزری شەرعی هەیەو پێویست ناکات بە بێ هەبوونی بەڵگەی شەرعی پەنجەیەکی تری دەستی راستی یان پەنجەی دۆشاومژەی دەستی چەپی بکات بە پەنجەی شایەتمان ..والله اعلم..

* * *

ئەو ڕەفتارانەی
لە نوێژدا ڕێدراون بکرێن

یەکەم: گوفتاری ڕێدراو

(الأقوال المباحة)

<u>١- ڕاستکردنەوەی هەڵەی ئیمام:</u> سەیدنا ئیبنوعومەر خوا لێیان ڕازی بێت دەفەرموێ: جارێکیان پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نوێژی دەکرد، خوێندنەکەی لێتێکچوو، کە تەواوی کرد، بە(ئوبەی کوڕی کەعب)ی فەرموو: (أَصَلَّيْتَ مَعَنَا)؟ نوێژەکەت لەگەڵ ئێمەدا کرد؟ فەرمووی: بەڵێ، فەرمووی: (فَمَا مَنَعَكَ إِذَنْ)؟[٢٧٧]: ئەدی چی ڕێی لێ گرتیت بۆم ڕاست نەکەیتەوە؟

بەڵام ئەگەر ئیمامەکە بە هەڵەکەیدا دێتەوەو دەیەوێت بیری بکەوێتەوەو ڕاست بیخوێنێت، دەبێ بواری بۆ بکرێتەوەو ئەوەندەی بۆ نەووترێتەوە ئەوەی خۆشی لێ تێکچێتەوە..

<u>٢- زۆر دووپات کردنەوەی ئایەتێك لە نوێژی سوننەتدا:</u> سەیدنا ئەبوزەڕی غیففاری خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خواصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تا سپێدەی بەیانی هەرئەم ئایەتەی بەردەوام دووپات دەکردەوە: (إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ)المائدة/١١٨ واتە: ئەگەر سزایان دەدەیت، خۆ هەر بەندەی خۆتن، ئەگەر

---

[٢٧٧] ئەبوداوود (٨٩٤)، ئیبنوحیببان (٣١٦/١) بسند جید.. ئیمامی ئەحمەد فەرمووشیەتی سەحیحە..

لێشیان خۆش دەبیت ئەوە خۆت خاوەن دەسەڵاتیت و هەر خۆتیت کە هەموو کارێك لە شوێنی خۆیدا دەکەیت..[٢٧٨]

دیارە ئەمە لە شەونوێژیدا بووە نەك لە نوێژی فەرزدا. چونکە لە هیچ یاوەرێکەوە باس لەوە نەکراوە لە نوێژی فەرزیدا ئایەتێکی بەردەوام دووپات کردبێتەوە.. ڕەفتاری یاوەرانی تریش وابووە ..

٣- گریان و نوزەو ناڵین: گریان و نوزەو ناڵین لە نوێژدا جائیزن.. جا لەبەر دینداریی و تەقواو لە خواترسان بێت یان لەبەرژان و ناسۆری بەڵاو موسیبەتێك کە بەسەر نوێژخوێنەکەدا هاتووە.. سەیدنا عبداللەی کوڕی شەخیر خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێ: هاتمە خزمەت پێغەمبەری خواصَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ نوێژی دەکرد، دەنگێك لە سینەیەوە دەهات دەتووت قوڵپەقوڵپی مەنجەڵی سەرئاگرە[٢٧٩] ..

٤- فوو کردن: بۆ لابردنی شتێك کە بە فووکردن دەڕوات، وەکو تۆزو خۆڵ و پەڕو موو ئەوانە.. سەیدنا ئیبنوعومەری خوا لێیان ڕازی بێت دەفەرموێ:لە سەردەمانی پێغەمبەری خوادا صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ خۆر گیرا، پێغەمبەری خواصَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ لە کۆتا سوجدەی نوێژەکەیدا فووی کردو فەرمووی: (أُفُ أُفُ) واتە: فوو فوو.. پاشان لە پاڕانەوەکەیدا فەرمووی: (رَبِّ أَلَمْ تَعِدنْي أَلَّا تُعَذِّبْهُمْ وَأَنَا فِيهِمْ؟ أَلَمْ تَعِدْنِي أَلَّا تُعَذِّبْهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرونَ)؟.[٢٨٠] واتە: خوایە! مەگەر جەنابت بەڵێنی ئەوەت نەداومەتێ کە تا لە ناویاندا بمێنم سزایان نادەیت؟ خوایە! مەگەر جەنابت بەڵێنی ئەوەت نەداومەتێ کە تا داوای لێبوردن بکەن سزایان نادەیت؟!

[٢٧٨] نەسائی (١٠١٠)، ئیمامی ئەحمەد(٢٠٨٣١) .

[٢٧٩] نەسائی (١٢١٤)، ئەبوداوود (٣٢٨/١)، ئیمامی ئەحمەد(٢٥/٤) دەشفەرموێ سەحیحە.

[٢٨٠] ئەبوداوود (١١٩٤)، نەسائی (١٣٧/٣)، ئیمامی ئەحمەد(١٥٩/٢) ، فەرموویەتی پیاوانی سەنەدەکەی جێ متمانەن..

٥- کۆکین و ئحم کردنی پێویست: ئەمەش جائیزە. ئیمامی ئیبنوتەیمییە رەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێ: کۆکین و ئحم کردن ووشەو قسە نین تا بکەونە بەر ئەو نەهیەوە کە پێغەمبەری خواصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (إِنَّهُ لَا يُصْلِحُ فِيهَا شَئٌ مِنْ كَلامِ النَّاسِ)[٢٨١] واتە: نوێژ نابێت هیچ قسەیەکی خەڵکی بکەوێتە ناو..بەڵکو لە حوکمی ئاماژەکردندان[٢٨٢]..

٦- هەر کەس لە نوێژدا پژمی بۆی هەیە بڵێ: الحمد لله: هەر کەس لە نوێژدا پژمی بۆی هەیە بڵێ: الحمدلله.. سەیدنا روفاعەی کوڕی مالیك خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: لە دوای پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نوێژم دەکرد، پژمیم، ووتم: (الْحَمْدُ للهِ حَمْدَاً كَثِيرَاً طَيِّبَاً فِيهِ مُبَارَكَاً عَلَيهِ كَمَا يُحِبُّ رَبُّنَا وَ يَرْضَى) کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە نوێژ تەواو بوو پرسی: (مَنْ الْمُتَكَلِّمُ فِي الصَّلاةِ)؟ ئەوە کێ بوو لە نوێژەکەدا قسەی کرد؟ روفاعە دەفەرموێ: ووتم: من ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ئینجا فەرمووی: سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە سیوقسوور فریشتە کێبڕکێیان بوو کامیان زووتر بەرەو ئاسمان بەرزی کاتەوە.. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەر کەسێك لە نوێژدا پژمی بۆی هەیە بڵێ الحمد لله .. بەڵام کەس بۆی نیە لە نوێژدا بێت و پێی بڵێتەوە یرحمك الله ..

٨- ووتنی الحمدلله بۆ بیستنی هەواڵێکی خۆش: سەیدنا سەهلی کوڕی سەعد خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خواصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەشریفی برد بۆ لای تیرەی بەنی عەمری کوڕی عەوف تا ڕێکیان خاتەوە، کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گەیشتە شوێنەکە، سەیدنا ئەبوبەکری سددیق نوێژی بۆ دەکردن، کە هەستی کرد پێغەمبەری خواصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەشریفی هێناوە، وویستی پێشنوێژیەکە واز لێ بهێنێت و بێتەوە دواوە بۆ ریزی مەئموومەکان، بەڵام پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئاماژەی بۆ کرد

---

[٢٨١] موسلیم (٣٣/٥٣٧) .

[٢٨٢] مجموع الفتاوی (٦١٧/٢٢).

کە لە شوێنی خۆت بمێنەرەوە، ئەبوبەکر هەرلە نوێژەکەدا دەستی بەرز کردەوەو سوپاسی خوای لەسەرئەوە کرد کە پێغەمبەری خواصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی مانەوەی پێکرد تا لە دوایەوە نوێژبکات[٢٨٣] !!

ئا ئەوەیە رێزلێنان.. خوا بە کوێرایی چاوی شیعە بمانکاتە خزمەتکاری سەیدنا ئەبوبەکرو یاوەرانی تر..

<u>٩- پرسیار کردن لە نوێژخوێن بۆ پێویستی:</u> ئەمەش جائیزە خاتوو ئەسمائی کچی سەیدنا ئەبوبەکری سددیق خوا لێیان رازی بێت دەفەرموێت: (أَتَيْتُ عَائِشَةَ حِينَ خَسَفَتْ الشَّمْسُ وَالنَّاسُ قِيَامٌ وَهِيَ قَائِمَةٌ تُصَلِّي فَقُلْتُ مَا لِلنَّاسِ فَأَشَارَتْ بِيَدِهَا نَحْوَ السَّمَاءِ فَقَالَتْ سُبْحَانَ اللَّهِ) [٢٨٤]. کە خۆر گیرابوو هاتمە خزمەت عائیشەخان،دیتم پیاوان نوێژ دەکەن و ئەویش لە نوێژدایە لێم پرسی: ئەوە پیاوان چییانە؟ پەنجەی بۆ ئاسمان راکێشاو فەرمووی: سبحان‌الله.

* * *

[٢٨٣] بوخاری (٦٨٤)، موسلیم (٤٣١).

[٢٨٤] بوخاری (٢٤).

دووەم: کرداری رێدراو

(الافعال المباحة)

١- هەڵگرتنی زارۆك: چونکە سەیدنا ئەبوقەتادە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە نوێژیشدا بوو ئومامەی کچی زەینەبی کچی (کچەزای خۆی) بە باوەشەوە بوو، کە دەچووە سوجدە لەسەر زەوی دایدەناو کە هەڵدەستایەوە دەیکردەوە باوەش ..

٢- رۆیشتنێکی کەم لەبەر زەرورەت: عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: جارێکیان هاتمەوەماڵەوە، دەرگای دەرێ لە ناوەوە داخرابوو، نەمتوانی بیکەمەوە، پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، لە نوێژدا بوو، بێ ئەوەی نوێژەکەی ببڕێت بەدەم نوێژکردنەکەوە تەشریفی هێناو لێی کردمەوەو گەڕایەوە شوێنی خۆی، نوێژەکەی تەواو کرد، ئەوەشی فەرموو کە ئاڕاستەی دەرگاکە رووەو قیبلە بوو ..

٣- بزاوتێکی کەم بۆ زەرورەت: ئەزرەقی کوڕی قەیس دەفەرموێ: لە ئەهواز بووین لە جەنگی خەواریجەکاندا، لەو کاتەی لە کەناری روبارێك دانیشتبووم، کابرایەك (ئەبو بەرەزەی ئەسلەمی بووە) نوێژی دەکردو جڵەوی ئەسپەکەشی بە دەستەوە بوو، ئەسپەکە هەوڵی دەدا خۆی راپسکێنێت، هەر بەملاولایدا دەهێناو دەبرد، کابراش بە دەم بزاوتی ئەوەوە دەجوڵاو نوێژەکەشی نەدەبڕی.. دوایی فەرمووی: شەش یان حەوت یان هەشت غەزام لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کردووەو ئەو ئاسانکاریەم لێ بینیووە..

شەرعناسان فەرموویانە بزاوتن بۆ رزگارکردنی نقووم بووی ناو ئاوو کوژاندنەوەی ئاگرو دەستگرتنی کوێرو پەك کەوتەو قوتار کردنی زارۆك و ئەوانە هەمووی جائیزە بێ ئەوەی نوێژەکەی ببڕێت..

٤- راکێشان و پاڵنان بەو کەسەوە کە دێتە بەر نوێژەکەی: سەیدنا ئیبنوعومەر خوا لێیان رازی بێت گێڕاوێتیەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: نوێژ بەرەو سوترە نەبێت مەیکە، نەشهێڵیت کەس بەبەر نوێژەکەتدا بڕوات، ئەگەر هەرگوێی نەدایەو رۆیشت، پاڵی پێوەنێ، ئەوە هاوڕێی پاڵنەری) خراپی لەگەڵدایە.. لە ریوایەتەکانی تردا دەفەرموێ ئەوە شەیتانی لەگەڵدایە[٢٨٥]..

٥- کوشتنی مارو دووپشك: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (اقْتُلُوا الأَسْوَدَينِ فِي الصَّلاةِ: الْحَيَّةُ والْعَقْرَبُ).[٢٨٦] واتە: لە نوێژیشدا بن ئەو دوو رەشتاڵانە بکوژن: مارو دووپشك .. یاوەر هەبووە لە ناو نوێژەکەیدا دووپشکی کوشتووەو نوێژەکەشی نەبڕیووە !

٦- ئاماژەی حاڵی کردن بە چاو، بە دەست: عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: جارێکیان پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نوێژی دەکردو منیش لەبەر نوێژەکەیدا راکشابووم، کە وویستی سوجدە ببات بە چاو ئاماژەی بۆ کردم، منیش قاچم هەڵکێشا، کە هەستایەوە قاچم درێژکردەوە..[٢٨٧]

٧- پێڵاو لە پێ کردنەوە: لای زۆر کەس سەیرە کە ئەمە ببێتە باسێکی ناو نوێژ، چونکە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا کەس بە پێڵاوەوە نوێژ ناکات، بە تایبەتی نەعل! بەڵام ئەمە باسی شەرعەو ئەم رەفتارە لای تۆ لەم زەمانەدا نابینرێت مەرج نیە بۆ هەتا هەتایی وا بێت، خۆمان ناچاربووین لە پێشمەرگایەتیدا بە پێڵاوەوە نوێژ بکەین.. دەشێت ئاسانکاریی شەرع نیشان کاروانچی و گەشتیارو کرێکارو سایەق و دەیان پیشەوانی تر بدرێت، تا ئەوانیش بزانن کە شەرع ئاسانەو ئەوانیش دەتوانن بە پێڵاوەوە نوێژ بکەن، کە زانییان پیسایی پێوەیە دەبێت دەسبەجێ لە پێی خۆیانی بکەنەوەو نوێژەکەش بێ خەم تەواو کەن ..

[٢٨٥] موسلیم (٥٠٦) و سەحیحی ئیبنوخوزەیمە ژمارە (٧٩٣) .
[٢٨٦] ئەبوداوود (٩٢١)، ترمزی (٣٩٠) ، نەسائی (١٠/٣)، ئیبنوماجە (١٢٤٥).
[٢٨٧] بوخاری (١٢٠٩)، موسلیم (٥١٢).

٨- تف کردنە ناو دەسڕ: ئەگەر بە هۆی گریان یان نەخۆشی لە نوێژدا بەڵغەم کەوتە ناو دەمەوە، نابێت قووت بدرێتەوە بەڵکو دەکرێت بکرێتە دەسڕێکەوە، ئەگەر دەست کەوت، ئەگەر نا لکی پۆشاکێکی، هەروەها چڵم و ئاوی لووت کە بە هۆی گریان یان نەخۆشی و پیرییەوە یان هەرهۆیەکی تر دێنە خوارەوە.. ئەگەرهەرنەبوو دەتوانێت بە دەست لە دەم و لووتی خۆی بکاتەوەو فڕێی داتە لای چەپی خۆی یان ژێر پێی خۆی، نەك پێش یان لای راستی خۆی، چونکە نەهی لێکراوە..

٩- پۆشاك رێك کردنەوەو خۆ خوراندن: ئیبنو عەبباسیش خوا لێی رازی بێت دەیفەرموو: پیاو (مەبەستی نوێژخوێنە) لە ناو نوێژدا چەند بیەوێت دەتوانێت ئەندامانی لەشی بۆ بزوێنێت[٢٨٨]..

١٠- سوبحان الله وتنی پیاوان و چەپڵە لێدانی ژنان بۆ راست کردنەوەی هەڵەی ئیمام: ئەگەرپێشنوێژ هەڵەیەکی کرد پێویستی بە راستکردنەوە هەبوو مەئموومەکانی بۆی راست دەکەنەوە، بۆ نموونە ئیمام دەیەوێت هەستێتەوە بۆ رکاتی پێنجەم، پیاوەکان لە دواوە دەڵێن: سبحان الله، ئەگەر مەئمووکان ژن بوون . با ژن و کچی خۆشی بن . لەپی دەست بە لەپی دەست، یان دەست بە پشتەدەستی خۆیاندا دەکێشن[٢٨٩]

١١- لاکردنەوە بەلای راست و چەپ بۆ زەروورەت: ئەوی لە نوێژدایە ئەگەر زەروورەتێکی هاتە پێش پێویست کات بە لای راستیدا یان بە لای چەپیدا لا کاتەوە، بۆی هەیە.. وەك ئەوەی شتێك لە مەئموومەکانی بگەێنێت، عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەستی بە نەخۆشی کرد، خەڵکیش بۆ دیدەنی هاتنە خزمەتی، کە نوێژی بە دانیشتنانەوە کرد خەڵکەکە بە پێوە لە دوایەوە نوێژیان کرد، لە نوێژەکەدا لای کرد بە لایانەوەو ئاماژەی بۆ کردن کە ئێوەش دانیشن، کە لە نوێژ تەواو

[٢٨٨] بوخاری بە مەعەللەقی و لەگەڵ تەئکید کردنەوەی (٥٨/٢) .

[٢٨٩] ابن الاثير: النهاية (٣٤/٣) .

بوو فەرمووی: ئیمام بۆیە دانراوە تا ئیقتیدای پێ بکرێت، کە چووە رکوع ئێوەش بچنە رکوع، کە هەستایەوە ئێوەش هەستنەوە، کە نوێژی بە دانیشتنانەوە کرد ئێوەش نوێژ بە دانیشتنانەوە بکەن..

<u>١٢- ئاماژە کردن بە دەست یان بە سەر:</u> سەیدنا جابر خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خواصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ بەنیلموستەلیق دەچوو، ناردمی بۆ کارێك، کە گەڕامەوە خزمەتی دیتم لەسەر حوشترەکەیەتی، بۆم باس کرد کە چیم کرد، ئاماژەی بە دەست ئاوا بۆکردم، دواترهەرقسەم کرد، ئەمجارەش بە دەست ئاماژەی بۆکردم.

<u>١٣- وەڵامدانەوەی سڵاو بە ئاماژە کردن:</u> سەیدنا ئیبنوعومەری خوا لێیان رازی بێت فەرمووی: پێغەمبەری خواصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەشریفی برد بۆ قیباء، لەوێ نوێژی دابەست، ئەنساریەکان هاتن و سڵاویان لێکرد، بە بیلالم ووت: ئەرێ کە سەلامیان لێ دەکردو ئەویش لە نوێژدا بوو چۆن وەڵامی دەدانەوە؟ فەرمووی: ئاوا (دەستی راستی لەسەرمەچەکی چەپی بەرز کردەوە، لەپی دەستی رووی لە زەوی کردو پشتە دەستیشی روو لە ئاسمان)[٢٩٠]..

<u>١٤- سەربەرز کردنەوە لە سوجدە لەبەردواکەوتنی ئیمام بۆ دڵنیابوون لە بارودۆخەکە:</u> ئەسڵ ئەوەیە مەئمووم بە هیچ شێوەیەك پێچەوانەی ئیمامەکەی ناکات، پێش ئەو سەر لە سوجدە بەرز ناکاتەوە، بەڵام ئەگەر نە تەکبیری سەر بەرز کردنەوەی سوجدەی ئیمامەکەی گوێی لێبوو نە هەستی بە بەرز بوونەوەی کرد، بۆی هەیە سەربەرز کاتەوە تا دڵنیابێت لە بارودۆخەکە، نەبادا ئەو تەکبیری کردبێت و ئەم گوێی لێ نەبووبێت، یان ئەو شتێکی لێ قەوما بێت..

<u>١٥- قورئان بە دەستەوەگرتن لە نوێژدا:</u> ئەگەر کەسێك کە قورئانی زۆر لەبەر نیەو وویستی نوێژەکەی درێژکاتەوە، وەك ئەوانەی شەونوێژ دەکەن، بۆی هەیە قورئان یان

---

[٢٩٠] ئەبوداوود (٩١٥) كمال ابن السيد سالم: صحيح فقه السنة ٣٥١/١.

ئامێرێکی ئەلیکترۆنی بە دەستەوە بگرێت و لەوێدا بیخوێنێت، ئەم رەفتارە ئێستا لە زۆر وولاتانی جیهاندا تەنانەت لە حەرەمی کەعبەش بووە بە باوێکی قبوولبوو.. بەڵگەی ئەمەش رەفتارەکەی خاتوو عائیشەیە کە قورئانیشی لەبەر بوو، بەڵام لە رەمەزاناندا لە موسحەفدا قورئانی دەخوێند..[٢٩١]

* * *

ئەو رەفتارانەی لە نوێژدا رێ نەدراون بکرێن

ئەمانە ئەو رەفتارانەن کە دەقێك لەسەر حەرام کردن یان بەرهەڵستی کردنی لە نوێژدا هەیە، بەڵام ئەنجامدانیان لە نوێژدا نوێژەکە بەتاڵ ناکەنەوە، بەڵکو لە پاداشتەکەی کەم دەبێتەوە. لەوانە :

١- دانانی دەستەکان لە کەللەکەی (بەرپەراسووەکان: لە لاقەپرغە): ئەمە جائیز نیە:

- سەیدنا ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێت: (نَهى عَنْ الْخَصْرِ فِي الصَّلاةِ)[٢٩٢] پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەهی کردووە لەوەی کەسێك دەستەکانی بخاتە کەللەکەی .

٢- چاوهەڵبڕین بەرەو ئاسمان: جائیز نیە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (لَيَنْتَهِيَنَّ أَقْوَامٌ يَرْفَعُونَ أَبْصَارَهُمْ إِلَى السَّمَاءِ فِي الصَّلَاةِ أَوْ لَتُخْطَفَنَّ

---

[٢٩١] عبدالرزاق: المصنف (٢/٢٤٠)، ابن ابي داود: المصاحف (ل ١٩٢) .
[٢٩٢] بوخاری (١٢٢٠) ، موسلیم (٥٤٥) .

أَبْصَارُهُمْ)[٢٩٣] با ئەوکەسانەی چاویان لە نوێژدا بۆ ئاسمان هەڵدەبڕن، وازی لێ بهێنن یان ئەوەتا خوا نووری چاویان دەبات ..

<u>٣- چاوبڕینە شتێك كە مەشغوولی دەكات:</u> وەك ئەوەی چاو دەبڕێتە شێوەی چنینی بەرماڵ و رایەخەكەی ژێری، یان مەشغووڵ دەبێت بە تەماشای زەخرەفەی دارو دیواری پێشی، یان بە شێوەی دووریی پۆشاكەكەیەوە یان بە دەیان شتی تر كە شەیتان پێوەی مەشغووڵ دەكات.. عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (اذْهَبُوا بِخَمِيصَتِي هَذِهِ إِلَى أَبِي جَهْمٍ، فَإِنَّهَا أَلْهَتْنِي آنِفًا عَنْ صَلاَتِي، وَائْتُونِي بِأَنْبِجَانِيَّة)[٢٩٤] واتە: ئەم خەمیسەم ببەن بۆ ئەبوجەهم، چونكە نەخشەی درومانەكانی لە نوێژەكەمدا مەشغوولی كردم، ئەنبیجانیەكەم بۆ بهێنن ..

<u>٤- لا كردنەوە بەملاولادا:</u> جائیز نیە، عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: دەربارەی ئەملاولا كردنی نوێژم لە پێغەمبەری خواصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسی، فەرمووی: (هُو اخْتِلاسٌ يَخْتَلِسُهُ الشَّيطانُ مِنْ صَلاةِ الْعَبْدِ)[٢٩٥] واتە: ئەوە ناخونەكە، شەیتان لە نوێژی بەندەی دەدات..

<u>٥- تێكهەڵكێشانی پەنجەكان:</u> واتە تێكپەڕاندنی پەنجەی پەنجەی هەر دەستێك لە نێوان پەنجەی دەستەكەی تردا. ئەمە لە نوێژدا جائیز نیە. ناشێت نوێژخوێن لە جیاتی ئەوەی دەستی راستی لەسەر مەچەكی چەپی و هەردووكیان لەسەر سینەی دابنێت، پەنجەی دەستەكانی لە یەكتر بپەڕێنێت و وا نوێژەكەی بكات!!

<u>٦- پەنجە تەقاندن:</u> ئەگەر كەم بوو مەكرووهە، چونكە مەشغووڵ بوونێك دێنێتە پێش، ئەگەرزۆریش بوو حەرام دەبێت، چونكە دەبێتە یاریكردن ..

---

[٢٩٣] موسلیم (٤٢٩)، نەسائی (٣٩/٣).

[٢٩٤] بوخاری (٤٢٩) ، موسلیم (٣٩/٣) .

[٢٩٥] بوخاری (٧٥١)، ئەبوداوود (٨٩٧) ، نەسائي (٨/٣).

٧- نوێژ بە بەتانی و لێفەوە یان بە پۆشاکێکەوە کە بەسەر شاندا دراوە: نوێژ کردن بە لەخۆ پێچانی بەتانی و لێفەو شتی وا بە شێوەیەك کە دەستەکان لە ناوەوە بن جائیز نیە.. ئەگەر لە دەرەوە بوون جائیزە.. هەروەها نوێژ بە پۆشاکێکەوە کە قۆڵەکەی تێهەڵنەکێشرا بێت، وەکو پاڵتۆو عەباو شتی وا، ئەمە بە عەرەبی پێی دەوترێت (السدل)، ئەمە جائیز نیە. سەیدنا ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەهی کردووە لە سەدل لە نوێژدا[٢٩٦] ..

٨- باوێشکدان: باوێشکدان لە نوێژدا خۆی لە خۆیدا جائیزە، بەڵام نابێت بواریشی ئەوەندە بۆ بکاتەوە خەڵکانی تریش بهێنێتە باوێشکدان!! دەبێت نەهێڵێت زۆر باوێشك بدات، بەوەی خۆی زیاتر بە هۆش بهێنێتەوەو خەیاڵ بخاتەوە سەر نوێژەکەی و دەست بە دەمیەوە بگرێت ..

٩- تف رۆکردن رووەو قیبلەو لای راست: سەیدنا جابری کوڕی عبداللە خوا لێیان رازی بێت گێڕایەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (هەر کەسێکتان هەستا بۆ نوێژ با بزانێت کە لەگەڵ خوای پەروەردگاری خۆی دەدوێت، یان خوای گەورە وا لە نێوان ئەوو قیبلەکەیدا، نەکات تف بەرەو قیبلەکەی بکات، با بیکاتە لای چەپی خۆی یان ژێر پێی.. پاشان سەیدنا جابر خوا لێی رازی بێت لکی پۆشاکەکەی گرت و تفێکی تێکردو پێچایەوەو فەرمووی: ئاوا)[٢٩٧] ..

١٠- چاونوقاندن: ناشێت لە نوێژدا بە نیەتی لە خوا نزیکبوونەوەی زیاترو ملکەچی زیاتر چاو بنوقێنێت، چونکە وەکو ئیمامی ئیبنولقەییمی رەحمەتی دەفەرموێ[٢٩٨]: ئەوە حەرامە، چونکە بیدعەیەو پێچەوانەی رەفتاری پێشەوای خۆشەویستە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ .

---

[٢٩٦] ئەبوداوود (٢٦٩)، ترمزي (٣٧٦)ئەحمەد(٢٩٥/٢). ئەلبانی لە (صحیح الجامع ٦٨٨٣).
[٢٩٧] موسلیم (٣٠٠٨)، ئەبوداوود (٤٧٧) .
[٢٩٨] ابن القیم: زاد المعاد (٢٩٤/١).

١١- خۆلێك كێشانەوە: خۆ لێككێشانەوە بۆ ساتێكی كەم جائیزە، بەڵام كە زیاتر بوو، سیماو رەونەق و ملكەچی نوێژەكە دەشێوێنێت..

١٢- قورئان خوێندن لە ركوع و سوجدەدا: ناشێت لە ركوعدا یان لە سوجدەدا قورئان بخوێندرێت، چونكە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (أَلَا وَإِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَقْرَأَ الْقُرْآنَ رَاكِعًا أَوْ سَاجِدًا أَمَّا الرُّكُوعُ فَعَظِّمُوا فِيهِ الرَّبَّ وَأَمَّا السُّجُودُ فَاجْتَهِدُوا فِي الدُّعَاءِ فَقَمِنٌ أَنْ يُسْتَجَابَ لَكُمْ)[٢٩٩] واتە: من رێی ئەوەم لێگیراوە كە قورئان لە كاتی ركووع و سوجدەبردنمدا بخوێنم، بۆیە ئێوە لە ركووعدا خوا بە مەزن بگرن و لە سوجدەكانیشتاندا دوعای زۆری تێدا بكەن، ئومێد زۆرە كە دوعاكانتان گیراببێت..

١٣- ئانیشك دانانە سەر زەوی لە كاتی سوجدەبردندا: ناشێت چونكە پێغەمبەری خواصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەهی لێكردووە: (لا يَبْسُطُ أَحَدُكُمْ ذِرَاعَيهِ انْبِسَاطَ الْكَلْب)[٣٠٠] واتە: كەستان (لە نوێژدا) ئانیشكەكانی لەسەرزەوی رانەخات وەكو كە سەگ رایدەخات..

١٤- قۆڵ هەڵكردن و پۆشاك كۆكردنەوە: چونكە عەرەبەكان دشداشەو عەباو پۆشاكی تری درێژو ئاودامانیان لەبەردەكرد، زۆرجار بۆ كاری پێویست دەبوو هەڵیكەن، یان بۆ خۆ گورج كردنەوە دەبوو پۆشاكەكانیان كۆكەنەوەو بیخەنە نێوان رانیان یان بندەستیان، زۆریان بۆ ئەوەی خۆڵاوی نەبن لە قولوقاچیانەوە بەرەو ئەژنۆیان هەڵیان دەكرد.. یان ئەوانەیان كە قژیان درێژ دەكردەوە، بۆ ئەوەی لە نوێژكردندا خۆڵاوی نەبن جلوبەرگەكەیان كۆدەكردەوەو قژیان دەبەست.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رێی ئەوەی لێگرتن ..

[٢٩٩] موسلیم (٧٣٨)،نەسائی (١٠٣٥)، ئەبوداوود (٧٤٢)،ئیبنوماجە (٣٨٨٩)،داریمي (١٣٩١).

[٣٠٠] بوخاری (٢٤٠/٢) ، موسلیم (٥٣/٢) ، ئەبوداوود (١٤٣/١) ، ترمزي (٦٦/٢) ، نەسائی (١٦٧/١) .

* قژ درێژکردنەوە: قژ درێژکردنەوە هەر بۆ ژنان نیە! سوونەتە پیاویش چەند بیەوێت قژی درێژ بکاتەوەو لە دواوە بە کڵافەو لاستیك بیبەستێت، ئەوەندە هەیە کە دەبێ لە کاتی نوێژدا بیکاتەوە.. چونکە ئیبنومەسعوودو ئەبوهورەیرە خوا لێیان رازی بێت دەیانفەرموو: مووەکانی قژیش سوجدە دەبەن [٣٠١].

١٥- هەڵتووتان: هەڵتووتان غەیری هەڵتروشکانە، هەڵتروشکان خۆ کوشمەڵە کردن و دانیشتنە لەسەرپێیەکان بە شێوەیەك کە سمت بە بەلەکەوە بنوسێت. بەڵام هەڵتووتان وەکو دانیشتنی سەگە.. کابرا سمتی دەخاتە سەر زەوی، رانەکانی هەڵناوەو پاژنە پێیەکانی لە پێش خۆیەوە لەسەرزەوین.

١٦- ئیعتیماد کردنە سەر دەستی چەپ لە چوونە سوجدەو دانیشتندا: سەیدنا ئیبنوعومەر خوا لێیان رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەهی کردووە کە کابرا بۆ دانیشتنی نوێژ ئیعتیماد بکاتە سەر دەستی چەپی.. بە داخەوە ئەمە لە کوردەواریدا زۆر باوە، هەزاران کەس دەبینیت لە هەستان و دانیشتنی نوێژەکاندا لەسەر دەستی چەپ دادەنیشن و هەڵدەستنەوە!

١٧- سوجدەبردنی نەخۆش لەسەر شتێکی بەرز: هەندێك کەسی نەخۆش کە هەوڵ دەدات لە نوێژکردنیدا سەری بگەیێنێتە سەر زەویەکەو ناتوانێت، سەرینێك یان شتێکی بەرز دادەنێت تا ناوچەوانی بکاتە سەر! ئەمە چ پێویست دەکات کە نەخۆش و ناتوانا عوزریان هەیەو هەرچۆنێك توانیان سوجدە ببەن قبووڵە ..

١٨- زۆر خەریکبوون بە لابردنی زیخ و چەوو بەردی شوێن نوێژەکەی: دەشێت کابرا پێش نوێژ کردن، شوێنی نوێژەکەی رێك خات، یان زیخ و چەوو بەرد لاببات، یان درك و گیای شوێنەکە بڕنێتەوە.. ئەگەر لە کاتی نوێژەکەشدا پێویستی بە رێکخستنەوەی تر هەبوو وەکو

---

[٣٠١] فتح الباري (٨١٥).

دەرهێنانی بەردێك یان دڕكێك لە بن لاقی یان ئاستی دەموچاوی، بۆی هەیە لایدات، بەڵام بۆی نیە هەرپێوەی مەشغووڵ بێت.

١٩- <u>پێشكەوتنی ئیمام:</u> ناشێت لە هیچ بزاوت و سرەوتێكدا مەئمووم پێش ئیمامەكەی بكەوێت، ئەمە خەتەرە.. هەندێك لە شەرعناسانی وەكو ئیمامی ئیبنوحەجەری هەیتەمی لە كتێبی (الزواجرعن اقتراف الكبائر)ە كەی خۆیدا بە گوناحی گەورەی هەژمارد كردووە! چونكە هەڕەشەی سەختی پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەسەرە..

٢٠- <u>نوێژ لە كاتی ئامادەبوونی خواردن یان كاتی تەنگەتاویی:</u> كە خورادنێكی خۆش دانراوەو كاتەكەش كاتی نوێژە، دەشێت نوێژەكە مادام كاتی ماوە، دواخرێت، چونكە نوێژكردن نە لە كاتی ئامادەبوونی خواردندا دەكرێت، نە لەو كاتانەدا كە كەسێك تەنگەتاوەو پێویستی بە چوونە سەرئاوە (چوونە ئاودەست) ..

* * *

ئەو ڕەفتارانەی نوێژبەتاڵ دەکەنەوە

(مبطلات الصلاة)

١- دڵنیا بوون لە نەمانی دەسنوێژ:کابرایەك کە گومانی لە نەمانی دەسنوێژی خۆی دەکرد، سکاڵای هێنایە لای پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و بۆیان پرسی کە چی بکات؟ فەرمووی: (لا يَنْفَتِلُ حَتَّى يَسْمَعَ صَوتاً أو يَجِدَ رِيحَاً) بوخاری (١٣٧)، موسلیم (٣٦١). واتە: نوێژەکەی واز لێ نەهێنێت تا گوێی لە دەنگێك دەبێت یان بۆنێك دەکات.. یەعنی بایەکی دەنگداری لێ دەبێتەوە کە خۆی هەستی پێ دەکات، یان بۆنی بای بێ دەنگی خۆی بەسەردا دێتەوە.

٢- وازهێنان لە یەکێك لە مەرجەکان یان لە روکنەکانی نوێژ بە بێ عوزری شەرعی.

٣- خواردن یان خواردنەوە بە ئەنقەست.

٤- قسەکردن بە ئەنقەست کە لە بەرژەوەندی نوێژەکە نەبێت:

سەیدنا ئەنەس خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێ: سەرەتا کە نوێژمان دەکرد، قسەمان لە ناو نوێژەکەدا لەگەڵ ئەوانەی تەنیشتمان دەکرد، تا ئەو ساتەی فەرمایشتی خوا هاتە خوارەوە کە دەفەرموێ: (وَقُومُواْ لِلَّهِ قَانِتِينَ)البقرة/٢١٣ واتە: ملکەچانە لەبەرخاتری خوا بۆ نوێژەکان هەستن.. ئەوەش فەرمانی بێدەنگبوون بوو کە نەدەبوو ئیتر قسەی تێدا بکەین.

٥- پێکەنینێکی وا کە دەنگ دروست کات:

نوێژ بە پێکەنین بەتاڵ دەبێتەوە، چونکە سوکایەتی کردنە بە نوێژ.. ئەگەر نوێژ بە قسەکردنی ئاسایی بەتاڵ بێتەوە، حەتمەن بە پێکەنین بەتاڵ دەبێتەوە چونکە پێکەنین بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ خواپەرستیدا ناسازێت ..

قنووت لە نوێژی فەرزدا

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە کاتی ڕوودانی پێشهاتە سەختەکاندا (کە پێی دەوترێت نازیلە) قنووتی خوێندووە.. بۆیە دەبینین پێشەوایەکی وەکو سەیدنا عومەری کوڕی خەتتابیش خوا لێی ڕازی بێت لەو کاتانەدا قنووتی ئاوا خوێندووە: (..وَانْصُرْهُمْ عَلَى عَدُوِّكَ وَعَدُوِّهِمْ، اللَّهُمَّ الْعَنْ كَفَرَةَ أَهْلِ الكِتابِ... اللَّهُمَّ خَالِفْ بَينَ كَلِمَتِهِمْ، وَزَلْزِلْ أَقْدَامَهُمْ، ,أَنْزِلْ بِهِمْ بَأسَكَ الَّذي لا تَرُدُّهُ عَن الْقَومِ المُجْرِمِينَ).[٣٠٢]

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قنووتی لە نوێژی بەیانی و غەیری بەیانیدا خوێندووە،

<u>شوێنی قنووت خوێندن:</u> پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە دوای هەستانەوەی لە ڕکوعی ڕکاتی دووەمی نوێژی بەیانی قنووتی خوێندووە..

<u>قنووت لە پێنج نوێژەکەدا:</u> کاتی هاتنی بەڵاو موسیبەت بەسەر موسوڵماناندا سووننەتە دوعای قنووت لە هەرپێنج نوێژەکاندا بخوێندرێت.

<u>ئادابی قنووت خوێندن:</u> ئیمام دوعاکان بە دەنگی بەرز دەخوێنێت، مەئموومەکان بە ووتنی ئامین وەڵامی دوعای ئیمامەکە دەدەنەوە، ئیمام و مەئموومەکان لە کاتی خوێندنی قنووتدا دەستیان وەکو شێوەی دوعاکردن و پاڕانەوە بەرەو ئاسمان بەرز دەکەنەوە..

هەندێك باسی ترهەیە لەسەرقنووت لەگەڵ باسی وتردا دێت ان شاء الله..

---

[٣٠٢] ابن القيم: كتاب الصلاة (ل ١٢٠).